# راگەیاندن

## لە نێوان حەقیقەت بێژی
## و عەوام خەڵەتێنی دا

حەمە کەریم عارف

* راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا
* نووسینی : حەمە کەریم عارف
* تایپ: رزگار حەساری
* هەڵەچن :سەرگوڵ محەمەد ئەمین
* نەخشەسازی:
*چاپی یەکەم ٢٠٠5
*چاپی دووەم: ٢٠٠٩

# ناوەرۆك

١- وتەیەك
٢- دەسەڵاتی بێدەسەڵات
٣- تاراوگەی قەڵەم
٤- چەردەیەك لەمەڕ دەسەڵاتی چوارەم
٥- زمانی رۆژنامەوانی
٦- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا
٧- رۆژنامەوانی و دكتاتۆرسازی
٨- وتارو قەڵەمڕانی
٩- راگەیاندن دەبێت زامنی دیموكراتییەت بێت

## ١- وتەیەك

*که دهگوترێ دهسهڵاتی چوارهم، ههرگیز بهو مانایه نییه، که ئهم دهسهڵاته له سهرووی دهسهڵاتهکانی دیکهوهیه. بهڵام ئهم دهسهڵاته کۆمهڵێك کهناڵی شێوه جیاوازی تا رادهیهك هاو نێوهڕۆك و مهبهستن، به وردی وجدی گوێ له راوبۆچوونی جهماوهری خهڵك دهگرن. پاشان به شێوهیهکی روون و رهوان و مهفهوم و کاریگهر دایدهڕێژنهوهو دهبنه دهنگی ههموو توێژو چینه کۆمهڵایهتییهکان. ئیدی لێرهوه ئاوێتهی ههموو پهیوهندییه کۆمهڵایهتیو سیاسی و رۆشنبیری و ئابوورییهکان دهبێ و پرۆسهی کارلێکی هاوبهش له نێوانیاندا چێدهبێ... کهواته راگهیاندن دهبێ هاماج و کهش و ههواو جیهانێك بۆ خۆی دروست بکات و له قهرار و بڕیاری سیاسیدا بهشداری بکاتوڕای گشتی له چوارچێوهی بهرژهوهندی گشتیدا بکات به چهکێ دهستی خۆی بۆ گوشارکردن له دهسهڵاتهکانی دیکهو گهڕاندنهوهیان له ههر لادان و کهچڕهوییهك... کهواته راگهیاندن دهسهڵاتێکه له نێوان دهسهڵاتهکانی دیکهدا، نابێ به هیچ بیانوویهك و له سایهی هیچ گوشارێکدا دهستبهرداری ممارهسهی دهسهڵاتهکانی خۆی له چوار چێوهی یاساو بهرژهوهندی گشتیدا، ببی.[٧] دهنا پێگهی خۆی وهکو دهسهڵاتی چوارهم دهدۆڕێنێ. ههڵبهته پێویسته ئاماژه بۆ ئهوهش بکرێ که ئهم دهسهڵاتی چوارهمه نه حوکم دهکات –دیاره به مانا سیاسییهکهی حوکمڕانی– و نه حوکم دهکرێت. بهڵکو دهسهڵاتهکهی لهوهدایه که دهتوانێ بهوپهڕی ئازادی گوزارشت له رای جهماوهری خهڵك بکات، به ئهمانهتهوه رهخنه بگرێ و باوهڕی به راو رای پێچهوانه ههبێ. دیاره کهناڵهکانی راگهیاندن تا له کۆنترۆڵی دهوڵهتهوه دوور بێ. له ئازادی و دیموکراتییهتهوه نزیکتر دهبێ. ئهمهش بهو مانایه نییه که راگهیاندن بخرێته خزمهتی بهرژهوهندی تایبهتییهوهو بازرگانییهکی بازاڕی پێوه بکرێ.*

*ههڵبهته ئازادی راگهیاندن هێنده گرنگه دهکرێ بگوترێ پتر ل نیوهی دیموکراتیهتی ههر گهل و وڵاتێك دابین دهکاتو، پێوهره بۆ ههموو ئازادییهکانی دیکهو رهنگه بشێت له میانهی ئازادی راگهیاندنهوه پهی به رادهی ئازادی و دیموکراتیهتی ههر گهل و وڵاتێك ببرێ. نهبوونی راگهیاندنهوانی ئازاد بۆ گهلی بندهست هاوتای نهبوونی دهوڵهته، واته بهردهواماندنی کۆیلایهتی و بندهستی و....*

*به ههر حاڵ دیموکراتیهتی راگهیاندن پهیوهندی راستهوخۆی به دیموکراتیهتی کۆمهڵگهوه ههیه و یهکهم زهمینه بۆ دووهم خۆشدهکات.*

*کهواته راگهیاندن لهسهرێتی هاووڵاتی بکات به ئهندامێکی چالاك و چهلهنگ و کارای کۆمهڵ و تهنیا گوێگری سهلارو گوێڕایهڵی باش نهبێ، بهڵکو دیالۆگکارێکی هوشیار و*

***کارامەو لێهاتووی زۆر باش بێ و بتوانێ بە واقعبینی و دووربینییەوە شارستانیانە بەرەڤانی لە خۆی و کەرامەتی ئینسانی خۆی بکات.***
***لە کۆتایی دا هێڤیدارم ئەم هەوڵەی بەندە کەلێنێکی بچووکی لە بواری راگەیاندنەوانی کوردیدا گرتبێ.***

**حەمە کەریم عارف**

**کەرکووك**

**٢٠٠٥/٧/١٨**

## ٢-دەسەڵاتی بێدەسەڵات

ئەگەر هەندێ ورد بڕوانینە لاپەڕەکانی رۆژنامەنووسی کوردی، دەبینین باسی مەسەلەی نەتەوەیی و خەباتی ئازادی خوازی نەتەوەی کورد زۆربەی هەرە زۆری لاپەڕەکانی رۆژنامەنووسیمانی گرتووە تەوە.. دیارە ئەمە شتێکی ئاساییە، چونکە لەو سەروبەندو رۆژگارەدا کە یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە ئاوارەیی لە دایك بوو، دەیان ساڵ بوو، خەباتی رزگاری خوازی نەتەوەییمان دەستی پێکرد بوو، و لە هەڵکشان و داکشانی خۆیدا بوو... دیارە هەر سەنگەرێکی رەسەن چەند سەنگەرێکی دی بەگەڵ خۆی دەخات و هەر شاڕێگەیەك دەیان رێچکە بەگەڵ خۆی دەخات، بۆیە راستە رێی خەباتی کوردێنی، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەدا رێچکەو رێبازێکی تری خەباتی بەگەڵ خۆی خست و شێوەیەکی تری خەباتی دۆزییەوە بۆ دەربڕینی بیری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی، ئەویش رۆژنامەنوسی بوو... سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسی کوردی، خۆی لە خۆیدا جۆرە وەرچەرخانێکە لە شێوازی خەباتی رەوای ئەو گەلە، چونکە رۆژنامەنووسی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا کراوە بە سەنگەری مقاوەمەت و بەرەڤانی و دەتوانین بڵێین ئامادەبوونی (حضور) نەتەوەیی راستەقینەمان لە هەموو بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکاندا، لەوێوە گوڕێکی وەهای بەستۆتەوە کە تاکو ئێستاش نەوەستاوەتەوەو هەر بەردەوامە و ئومێدی ئەوەش دەخاتە دڵان کە بە هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانە بگەیەنرێتە ئاستی خۆزیاکانمان.

ئەوەی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا بەدی دەکرێ و مایەی سەرنجە، هەر لە کۆنەوە بیگرە تا بەمڕۆش دەگات، زمانی ئەدەبی لە نووسیندا زاڵ بووەو تەنانەت لە نووسینی سیاسیدا شێوازو زمانی ئەدەبیات زاڵبووە.

رەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەران ویستویانە بەو زمانە خێراترو زیاتر هەستی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی جۆشبدەن و هۆشیاری نەتەوەیی قوڵ بکەنەوە، بۆیە ئەم شێوازە ئەدەبییەیان بۆ ناوەڕۆکی سیاسی هەڵبژاردووە، واتە رۆژنامەنووسیی کورد، وەکو هی خەڵکانی دی تەنیا، بریتی نەبووە لە تۆمار کردنی رۆژنامەنووسانەی رۆژانەو رووداو، بەڵکو لە پاڵ ئەوەشدا بایەخی یەکجار زۆری بە زمان و ئەدەبیات، مێژوو و، کەلتوورو پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و نوکتەو شیعرو حیکایەت و بەیتی فۆلکلۆری و گوتارو باسی سیاسی و ئەو جۆرە بابەتانە داوە کە بە هەر هەموویان سەرچاوەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی هوشیاری نەتەوەیی کوردیان پێك هێناوە.. هەر ئەمەش وایکردووە ئەرکی رۆژنامەنووسیی کوردی یەکجار قورس و پیرۆز بێت، بۆیە بۆ خەڵکی کورد، رۆژنامە هەم رۆژنامەنووسی بووەو هەم سەرچاوەی رۆشنبیری (صحافة و ثقافة)و ئەمە تاکو رۆژگاری ئەمڕۆش سیمای هەرە زاڵی ئەم بوارەی چالاکی و چەلەنگی کوردەوارییە.

دیارە رۆژنامە لە هەموو رۆژگارو سەردەمێکدا دەشێت وەکو چەکێکی دوو دەم بەکار بهێنرێ و ئەمەش گەمەیەکی بێ مەترسی نییە، بە تایبەتی لە قۆناغی وەرچەرخانە مێژوویی و کۆمەڵایەتی

و رۆشنبیری و سیاسییەکاندا... رۆژنامە، ئەگەر لە پەیامی راستەقینەی خۆی لانەداو راستگۆ بێ، دەبێتە مایەی نزیك بوونەوەی خەڵکی لە یەکترو پتر لێکدی حاڵی بوونیان و ریشاژۆ کردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانییەکان..

بە هەر حاڵ رۆژنامەنووسی وای لێهاتووە بە تەواوەتی تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی بووەو دزە بۆ نهێنی ترین شوێنەکانی ناو کۆمەڵ دەکات و حەقیقەتەکان بە پوختەیی دەخاتە بەرچاوی جەماوەری خەڵك.. بۆیە رۆژنامە، ئەگەر بە شێوەیەکی هەندێ بێ لایەنانەو بە ئەمانەتەوە بێتە نووسین ئەوا دەتوانێ زندووترین سات و قۆناغی مێژوو بێ چ رتوش دەستکارییەك تۆمار بکات و ببێ بە مێژووی زندووی رۆژو ئەرکی سەرشانی ئایندەی مێژوونووسانیش هەر بە تەواوەتی سووك و ئاسان بکات، و بگرە رەوتی چەوتی دیکتاتۆران و ملهوڕان و چەواشەکارانی سەردەمی خۆیشی بگۆڕێ.

هەر ئەم رۆڵە هەرە گرنگەش کە وایکردووە هەر لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە واتا لە ساڵی (١٨٢٨)ـەوە ناوی دەسەڵاتی چوارەمی لێ بنرێ، چونکە هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە رۆژنامەنووسان کەوتنە کۆکردنەوەو هەواڵ بڵاوکردنەوە لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبار لەلایەن رژێمی حوکمی وەخت و کاربەدەستانی حکومەتانی وەختەوەو بەمەش زۆر رێی لێ بەستنەوە... دیارە بە نیسبەت کوردەوە، رۆژنامە پتر سەرچاوەی مێژوو و رۆشنبیری و ئەدەب بوونە تا دەسەڵاتی چوارەم، چونکە ئێمەی کوردی لە رۆژانی هەوەڵی پەیدا بوونی رۆژنامەوە تا نهۆژی، سێ دەسەڵاتەکەی ترمان وەکو پێویست نەبووە، تا ئەم دەسەڵاتی چوارەمەشیان بچێتە پاڵ و شان بەشانی ئەوان ڕۆڵی سروشتیوئاسایی خۆی بگێڕێو لە چوار چێوەی حکومەتێکی رەسمی کوردیدا بێ و بچێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کەم و زۆر، لێرەو لەوێ، هەوڵی داوە وەکو دەسەڵاتی چوارەم بوونی خۆی بسەلمێنێ، بە هەر حاڵ گومان لەوەدا نییە کە رۆژنامەنووسیی دەورێکی گرنگی لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری جەماوەری خەڵکیدا هەیە و هەر لەم پێودانگەوەیە کە ڤۆڵتێر دەڵێ: (رۆژنامەنووسی دەزگایەکە بە کەس ناشکێ، بەڵام خۆی دنیای کۆن دەڕوخێنێ تا دنیایەکی نوێ دامەزرێنێ). هەڵبەتە لەبەر رۆشنایی ئەم حەقیقەتەیە کە زۆر جار رژێمە دیکتاتۆرەکان لە رۆژنامەو رۆژنامەنووسان ترساون و هەوڵیان داوە بە هەر نرخ و شێوازێك بێ، رۆژنامەکان و رۆژنامەنووسەکان بکڕن یان دەمیان چەور بکەن و بەلای کەمەوە ئەگەر دۆستایەتیان پێ دابین نەکرێ، بێ لایەنیان بکەن... و هەر ملیان نەدایە خەت ئەوا چاویان لێ سوور بکەنەوە، راویان بنێن، زندانیان بکەن، بێ سەرو شوێنیان بکەن و بیانکوژن... بێگومان لە سەردەمی زەبرو زەنگ و سانسۆر و سانسۆرچییاندا، رۆژنامەنووسی لە سەدو یەك لاوە گەمارۆ دەدرێ و گوشاری دەخرێتە سەرو دەرفەتی حەقیقەتبێژی لێ تەنگ دەکرێ و دەگیرێ، بۆیە یان دەبێ دەست لە کاری رۆژنامەنووسی هەڵگرێ و کارێکی بێ سەریەشە بۆ خۆی بدۆزێتەوە و دەست بە کڵاوی خۆیەوە بگرێ یان دەبێ ببێ بە بوکەڵەی کۆککراوی دەست کەناڵەکانی دەسەڵات و رژێمی وەخت و بە ئاوازی ئەوان هەڵپەڕێ و هەرچییەك ئەوان گوتیان

وەكو تووتی بیلێتەوە تا وای لێدێت لە مەلیك مەلیك تر دەبێ و دەبێ بەو كوچكەی لە ئاگر گەرمترە. یان دەبێ مل لە چەقۆ بسوێ و ملی پێوە بنێ و...

دیارە لە كەش و هەوای ئاوهادا، رۆژنامەی راستەقینە دەبێ بەزمانحاڵ و سەنگەری خەڵكی زۆر لێكراو و بەشخوراو، رۆژنامەنووسیش دەبێ بە سەفیری گەرۆكی زۆربە بێدەنگەكەی جەماوەری خەڵك.

دیارە تا رێژەی خوێنەواری زیاتر بێ، دەوری رۆژنامەنووسی پتر دەبێ لە جۆشدان و هاندان و خرۆشاندن و خەملاندنی ئاستی هۆشیاری خەڵك و دەسەلاتدارانیش پتر تەنگەتاو دەبن و ترس لە رۆژنامەنووسیی پەیدا دەكەن، هەموو رێیەكی بەربەرەكانی دەگرنەبەر، هەر لە گرانكردنی نرخی كاغەزو كەم كردنەوەو شاردنەوەی لە بازاڕا تا دەگاتە گرانكردنی نرخی چاپ و تەنانەت بە تۆپزی داخستنی رۆژنامەو گرتنی كادرانی رۆژنامەنووس و یان نەهێشتنی بلاوبوونەوەی رۆژنامەكەو یان دەستبەسەراگرتنی كەرەستەكانی چاپەمەنییان و بوار نەدان بە خەڵكی ئەهلی و مەدەنی بێ لایەن كە رۆژنامە دەربكەن.. مایەی سەرنجە لە باشووری كوردستاندا لە سۆنگەی ئەو شێوازانەی سەرەوە، ئیدی زادەی فاكتەری ناوخۆ بن یان زادەی فاكتەری دەرەكی بن، تاقە رۆژنامەیەكی سەربەخۆی بێ لایەن نابینرێ و هەتا ئێوارە رۆژنامە حزبییەكانە كە ئەوانیش زۆر كەمیان توانیویانە، یان دەیانەوێ ببن بە زمانحاڵی نەتەوەو جەماوەرە زۆرە بێ لایەنەكە، لەو رۆژنامە حزبییانەدا، تا ئێستا نەبینراوە رەخنە لە مەسئولێكی گەورەی نێو حیزبی خاوەن رۆژنامەكە بگیرێ و ببێتە مایەی ئەوەی كە ئەو مەسئولە لابدرێ یان لە رەفتاری نا مەسئوولانەی ژێوان ببێتەوەو خۆی چاك بكات... پێدەچێ حیزبە زلەكان رەخنە بەندیان پێ بێ یان لە هەموو خەتاو هەڵەو گوناحێك بە دووربن و كەس بۆی نەبێ لە گوڵ كاڵتریان پێ بڵێ لە كاتێكدا ئەوان بۆیان هەبێ بە ئارەزووی خۆیان و رۆژانە دەیان مرۆڤی گوڵ ئاسای ئەم نەتەوە داماوە بە بەرچاوی هەمووانەوە هەڵوەرێنن، یان رۆژنامەنووسانی حیزبەكان بۆیان نییە لە سنووری بڤە تێپەڕن و زەرەر بە پەزان بگەیەنن!... لە كاتێكدا ئەمە حەقیقەتێكی حاشا هەڵنەگرە كە هەر كەسێك تێكەڵی دنیای قەڵەم و كاغەزو وشە بوو، ئیدی بیەوێ و نەیەوێ مولتەزیمەو هەقی ئەوەی نییە ببێ بە دەسەندەخۆرو پیاوو كرێگرتەی خەڵكانی دی و حەقیقەتەكان بە قازانجی خۆی یان خەڵكانی دی تەفسیر بكات و ببێ بە بوكەڵەی كۆككراوی دەستی ئەم و ئەو. هەڵبەتە ئەم رۆژنامەنووسانە لەو حاڵەتەدا لە بری حەقیقەتبێژی و بلاوكردنەوەی راستییەكان، درۆو دەلەسەو بوختانان لە كاڵفامان تا ماوەیەك دەكەن بە حەقیقەت و بۆ خۆ دەبن بە دێوجامەی راوە جەماوەر و دەبنە دەلاڵ و رەواج پێدەری رۆژنامەوانی زەردو پەیڕەوی هیچ رەوشتێك ناكەن و هیچ رێبازێكی تایبەتی رەچاو ناكەن و تەنیا قازانجی مادی و مەعنەوی خۆیانیان مەبەستە، با لەسەر حیسابی ناوو ئابڕوی خەڵكانی تریش بێ... هەڵبەتە رۆژنامەنووسێك درۆ بكات و لەگەڵ درۆدا رابێ و هەوڵ بدات جەماوەری خەڵكی رابێنێ و. زاتی گەڕانەوەو خۆ بە درو خستنەوەو ژێوان بوونەوە لە دەست بداو بەلای ئەوەوە مریشك هەر یەك پای هەبێ، نەبوونی زۆر باشترەو دەبێ دوور بخرێتەوەو لە یەكەمین دەرفەتدا، وەك رەزای بەراهەنی دەڵێ: دەبێ لە دار بدرێ:

چونکە ئەو رۆژنامەنووسە، حەقیقەت دەکوژێ و دیارە حەقیقەت کوشتنیش گەلەك لە مرۆڤ کوشتن خەتەر ترە، چونکە دووەمیان بەرەنجامی یەکەمیانە. بۆیە رۆژنامەنووسێك رۆژنامەنووس بێ، حورمەتی خۆی و وشە بگرێ، کە زانی زاتی حەقیقەتبێژی نییە با قوڕو قەپی لێبکات و قیروسیا با قۆناغێکی ژیانی میللەت و وڵات رۆژنامەی تێدا نەبێ، چونکە بێدەنگی زۆر باشترە لە حەقیقەت شێواندن، سارتەر گوتەنی: (هەندێ جار بێدەنگی تاقە سەرچاوەیەکە کە دەتوانرێ حەقیقەتی لێوە هەڵێنجرێ).

هەڵبەتە لەو قۆناغە تاریکانەدا، خەڵکی هوشیار کاردانەوەی خۆیان دەبێ و پشت دەکەنە رۆژنامەنووسی و چاپەمەنی ناوخۆ ناخوێننەوە، ئەوەتا نووسەرێك لە سەردەمی رەشی هیتلەردا لە نامەیەکیدا دەڵێ: (من لەم قۆناغەدا رادیۆ ناکەمەوە، رۆژنامەو گۆڤاری ناوخۆ ناخوێنمەوە، چونکە هەموویان وەکو هیتلەر قسە دەکەن).

* * *

بێگومان پەیدا بوون و سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری کوردی، لە پاڵ هۆیە خودییەکان و زەرورەتە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسییەکاندا، هۆیەکی دەگەڕێتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی میللەتانی دەورواوسێی خۆی و بە دیاردەیەکی شارستانی و کەلتوورییان داناوەو لاساییان کردۆتەوەو یەکەم هەنگاویان ناوە. هەڵبەتە لاسایی کردنەوەی کاری چاك بە تایبەتی ئەگەر تێیدا سەرکەوتووبی، خۆی لە خۆیدا کارێکی دروست و بەجێیەو مایەی ستایشە.. بۆیە ئەگەر لە دایکبوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ەگەڵ لە دایکبوونی یەکەم رۆژنامەی فارسی، تورکی و عەرەبیدا بەراورد بکەین، دەبینین ئەوەندە لە دوای ئەوانەوە نەبووین و وێڕای کەمی کادری خوێنەوارو لێهاتوو و پسپۆڕیی، وێڕای نەبوونی سەقامگیری سیاسی بۆ کوردو ڕێژەی باڵای نەخوێنەواری لە نێو میللەتدا، هەر کۆڵمان نەداوەو دوورو نزیك لەگەڵ کارواندا بووین و زۆر دوانەکەوتووین. و ڕۆژنامەی کوردستانمان، بە سەرەتای قۆناغێکی نوێی ژیانی رۆشنبیری و هوشیاری و سیاسی دادەنرێ.. یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی کە لە هەر هەموو ژمارەکانیدا، رۆڵەی کوردی هانداوە بۆ خوێندن و خوێندەواری و فێربوون کە ئەمانە بۆ خۆیان بنەمای هوشیار بوونەوەن و یارمەتی دەری باشن بۆ پێگەیاندن و خەملاندنی ئاستی هۆشیاری جەماوەری خەڵك..

ئەوەتا شادرەوان مقداد مەدحت بەدرخان بەخۆی دەڵێ: (من بۆیە ئەم رۆژنامەیە دەردەکەم، تا مەسەلەی خوێندن و فێربوون لە دڵی رۆڵەکانی میللەتەکەمدا شیرین و خۆشەویست بکەم. تا دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنم ئاشنای شارستانییەت و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە ببن. تا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی خۆدا پەیدا بکەن.. چ مەبەستێکم لە دەرکردنی ئەم غەزەتەیە نییە، تەنیا خزمەتی بەرژەوەندییەکانی گەلەکەم و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری هاوخوێنانم نەبێ.)

کورد، هەر لە کۆنەوە بوونی نەتەوەیی خۆی لە گۆشەگیری و دوورەپەرێزیدا نەدیتوە، بەڵکو لە هاوکاری و دۆستایەتی و لێکدی نزیک بوونەوەو لە یەکتر حاڵی بوون و بەشداری کردن لە کاروانی شارستانیەتدا، بوونی نەتەوەیی خۆی دیتوەو هەر هەموو ئەم بیروبۆچوونانە بەشێوەیەکی دیار لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوەو ئەوەتا لەسەر لاپەڕەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیدا (کوردستان) بەراشکاوی، سوارەی حەمیدییە ریسوا دەکرێ و داوا لە رۆڵەکانی دەکرێ لێی دوور بکەنەوەو بە دەنگییەوە نەچن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بریتییە لە بڵاوکردنەوەی گیانی دۆستایەتی لە نێو گەلانداو تێگەیاندنیانە کە ئەگەر لە هیچ شتێکدا یەکسان نەبن و هیچ یەکیان نەخات ئەوا زوڵم و زۆری سوڵتان عبدالحمید یەکیان دەخات..

جا وێڕای ئەو هەموو هەورازو نشێوەی کە هاتۆتە ڕێی سەر لەبەری ڕۆژنامەگەری کوردی و هەر ڕۆژنامەو بڵاڤۆکێکی کوردی بگری بۆ خۆی داستان و بەسەرهاتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوجاش دەوری زۆر گەورەی لە پێشخستنی ژیانی روناکبیری کوردا دیتوە. خزمەتی زۆری ئەدەب، زمان، فۆلکلۆرو تێکڕای کولتوری کوردی کردووەو گەلێك نووسەری هەڵکەوتوو و ژێهاتوومان لە باوەشی ڕۆژنامەگەریدا پێگەییون.

ڕۆژنامەنووسی کوردی بە حوکمی ئەوەی دەنگی خەڵکانێکی بندەست و زۆر لێکراوی عەودالی هەقی خۆیان بووە، بۆیە لە جەوهەرو نێوەڕۆکدا پێشکەوتوخوازو شۆڕشگێڕبووەو ڕۆڵی گرنگی لە جۆشدانی هەستی نەتەوەیی گەلی بندەستی کوردا گێڕاوە. ڕۆژنامەنووسیی کوردی بەشێوەیەکی گشتی و هەر لە کۆنەوە کوردێنی پێش حیزبێنی ختسووەو پێی وابووە میللەت لە هەموو بیروباوەڕو حیزب و ڕێکخراوێك گەورەترەو حیزب و ڕێکخراوان تەنیا وەسیلەو ڕێگەن بۆ شۆڕشی رزگاری نەتەوەیی و گەیاندنی میللەت بە ئامانج و ئاواتە رەواکانی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو راوبۆچوونانەی سەرێ دا ئەوە دووپات دەبێتەوە کە چاپەمەنی بە گشتی و ڕۆژنامەنووسی بە تایبەتی، ڕۆڵی یەکجار گرینگ و کاریگەر لە ژیانی رۆشنبیری و شارستانیەتی هەر میللەت و نەتەوەیەکدا دەبینێ. ئەگەر ڕۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی ئیجابی بەکار بهێنرێ دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری جەماوەری خەڵك و بڵاوبوونەوەی چەمکە مرۆڤایەتییەکانی پەرەسەندن و پێشکەوتن لە نێو ریزەکانی جەماوەری گەلدا، هەڵبە دەشێت ڕۆژنامەنووسیی ببێ بە چەکی دەستی تاقمێکی تایبەتی بۆ قازانج و بەرژەوەندی ئەو تاقمە بەکار بهێنرێ و دژی بەرژەوەندییەکانی گەل و کاروانی پێشکەوتنی بوەستێتەوە. هەڵبەتە ئەو بابەتە ڕۆژنامەنووسییە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش خەڵکانێك چەواشە بکات و هەندێ مەرامی ناڕەسەنی کاتی بێنێتە دی و خەڵکانێك لە خۆی خڕ بکاتەوە ئەوا هەرگیز نابێ بە سەرچاوەی مێژوو درەنگ یان زوو نیازە گلاو و ناڕەسەنەکانی کەشف دەبێ. دیارە یەکێك لە هۆیەکانی ئەم دیاردەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم تاقمانە دەرکیان بەوە کردووە کە ڕۆژنامەنووسی لە مەودایەکی بەریندا هزرو بیری جەماوەرێکی زۆری گەل دەدوێنێ و هانی دەدا بەرگری لە ماف و دەستکەوتەکانی خۆی و لە بوونی مرۆڤانی خۆی بکات کە لە بناغەداو لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو تاقمانەدا ناگونجێ..

بۆیــه هــەر لــه کۆنــەوە ململانێــی توونــد لــه نێــوان ڕۆژنامەنووســیی ئــازادو چــین و تاقمــه دەســەڵاتدارەکاندا هــەبووە، چــونکە ڕۆژنامەنووســیی ئــازاد داکــۆکی لــه ئــازادی بیروبۆچــوون و بــاوەڕی جــەماوەری خــەڵك دەکــات. ڕادەی هوشــیارییان قــووڵ دەکاتــەوەو فێــری تێگەیشــتنیان دەکــات و گــەلێکیش کــه تــێ گەیشــت، هــۆش و ویــژدانی بێــدار دەبێتــەوەو ئیــدی بەرژەوەندییــه ئینســانی و نەتەوەییــه مــادی و مەعنەوییــەکانی خــۆی دەناســێت و جڵــەوی چارەنووســی خــۆی دەگرێتەوە دەست و بە ئاسانی چاوو ڕاوی لێناکرێ و مل بۆ سیاسەتی چاوبەستەکێ نادات و نایەتە چەوساندنەوە. واتــه دەکەوێتــه ســەر ڕاســته ڕێگــەی بیرکردنــەوەو هــەر میللــەتێکیش کەوتــه بیرکردنــەوە ئیــدی ڕێــی لێ نایــەت گــرتن. کەواتــه لــەم حاڵەتــەدا ڕۆژنامەنووســیی دەبێــت بــه سەرچاوەیەکی هــەرە گرنگــی دەســەڵاتی گــەل و بــه شــێوەیەکی دادوەرانــه پیــادە دەکرێــت. بۆیــه ئەگەر بمانەوێ ئاستی هوشیاری جەماوەری هەر گەلێك بناسین، دەتوانین لە ڕۆژنامەنووسیی ئەو گەلــەدا بیدۆزینــەوەو پێــی بگــەین.. جــا نــەبوونی ڕۆژنامەنووســیی ڕاســتەقینه و ئــازاد، لــه هــەر قۆناغێکدا بۆ خۆی پرسیارێکی فرە دەلالەتەو لە باری مەسئوولیەتی مێژووییەوە زۆر بەرۆکان دەگرێ.

بــه هــەر حــاڵ، گوتمــان ڕۆژنامەنووســیی ڕۆڵــی گــرنگ و کاریگــەر لــه ژیــان و ژیــار و ڕۆشــنبیری و شارستانیەتی هەر نەتەوەیەکدا دەبینێ، بێگومان نەتەوەی کوردیش لەم چەمك و بۆچوونە بەدەر نییەو گەشەکردنی چاپەمەنی مانای گەشەکردن و پەرەسەندنی سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیرییە لــه کوردســتاندا، بزاڤــی کولتــووری کــورد لــه پــاش یەکــەم جــەنگی جیهانــەوە جــۆرە گــوڕو تــین و تاوێکی وەبەر کەوتووەو لەو ساوەو تا نهوژی بەردەوامەو و بە گوێرەی قۆناغە مێژووییەکان و بەپێی هەڵکشان و داکشانی بزووتنەوە سیاسییەکانمان هەڵکشان و گورج و گۆڵی و سستی و خاوی بە خۆوە دیتووە، بەڵام مخابن جڵەوی بەشێك لەبزاڤی کولتووری کورد ئێستاشی لەگەڵ بێ، بە دەستی داگیرکەرو دوژمنانی کوردەوە بووەو لە زیندانی سانسۆردا کۆت و زنجیر کراوەو ڕژێمــه کــورد کوژەکــان خــەڵکانێکی ڕیــا بێــژیان کڕیــوە و دەزگاکــانی ڕاگەیانــدنی وەك: ڕادیــۆ، تەلــەفزیۆن و ڕۆژنامــەیان خســتووەتە بــەردەم و دەرگــای هەنــدێ ڕەخنــەی کلێشــەیی بــێ زەرەرو زیانیــان –بــێ زەرەرو زیــان بــۆ ڕژێمــانی وەخــت– بــۆ کردوونەتــەوە تــا جــەماوەری خــەڵکیان پــێ چەواشە بکەن و خۆ لــە هــەموو خــەتاو تاوانبارییــەك بپەڕێننــەوەو وا بنــوێنن کــه ڕژێمــی هەنــدە دیموکراسین دەبێ هەزارو یەك سەڵاوات لە دیداری پاکیان بدەی دەنا دەمت خوار دەبێ. دیارە ڕێگەدان بەو ڕەخنە موعەلەبانە خۆی لەخۆیدا پەردە پۆشییەکی زیرەکانەی سانسۆرە. جا ئێمەی کورد لە دێر زەمانەوە بە دەست سانسۆرەوە دەناڵێنین، تەنانەت بوونی نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، خێزانداری، مێژوویی و جوگرافیاییمان تا ئەمڕۆکەش مەترسیدارترین سانسۆری لەسەرە، وامان لــێ کــراوە دووچاری نەخۆشــی خــۆ سانســۆر کــردنیش بــووین، بۆیــه هــەق وایــه ئێمــەی کــورد لــه هەموو کەسێك پتر سانسۆر ڕەفز بکەین و سانسۆرچییان ببوغزێنین، ئیدی ئەو سانسۆرە بە هەر بیانوویەکەوە بێ، چونکە ئەو بیانووانە خۆیان لە خۆیاندا جۆرە سانسۆرێکی دییەو، ئەهلی قەڵــەم بــەرەو هەڵــدێری ڕیــا بێــژی دەبــات و ســەنگەری ڕاســتەقینەیان پــێ دەدۆڕێنــێ و بــەرە بــەرە

پەیوەندییە ئینسانییەکان لە گرێژنە دەبات و پاشاگەردانی و ئەنارشیزم دەکات بە باوو داب و نەریتی شێخ و مورید یان بت و بتپەرست برەو پێدەدات.
هەڵبەتە ئەمە کارێکی فرە خەتەرە، چونکە نەبت پەرست دەبیٚ بە خاوەن ئەقڵی تەحلیلی و تێفکرینی رەخنەگرانەی پەسندو بەجیٚ، نە (بت)یش دەستبەرداری پایەو مەقامی تایبەتی خۆی دەبیٚ و ئەمەش سەرچاوەی زۆربەی کارەساتەکانە. جا ئێمەی کوردی کوشتەی دەستی سانسۆر و سانسۆرچییان وەکو نەتەوە بەگشتی و وەکو رۆشنبیر و ئەهلی قەڵەم بەتایبەتی لەسەرمانە چیدی سازش لەگەڵ سانسۆر و سانسۆرچییاندا نەکەین و هەر بەمەش ئاوات و خۆزیاکانمان دێنە دی و کەڵە پیاوان و مێژوو سازانمان تێدا هەڵدەکەون و میللەتەکەمان لە زەلکاوی غەفڵەت و بیٚ خەبەری دەرباز دەبێت و لە کاروانی شارستانیەت و ژیانی مرۆڤایەتیدا شوێنی شایستەی خۆی دەگرێت و درێژە بە بوونی ئیجابیانەی خۆی دەدات.
جێی خۆیەتی لێرەدا، ئەوەندەی لەگەڵ رۆژنامەنووسیدا یەك دەگرێتەوە، ئاماژەیەکی خێرا بۆ راپەڕینەکەی کوردستان بکەین.
بێگومان راپەڕین خۆی لە خۆیدا دیاردە و حاڵەت و مەسەلەیەکی سیاسییەو دەبیٚ گۆڕانکاری بەگەڵ خۆی بخات. ئاشکراشە هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە تا تەواو سەقامگیر دەبیٚ و رەوتی ئاسایی خۆی وەردەگریٚ، جۆرە ئەنارشیزم و بیٚ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەویٚ... هەموو ئاگادارین کە ئەم ئاخرو ئۆخرەی سەدەی بیستەمە، گەلێك گۆڕانی ئابووری و سیاسی و جوگرافی و ...هتد. چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بەخۆوە بینی. کوردستانی ئێمەش بە تایبەتی باشووری کوردستان، وەك بەشێکی دانەبڕاو لە جیهان کەم و زۆرو راستەوخۆو نا راستەوخۆ پریشکی ئەو گۆڕانکارییەی بەرکەوتووە، ئەمە جگە لە راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری کوردستانی تینوی ئازادی و سەربەستی، کە تێکراو بە حوکمی گۆڕانکارییەکان جۆرە بیٚ نەزمییەکی کاتی رووی کردە هەندیٚ مەیدانی ژیان.. ئەم حاڵەتە بۆ سەرەتای قۆناغەکە رەنگە پاکانەی خۆی هەبیٚ و هەندێك ئاسایی بنوێنیٚ، بەڵام بۆ دواتر ئەوا موناقەشەی جدی هەڵدەگریٚ!..
لە کوردستاندا راپەڕین بەرپا بوو. گەورەیی و مەزنایەتی راپەڕینەکە لەوەدایە کە سەلماندی خەڵکی کوردستان کۆیلە سروشت نین و ئەگەر دەرفەتیان بۆ هەڵکەویٚ دەتوانن بەگژ هەموو زوڵم و زۆرێکدا بچنەوەو مێژووی راستەقینەی خۆیان بە دەستی خۆیان تۆمار بکەن کە ئەمە بۆ خۆی خاڵێکی گەش و دڵخۆشکەرە. راستە هەستی نەتەوەیی سەرکوتکراوی جەماوەری راپەڕیو بورکان ئاسا تەقییەوە، بەڵام ئەو هەستە شۆڕشگێڕییەی کە راپەڕین لە سەرەتاوە لە هزرو بیری جەماوەری خەڵکیدا خولقاندی، نەکرا بە فاکتەرێکی زیندووی پڕ بزاف و زەمینە خۆشکەر بۆ قۆناغی پاش راپەڕین و رزگار بوون لە ئەنارشیزم، خەڵکە تینوەکە بیٚ خۆ گۆش کردن بە تەسەورێکی ئایدۆلۆژی روون. دەربارەی راپەڕین و قۆناغ و ئاکامەکانی، تەنیا ئەوەندەیان دەویست کە دەسەڵاتی فاشیزم لە وڵات تڕۆ بکریٚ و وەدەربنریٚ... واتە راپەڕین لە باری سەرنجی نەتەوەیی و چینایەتی و ئایدۆلۆژییەوە، هەر چەندە جۆرە ئاسۆو کەشوهەوایەکی

باشی هێنایە ئاراوە، بەڵام لە راستیدا خیتابی سیاسی یەکگرتووی نەتەوەیی پێ نەبوو، بەڵام بەم حاڵەشەوە واقیعی راپەڕینەکە کردویەتێ کارێ کە ئەمڕۆ کە سیاسەت لە کوردستاندا لە حاڵی بەخۆدا چوونەوەدا بێ، لە خەمی خۆ هاوچەرخاندندا بێ... واتە سیاسەت لە ژانی لە دایکبوونەوەدایە، ژان و ژاریش تا قۆناغە ئاساییەکانی خۆی نەبڕێ، ئاکامەکەی یا لەبار چوونە یان بە ئیفلیجی لە دایکبوونە.. بۆیە پێویستە هەندێ پشوو درێژو بڕێك بە حەوسەڵە بین و واقیعیانە مامەڵە لە تەك حاڵەت و دیاردەو مەسەلەکاندا بکەین، لە قۆناغی راپەڕیندا جەماوەری تینوو، دوور لە ختیابی سیاسی یەکگرتووی نەتەوەیی، هەر کەسەو بە شێوازی خۆی گوزارشتی لە ئازادی و شادی خۆی دەکرد، گەلێك رێکخراو و تەنانەت حیزب و حیزبۆکان و دوکانچەی سیاسی هاتنە دامەزراندن و پاشان خێرا پوکانەوەو نەمان، گەلێك رۆژنامەو گۆڤارو بڵاڤۆکان دامەزران و بڕیان نەکردو نەیانتوانی بەردەوام بن و ئەمەش هۆی خۆی هەبوو. هەڵبەتە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی چاپەمەنی لە کات و سەردەمی وەهاداو بەو شێوەیە دیاردەیەکی ئاسایی لە هەمان کاتدا حاڵەتێکی دروستەو خۆی لە خۆیدا سەرەتایەکی مژدە بەخشە بۆ هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی ژیانی رۆشنبیریی.. دیارە میللەتێکی سەرکوتکراوی (سانسۆر زەدە) کە لە پڕێکا خۆی ئازاد دەبینێ، و دەیەوێ بە هەر شێوازێك بووە گوزارشت لە ئازادی خۆی بکات، دووچاری جۆرە ئەنارشیزمێکی ئاسایی دەبێت کە پێویستە زوو جڵەو بگیردرێ و بە ئاوایەکی مرۆڤانە و نەتەوەییانەدا ئاراستە بکرێ.. دیارە ئەمە رۆژنامەنووسییش دەگرێتەوە، بۆیە دەبێ رۆژنامەنووسی بکرێ بەو قوتابخانەیەی یاریدەی پەرەسەندنی ئاسایی کۆمەڵ بدات نەك بکرێ بە کۆسپ و بە پێچەوانەی رەوتی مێژوو بەکار بهێنرێ.. رەخنەی بنیاتنەر و موناقەشەی جدی و دوور لە جنێوی بازاڕی ببێ بە بابەت و بە مەبەستی رۆژنامەنووسیمان، بە هەر حاڵ ئەرکی سەر شانی هەموومانە کە کارێکی وەها بکەین ئەم قۆناغە گوزەراو رەوتەنییانە، زوو بڕدرێن و لە ناویا گیرۆدە نەبین، رۆژنامە بکەین بە قوتابخانەی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری و مرۆڤایەتی و نەتەوەیی مرۆڤی کوردو گیانی مرۆڤ دۆستانەی لەلا پەروەردە بکەین و هەوڵبدەین دوور لە گیانی حیزبایەتی تەسك و ئەقڵیەتی تەسەلوتی تاکڕەوانە، خیتابی سیاسی نەتەوەییمان یەك بخەین و هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەین کە لەم قۆناغەدا لە هەموو کاتێکی دی زێدەتر پێویستمان پێیەتی و ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم دۆزی نەتەوەکەمان دەکاتەوە.

بە هەر حاڵ وەکو پێشتریش ئاماژەمان بۆ کرد رۆژنامەنووسیی کوردی هەم رۆژنامە بووەو هەم سەرچاوەی رۆشنبیریش بووەو زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاڤۆك و چاپەمەنییەکانمان، دەشێن بە متمانەوە بکرێن بە سەرچاوەی دەوڵەمەند بۆ لێکۆڵینەوە لە زۆر رووی ژیانی کوردەواری بە ئەدەب و مێژوو. و زمان و فۆلکلۆرو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە و رەنگە لە تۆمارکردنی بابەت و رووداوەکاندا زۆر ئەمینترو دەست پاکتریش بووبێ لەهی دەرو دراوسێکانمان... بۆیە سەیر نییە، هەوڵبدرێ رۆژنامەنووسیی کوردی، لە خەتی راستەقینەی نەتەوەییانەی خۆی لابدرێ و بە هەڵدێرێکی وەهادا ببرێ کە سبەی رۆژێ لێکۆڵەرەوانی کورد و نا کورد نەتوانن پشتی پێ ببەستن! و بەمەش بە ناهەق گومان بخرێتە سەر، سەر لەبەری رۆژنامەنووسییمان!..

دیـاره هــەر رۆژنامــەو بلاوکراوەیــەك لــە پــەیامی حەقیقەتبێــژی لابــدات و ئەرکــە نەتــەوەیی و مرۆڤانییەکانی فەرامۆش بکات، هەرچی بەهاو رەوشت و مصداقیەت هەیە دەیدۆڕێنێ و لە جێـی خۆیـدا دەپوکێتـەوە. بۆیـە رۆشـنبیران و نووسـەران لەسـەریانە خۆ لـەو رێـی هـات و نەهاتـە دوور بگـرن و هاوکـاری لەگـەڵ دا نەکـەن و رازی نـەبن بـەوەی رۆژنامــە بکـرێ بــە دێوجامــەی راوە جەماوەرو قەڵەم و کاغەز و وشە بکرێن بە کەرەستەی گەوجاندنی خەڵك.

لـە کۆتاییـدا هیـوادارین ئـەم یـادە ببێ بـە هانـدەرێکی جدی بـۆ ئـەوەی رۆژنامەنووسـیی کـوردی سـوورتر بـێ لەسـەر ئەنجامـدانی پـەیامی نەتـەوەیی و ئـەرکی حەقیقەتبێـژی خـۆی و قـازانجی نەتەوەیی و کوردێنی بخاتە سەروی قازانجی حیزبێنی و بەرژەوەندی ئەم و ئەو.

هـەزاران سـڵاو لـە گیـانی پـاکی مقـداد مەدحـەت بـەدرخان و رێبـەران و پێشـڕەوان و کـادران و شەهیدانی رۆژنامەنووسی کوردی.

سڵاو لەو زاتانەی بێ ریا، پشـتیوانی مـادی و مەعنـەوییان لـە رۆژنامەنووسـیی کـوردی کـردووەو دەیکەن.

هـەر بـەرخوردارو پڕ فـەڕو بەرەکـەت بـێ رۆژنامەنووسـیی کـوردی لـە سـایەی یـادی سـەد سـاڵەی رۆژنامەی (کوردستان)دا.


<u>**سەرچاوە:**</u>

١- تێگەیشتنی راستی / د. کەمال مەزهەر.
٢- قصە نویسی / رزا براهنی.
٣- رۆژنامەی هەرێم / ژمارە (١) ٣/١٢/ ١٩٩٢.
٤- رۆژنامەی خەبات / ژمارە (٦٧٢) ٢١/٤/ ١٩٩٣.
٥- رۆژنامەی ئاڵای ئازادی / ژمارە (٢١٥) ٢/٥/١٩٩٦ .
٦-



لە گۆڤاری کاروان (١٢٠)
ژمارەی تایبەت بە ١٠٠
ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی بلاوبووەوە.

## ٣- تاراوگەی قەڵەم

**بە بۆنەی یادی ١٨٩٨/٤/٢٢**

((١))

**رۆژنامەوانی بە هەموو بوارەکانییەوە، شەرعییەتی خۆی لە پێداویستی و زەرورەتەکانی سەردەمی خۆیەوە، ئیدی چ زەرورەتی کۆمەڵایەتی بێت و چ زەرورەتی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و سایکۆلۆژی و شارستانی بێت، وەردەگرێت. هەڵبەتە ئەم ئەوزارە هەرە گرینگەش لە بازنەی گۆڕان و گۆڕین بەدەر نییە. بە شێوازی خۆی بەشداری لە بنیاتنانی شارستانییەت، لە بنیاتنانی دەروونی، لە پتەوکردنی بنەمای رۆشنبیری و ساغڵەمی ویژدانی کۆمەڵ و تاك دەكات، دەبێت بە تۆمارێکی هەرە گرنگی مێژوو، واتە ئەگەر رۆژنامەوانی لە بنەماکانی راستبێژی، بوێری و رەخنەگری لانەدات، لە هەموو سەردەمێکی نهێنی و ئاشکرادا دەبێتە دەسەڵات، لێرەدا دەسەڵاتی ئازادیمان مەبەستە، بایەخی مێژوویی و کاریگەری راگەیاندنی خۆی دەبێت، دەبێت بە پەیڤداری جەماوەری خەڵك. بۆیە هەر لە کۆنەوە رژێم و دەسەڵاتان، بە تایبەتی رژێمە دکتاتۆرەکان چاویان بڕیوەتە ئەو کەناڵە کارایەو تەماحیان تێکردووەو ویستوویانە بە زەبری پارەو دەم چەور کردن، یان هەڕەشە و چاو لێ سوور کردنەوە، لە رێبازی راستەقینەی خۆی – کە بەرڤانییە لە ئازادییە کۆمەڵایەتی و تاکییەکان– لە رێی دەربکەن و بیخەنە خزمەتی خۆیانەوەو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆیانی پێ بچەسپێنن و لە جەماوەری دابڕن و لەبەر چاوی خەڵکی بخەن، واتە بیکەن بە پەیڤداری خۆیان و دێوجامەی راوە جەماوەر و تەفرەدانی خەڵکی و لەگۆڕی بەرژەوەندی مادی بنەن، لە کاتێکدا ئازادی دەکاتە هەوێن و رۆحی رۆژنامەوانی و تەنیا لە ئازادیدا و بە ئازادی گەشە دەکات. نەك هەر دەبێت بە شایەتێکی باوەڕپێکراو و ئەمینی مێژوو، بەڵکو دەبێت بە فاکتەرێکی گەورەو کاریگەر لە پرۆسەی خوڵقاندنی مێژوودا، واتە رۆژنامەوانی هەر گاڤەك دەستبەرداری ئازادی ببێت، دەستبەرداری رۆحی خۆی دەبێت، دەپوکێتەوە، جاڕی مەرگی خۆی دەدات.**

**بێگومان پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە نێوان رۆژنامەوانی و رۆژنامەڤاندا هەیە، یەکدی تەواو دەکەن، هیچیان بەبێ یەکدی نابن، تاکو رۆژگاری ئەمڕۆش کە پێشکەوتنی گەورەی تەکنۆلۆژی بواری راگەیاندن و رۆژنامەوانیشی تەنیوە، کاری رۆژنامەوانی هەر کارێکی قورس و گرانەو هەموو کەس ناتوانێت بچێتە ژێر باری، چونکە جگە لە بەهرەو توانای تایبەتی، جۆرە ئاشقێنییەکی پڕ لەمەشەقەت و تەرحە سەرکێشییەکی ئارەزوومەندانەو گیانی دەستپێشخەری و سەرکێشی دەوێت، کە کار دەگاتە ئەوەی هەندێك جاران رۆژنامەڤان لە پێناوی هەواڵێکدا قومار بە ژیانی خۆی بکات. ئەم جگە لەوەی کە تەبیعەتی رۆژنامەوانی وایە کە رۆژنامەڤان خۆی لە بوارە قەدەغەکان بدات و بەمەش خۆی دەخاتە بەر سێرەی هەڕەشەی جۆراو جۆر، هەموو ئەمەش بۆ ئەوە دەکات تا نووسینێکی رۆژنامەوانی جوان و راستگۆو بوێرانە و سوود بەخش بخاتە**

بەردەست جەماوەری خەڵك، دیارە ئەم هەموو گیروگرفت و سەریەشەیە لە وڵاتانی پاشکەوتووا گەلێك زیاتر دەبێت تا لە وڵاتانی پێشکەوتوودا. هەڵبەتە کاری رۆژنامەوانی کۆتایی بۆ نییەو پێویستە رۆژنامەڤان چ وەکو خوێندنەوە، چ وەکو گوێ هەڵخستن چ وەکو وردبینین تاقیبکارو موتابعێکی بەردەوام و جدی بێت، بە عەشق و وەستاییەکی زۆرەوە بەرەنجامی خوێندنەوە و بیستن و دیتنەکانی خۆی بە نووسینی کارامەو جدی و راستگۆ و بوێر و پڕ سوود بسپێرێت و ببێت بە نوێنەری زۆرینە بێدەنگەکەی جەماوەری خەڵك. بە هەر حاڵ رۆژنامەڤان کە هاتە ناو دنیای رۆژنامەوانییەوە، دەبێت بە تەواوەتی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان بکات و هەموو سەریەشەیەکی کارەکەش قبوڵ بکات، چونکە خۆ بەخۆ دەکەوێتە سەنگەری خەباتەوە لە پێناوی ئازادی و ئازادی خەڵکیدا. بۆیە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگای پاشکەوتوودا، هیچ سەیر نییە تووشی چەوساندنەوەو راوەدوونانی سیاسی و رۆشنبیری بێت، تووشی نان بڕان ببێت، توشی لە کار دەرکردن ببێت و بواری کاری رۆژنامەوانی لێ تەنگ بکرێت و دەرفەتی گوتن و نیشاندانی حەقیقەتەکانی نەدرێتێ... دیارە هەموو ئەو حاڵەت و دیاردانە لە کۆمەڵگای سەرکوتکراوی نا ئازاد و لە سایەی رژێمانی دیکتاتۆریدا، بەدی دەکرێن و هەن، لە کاتێکدا هەموو دەزانین کە یەکێك لە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی گوزارشت و دەربڕینە، هەبوونی رۆژنامەوانی و ئازادی رۆژنامەوانی نیشانەو بەڵگەی کرانەوەی کۆمەڵگەیە بەسەر دنیای پێشکەوتن و بەرەو مەدەنییەت چوون. دەکرێت لە رێگەی رۆژنامەوانییەوە، رادەی پێشکەوتنی وڵات و ئازادی کۆمەڵ پێوانە بکرێت، هەر لەو رێگەیەوە دەکرێت پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ساختەو قەڵب و بە تاڵکراو لەنێوەڕۆکی زانستی و مرۆڤانی دەست نیشان بکرێت. بۆیە پێویستە ئاستی هوشیاری کۆمەڵ دەربارەی رۆڵی رۆژنامەوانی و رۆژنامەڤان بەرز بکرێتەوە، چونکە وەکو ئاماژەمان کردێ رۆژنامەوانی و رۆژنامەڤان، ئەوزارو فاکتەری داکۆکین لە بەرژەوەندی کۆمەڵ و ئازادی کۆمەڵ، بۆیە کۆمەڵیش پێویستە لە پێناوی بەرژەوەندی و ئازادی خۆیدا، بەرگری لە رۆژنامەوانی و رۆژنامەڤانی شەریف و هەقبێژو بەهرەمەندو بوێر و راستگۆ بکات و بە شێوازی تایبەتی خۆی بیپارێزێت، چونکە هەر پاشەکشەیەك، یان پاشەکشە پێکردنێکی رۆژنامەوانی ئازاد، بەزەرەرو زیانی بەرژەوەندی و ئازادی و پەرەسەندنی کۆمەڵ دەشکێتەوەو رێگە بۆ کەسانی لیبوك و هەلپەرست خۆش دەبێت کە بە ناوی رۆژنامەڤانەوە بە ناو بکەن و ماستاو بۆ دەسەڵات و دەسەڵاتداران سارد بکەنەوەو حەقیقەتەکان ئاوەژوو بکەنەوەو رۆژنامەوانی بە ئاراستەیەکدا بەرن کە چ هەیبەتێکی نەمێنێ و دەرگا لەتوانا پەروەردەیی و ئیعلامییە رۆژنامەوانییەکەکان دابخەن.

راگەیاندن بە گشتی و رۆژنامەوانی بەتایبەتی، کارێکی دەستەجەمییە، دیارە لە نێو کارە دەستەجەمییەکەدا، بەهرەو توانا فەردییەکانیش دەرفەتی خۆنواندنیان دەبێت و جوانتر بەرجەستە دەبن، خویایە کە دەبێت لەو کارە دەستەجەمیانەدا، لەپێناوی رێکخستنی کارەکەدا، دابەشکردنی کار هەبێت بەپێی تواناو بەهرەو تەجرەبە هەر کارەو بە کەسێك یان گروپێك بسپێردرێت، بۆ وێنە سەرنووسەر فەرمانبەرێك نییە کە دەوڵەت یان دەزگایەکی راگەیاندن

مووچـەیەکی باشـی بـۆ ببڕێتـەوەو لـە پشـت مێـزو کورسـییەوە لاف لێبـدات و بەپلـەو پایـەی سەرنووسەرییەوە، خۆی بەسەر ئەم و ئەودا بابدات و مومارەسەی بیرۆکراتییەتی وەزیفی بکات. بەڵکو داینەمۆی ئاراستەکردنی سەر لەبەری پرۆسە رۆژنامەوانییەکەیە... هەڵبەتە ئەمە سەبارەت بـە بوارەکـانی دیکـەی رۆژنامـەوانی، وەکـو سـکرتێری نووسـین، بەڕێوەبـەری نووسـین، نووسـەر، پـەیامنێر، راپۆرکـار و زمانـەوان و هەڵەچـنو... هـەر راسـتە و پێویسـتە هـەر یەکـەیان بـەپێی سروشـتی ئـەو کـارەی پێـی دەسـپێردرێت، مـەرجی تـەواوەتی تێـدا هـەبێت. بـەڵام کـە رۆژنامـەو رۆژنامەوانی  پڕ کرا لە خەڵکانی غەریب و نامۆ بە دنیای رۆژنامـەوانی، لـە خـەڵکانی فەرمانبـەرو مووچە خۆروجێگر، ئەوا کاری رۆژنامـەوانی دادەڕوخێت و گەنـدەڵی تێدەکـەوێت و هەرچی داب و نـەریتی رۆژنامـەوانی کاریگـەر هەیـە دەشێوێت و لـە دەسـت دەچێت، بەرە بـەرە لـە جـەماوەری خەڵك و لە ژیانی جەماوەری خەڵك دوور دەکەوێتەوە و ئیدی لەبەر چاو دەکەوێت و خوێنـەر لێـی تەوەلا دەبێت، تەنانـەت ناشێت وەکـو سـەرچاوەش پشـتی پـێ ببەسـترێت، چونکە پڕ دەبێت لـە بابـەتی سـواو و بـێ تـام و دوور لـە خـەمی جـەماوەر و تەنانـەت دوور لـە ئەمانـەتی تۆمـار کردنـی رووداو و بویەرەکانیش، بەوەش جەماوەر لە رۆژنامەوانی دوور دەکەوێتـەوە. ئیدی رۆژنامـەوانی وەکو چەکێکی شارستانی، شۆڕشگێڕی و رۆشنبیری کارا دەوری نامێنێت و حکومەت یان دەزگا چەندەش پشتیوانی مادی لێبکات هەر بێ سوودەو دەبێت بە تاراوگەی قەڵەمی داهێنـەر و بوێرو حەقبێژ و راستگۆو بەمەش کۆڵەکەیەکی گەورەی مەدەنیەت دەڕوخێت و زەرەرمەندی بـەرودواش جەماوەری خەڵك دەبێت.

بێگومان یەکێك لە نیشانە دیارەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی خێڵەکییەوە بۆ قۆناغی کۆمەڵگە، ئەوەیە کە گۆڕانێکی بەرچاو لە بونیادی کۆمەڵایـەتی رۆشـنبیریدا، بەگـەڵ خـۆی بخـات، هـەر پەرەسـەندنێکی کۆمەڵایـەتی، ئـەو گۆڕانـەی لەگەڵـدا نـەبێت هێشـتا رەوتـی دروسـتی خـۆی وەرنەگرتووەو دەلالەت و چەمکە پێشکەوتووەکانی نەخەمڵیوە.

هەڵبەتە راو رای گشتی تەنیا لە کۆمەڵگەیەکدا دروست دەبێت کە وابەستەگی هاووڵاتییـەتی تێـدا زاڵ بێت، واتـە مـرۆڤ وەکـو هاووڵاتییـەك تەماشا بکرێت کـە بـەپێی دەسـتوور و یاسا مـاف هەیـەو ئـەرکی لەسـەرە، بـەپێی توانـاو بـەهرەکانی خـۆی و بـەدوور لـە هـەر وابەسـتەگییەکی خێڵـەکی و خزمایـەتی و ناسـیاوی و ناوچـەیی و گـروپ  گروپێنـەیی، کـە مەحاڵـە رای گشـتی تێـدا دروسـت ببێت، مامەڵـەی لـە تەکدا بکرێت، واتـە رای گشـتی یەکێکـە لـە نیشـانەکانی بـە کۆمەڵگـە بـوون و دەرباز بوونی تاك لە وابەستەگی خێڵەکی.

دیارە کە کۆمەڵ قۆناغی وابەستەگی خێڵایەتی و وابەستەگییە تەقلیدییەکانی بڕی، ئیدی دەبێت بە هێزێکی کۆمەڵایەتی هوشیارو رۆشنبیرو بەرە بەرە توانای بەسەر خوڵقاندن و دروست کردن و ئاراستەکردنی رووداواندا دەشکێت و رای لەمەڕ رووداو و دیاردە نـاوخۆو دەرەکییەکانـدا دەبێت و پاشان هەڵویستیان لەمەر وەردەگرێت و بەشداری لە بونیاتنانی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤ دا دەکات. واتە دەتوانێت دەوری لە خوڵقاندن و گۆڕینی رەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایـەتی و رۆشنبیریی وڵاتدا هەبێت و ببێت بە چاودێرێکی چاوتیژ و زەین روون و رۆشنبین و هوشیار

بەسەر هەر لایەنێکی دەسەڵاتەوە کە گەمە بە بەرژەوەندییەکانی گەل و وڵات بکات، هەر لە کەش و هەوای ئاوهاشدا بەرە بەرە زەمینە بۆ مەدەنیەت دەرەخسێت و کۆمەڵ دەتوانێت لە هەموو روویەکەوە خۆی تازە بکاتەوەو بە گەڵ کاروانی شارستانیەت بکەوێت و لە پەراوێزخزین و خزاندن قبوڵ نەکات و بە متمانەوە خۆی بە ناوجەرگەی مێژوودا بکات و بەشداری خۆی تۆمار بکات.

بێگومان رۆژنامەوانی دەورێکی گرینگ دەبینێت لە پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا، لە قۆناغی خێڵایەتییەوە، کە دوورە لە هەر راو رایەکی گشتی، بۆ قۆناغی کۆمەڵگەی خودان راو رای گشتی، جا هەر لەم پێودانگەوە، رۆژنامەوانی هەر لە کۆنەوە جێی تەماحی رژێمەکانی دنیا بووە، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژیاو رەوتی کارکردنیانەوە، واتە رۆژنامەوانی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، وەکو پێداویستییەکی شارستانی هاتووەتە ئاراوە، چ بۆ دەسەڵات و حکومەتان چ بۆ جەماوەری خەڵك و کۆمەڵ. هەمیشەش هەر چەکێکی کاریگەرو کاراو بەسام و هەیبەت بووەو بووەتە مایەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و لەقاودانی بێدادی کۆمەڵایەتی و نا یەکسانی ئابووری و رووخانی زۆر رژێم و دەسەڵات و سەری سەدان حوکمڕان و فەرمانڕەوای دیکتاتۆریشی خواردووە. بە هەر حاڵ رۆژنامەوانی رێگەی خۆی بڕی و لەگەڵ رەوڕەوەی مێژوودا وەکو زەرورەتێك تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی بووە و ناوەندە دیکتاتۆرییە بیر تەسکەکانی هەراسان کردووەو سەریەشەی بۆ خوڵقاندوون و ناوەندە جەماوەرییە ئازادی ویستەکانیشی بواردووەو داکۆکی لێی کردوون، واتە هەم سەریەشەو گەڕو گێچەڵی دروست کردووە هەم سەریەشەی بۆ دروستکراوە. ئەمەش بەڵگەی گرنگی و زندوویەتی دەوری رۆژنامەوانییە لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا کە بە زەرورەت پەرەسەندنی رای گشتی بەگەڵ خۆی دەخات کە رۆژنامەوانی فاکتەرێکی هەرە گرنگی خەملاندنیەتی.

بێگومان نە رۆژنامەوانی لە ئازادی و نە ئازادی لە رۆژنامەوانی جیا دەکرێتەوە دەبێتەوە. هەم یەکدی تەواو دەکەن و هەم بەرگری و بەرەڤانی لێکدی دەکەن. سەنگی رۆژنامەش بەندە بە ئاستی هوشیاری و سیاسی و رۆشنبیری و هونەری و واقیعبینی و ئازادیخوازی ستافەکەیەوە. بەندە بە رای ئازادی و رۆژنامەوانییەوە، بەندە بەوەوە کە تا چ رادەیەك تێکەڵ بە رای گشتی بووەو چ رۆڵێك لە خەملاندنیدا دەگێڕێت و چۆن تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی دەبێت و رۆشنبینیان زیاد دەکات، دیارە ئەمە تەنیا بە جوانی دەرهێنانی هونەری و هونەرکاری ناوەوەی رۆژنامە نایەتەدی. بەڵکو بەوە دێتە دی کە رۆژنامە خۆی بە هەموو کونجێکی سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤانی کۆمەڵگەدا بکاتو...، کە لە سایەی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و راگەیاندن و رۆژنامەوانییەوە، بە هەموو کۆمەڵگەی بەشەری، بە هەموو تێکچڕژاوییەکانییەوە، بە هەموو بوارەکانییەوە، فیکری، راوبۆچوون، رۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، هونەری، وەرزش و... هەموو وردو درشتێکی چالاکییەکانی مرۆڤ، بووە بە مەیدانی بەپیتی کاری رۆژنامەوانی، ئیدی رۆژنامەڤان و رۆژنامەوانی وەکو هەنگ

مەیدان بە مەیدانی چالاکییە مرۆڤانییەکان تەیدەکات و شیلەی هەر مەیدانێك وەردەگرێت و لە قاڵبێکی رۆژنامەوانی هونەریدا، بە گیانێکی رۆشنبیری و شارستانی تۆمار و پێشکەش دەکات.
بەڵێ پێویستە رۆژنامە خۆی بە هەموو ئەو کونج و مەیدانانەدا بکات و بە زمانێکی روون و رەوان و سوار و چڕو پڕو خۆش گوزارشت و خۆیا، لە هەر بوارێکیان بدوێت، بیخاتە بەر باس و شیکردنەوە، راوبۆچوونانی لەمەڕ بڵاو بکاتەوە، راپۆرتی دەربارە ئەنجام بدات و بەوپەڕی ئەمانەتەوەو بەجۆرێك تێکەڵ بە ژیانی خەڵکی ببێت و خەمە رۆژانەکانیان، واقیعی کۆمەڵایەتیان خۆزیو ئاواتیان، دڵەڕاوکێو نیگەرانییەکانیان بنوێنێت و شەن و کەو بکات، کە ئەگەر رۆژێك ئەو رۆژنامەیە دەرنەچوو، وەکو ئازیزێکی خۆیان وەکو پەیڤەدارێکی وەفاداری خۆیان سۆراخی بکەن.
دیارە ئەم ئاستە بەرزەی رۆژنامەوانی بەندە بە کادران و سەرپەرشتیارانی رۆژنامەوانی و بڕیاری بوێرانە و راستگۆیانەیان، هەڵبەتە ناسنامەی رۆژنامەش لە بەخششی رۆژانە، یان هەفتانەیەوە بەدیار دەکەوێت. خۆ رێژەی فرۆشتنی رۆژنامەش، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی خوێنەواردا، پێوەرێکە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان رۆژنامەو جەماوەری خەڵك!.
رۆژنامە، باخێکی هەمەڕەنگە، رۆژانە دەرگاکانی دەخاتە سەر پشت بۆ ئارەزوومەندانی سیاسەت، هەواڵی گشتی، هەواڵی وەرزش، ژیانی رۆژانەی ناوخۆو دەرەوە، باری کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، هونەری، ئەدەبی و ئابووری و هەمەڕەنگ. ئەمە جگە لە گۆشەو ستونانی جۆراو جۆر، واتە بەیانیان ئارەزوومەندانی هەر هەموو ئەو مەیدانانە، رۆژنامە بەسەر دەکەنەوەو گەشتی خۆیانی تێدا دەکەن و ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە پەیوەندییەکی بەردەوام و مایەی دروست بوون و نزیکبوونەوەی رای گشتی لەمەڕ دۆزو مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە رۆژنامەو رۆژنامەوانی، لە هەر روانگەیەکەوە بڕوانێت و لە هەر سەنگەرێکەوە بخەبتێت، بە جیاوازی رەوت و رێبازو بەرنامەوە، دەبێت مەسئولیەتی نیشتمانی خۆی بپارێزێت و بۆ هیچ مەبەست و بەرژەوەندی و ئامانجێك لێی لانەدات، بەمەش سەنگی خۆی دەپارێزێت و پتر متمانەی جەماوەر بەدەست دێنێت، ئەمەش بەو مانایە نییە کە رۆژنامە پابەندی یەك جۆرە ئایدۆلۆژیا و سیاسەت بێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە لە چوارچێوە بەرینەکەی نیشتمانپەروەری و فرە جەماوەریدا، رۆژنامەوانیانە مامەڵە دەگەڵ رێبازو رەوشی هەمە جۆردا دەکات و هەڵبەتە خزمەتی نیشتمان و گەلیش تاپۆی یەك گروپ یان یەك لایەن نییە، بەڵکو هەر هاوڵاتییەك ئازادە لە دەربڕینی راوبۆچوونی خۆیدا، بۆی هەیە لە روانگەی فیکری و ئایدۆلۆژی خۆیەوە و بە شێوازی خۆی و ئازادانە خزمەت بکات.
بۆیە رۆژنامە و رۆژنامەوانی لەسەرێتی بە راشکاوی و بوێری و متمانەوە هەنگاو بنێت و بەدوور لە هەر درۆو دەلەسەو پێچ و پەنایەك، بە دوور لە چاوبەستەگێ و تەفرەدان و شێواندنکاری و مامەڵە دەگەڵ بابەتە سیاسی و فیکری و رۆشنبیری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکاندا بکات.

ڕۆژنامەوانی، دەبێت هەمیشە هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و مەبدەئی خۆی بپارێزێت و وەکو ڕێباز لێی لانەدات، چونکە هەلپەرستی و پەت پەتێن بادانەوەی نابەجێی پێگەو هەڵوێست لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. مەترسییەکی گەورەیەو ڕۆژنامە پێی سووک دەبێت و دەکەوێت. دیارە ئەم بەو مانایە نییە کە ڕۆژنامەوانی باوەڕی بە گۆڕانکارییەکان نەبێت و خۆی دوورە پەرێز بگرێت. بە پێچەوانەوە دەبێت لە کارلێکی ئیجابیدا بێ لەگەڵ گۆڕاندا، چونکە بە خۆی فاکتەرێکی زندوو و کارای پرۆسەی گۆڕان و گۆڕینە. بۆیە مەبەست ئەوەیە کە ڕۆژنامە ستراتیژیەتی ڕوون و خۆیای هەبێت، ڕێبازو هەڵوێستی خۆی هەبێت و لە چوارچێوەی ئەو ستراتیژە ئاشکراو زندووەدا، تەکنیکی پراکتیکی خۆی هەبێت و بە گوێرەی قۆناغ و سەردەم، واقیعبینانە شان بە شانی گۆڕانکارییەکان بڕوات و تێکەڵیان ببێت بەڵام هەمیشە پابەندی ئەمانەتی نیشتمانی و ئەمانەتی نووسین و ئەمانەتی هەق بێژی ببێت، کە وەکو مەسئوولیەتی ئەخلاقی بەردەوامی ڕۆژنامە زامن دەکات، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەوانی خۆی بە ڕاڕایی و دوو دڵی و هەلپەرستی بسپێرێت و بە گوێرەی با شەن بکات ئەوا لە پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەوانی دوور دەکەوێتەوەو دەکەوێتە قومار بە ژیانی خۆی و لە ئەنجامدا دەدۆڕێت و نابوود دەبێت.

بێگومان ڕاڕایی و هەلپەرستی ڕۆژنامە، لە کەسایەتی و خودی ڕۆژنامەڤانیشدا ڕەنگدەداتەوەو بەم جۆرە ڕۆژنامەڤانێکی هەلپەرست دەخوڵقێت و هەمووش دەزانین کەش و هەوای هەلپەرستی گەرای خیانەت هەڵدێنێت ئیدی لە خیانەتی بچووکەوە بیگرە تا خیانەتی گەورە، خیانەت لە ویژدانی خۆت تا دەگاتە خیانەت لە گەل و نیشتمان، چونکە کەسێك بتوانێت خیانەت لە خودی خۆی بکات، بتوانێت خۆی تەفرە بدات، دەتوانێت خیانەت لە گەل و نیشتمان و هەموو بەها ستراتیژی و تاکتیکیەکانی تیرەی بەشەر بکات و قەڵەمەکەی بفرۆشێت و کاسبی بە بیروبۆچوون و نووسینەوە بکات.

دیارە لە قۆناغە ڕەوتەنییە سیاسییە خێراکاندا و لە سایەی نا سەقامگیریدا، لە سایەی نەبوونی یاسای پارێزەری ئازادی ڕۆژنامەوانی و نەبوونی دیموکراتییەتدا، هەلپەرستیەت زاڵ دەبێت و زۆر بواران دەگرێتەوە، یەکێك لەو بوارانە ڕۆژنامەوانییە. ئیدی ڕۆژنامەڤان-ی بەرژەوەند پەرست و ڕۆژنامەوانی نیمچە بازرگانی شێواو پەیدا دەبن، ئیدی کاری ڕۆژنامەوانی بە ڕێگەیەك بۆ دەوڵەمەند بوون تەماشا دەکرێت.

هەمووومان دەزانین کە ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییە هەلپەرستە چ دەورێکی خراپ لەنانەوەی دووبەرەکی و ئاژاوە لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیدا دەبینێت و گوتاری سیاسی و وڵات پارچە پارچە دەکات و گروپ گروپێنە، خزم خزمێنە و ناوچەگەرێتی دەخەنە ناو ڕیزەکانی کۆمەڵ و گیانی هاووڵاتیەت لەلای جەماوەری خەڵك سست دەکات و جەماوەر بە باری بەرژەوەندی خۆیدا چەواشە دەکات، حەقیقەت دەشێوێنێت و درۆ و دەلەسە بڵاودەکاتەو، ڕۆژنامە دەکرێت بە بازاڕی کاسبییەکی حەرام و خیانەتئامێز و دەڵاڵخانە. دیارە ئەم دیاردەیە پتر لە وڵاتانی پاشکەوتوودا، کە داب و نەریتێکی گەشەکردووی کۆمەڵایەتی و سیاسی شارستانیانەی تێدا نەچەسپیوە، سەر هەڵدەداو گەشە دەکات و دەبێتە کۆسپ لە ڕێگای ئامانجە مرۆڤانییەکاندا.

بێگومان نە رۆژنامەوانی بەبێ رۆژنامەڤان دەبێت و نە بە پێچەوانەشەوە، رۆژنامەڤان بە هۆش و بیر و رەنج و هەوڵی خۆی پەیامی رۆژنامە بەرجەستە دەکات، کەواتە رۆژنامەڤان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی رۆژنامەڤانی، تا ئەو کۆڵەگەیە بتەوو بەهێز بێت و تا لە شوێنی گونجاوی خۆی دابنرێت، رۆژنامە پتر پەرە دەستێنێت و دەبوژێتەوەو داب و نەریتەکانی ئازادی پتر ریشاژو دەکات و پارێزگاری پەرەسەندنیان دەکات.
هەڵبەتە هەر کەسێك، بۆ هەر مەبەستێك، جگە لە مەبەستی رۆژنامەوانی روو بکاتە دنیای رۆژنامەوانی، ناتوانێت ببێت بەو رۆژنامەڤانەی کە ئارەزوومەندانە دەبێت بە پەیڤداری ئازادی.
رۆژنامەڤان کەسێکە خۆی بۆ کاری رۆژنامەنووسی تەرخان دەکات و تەنیا وەکو سەرچاوەیەکی ژیان و بژێوی سەیری ناکات، کە رۆژ بەرێ بکات و بە حیسابی خۆی مووچەکەی حەڵاڵ بکات، نەخێر، بەڵکو رۆژنامەڤانی ئازاد و راستەقینە ئاشقێنی دەگەڵ کارەکەیدا دەکات، رۆژ بە رۆژ پتر تێکەڵی دەبێت، ئازادی خۆی لە کارەکەیدا دەبینێت و مومارەسە دەکات. بوونی مادی و ویژدانی خۆی لە چوارچێوەیدا دەسەلمێنێت، دیارە کە رۆژنامە، بەرەنجامی هەوڵ و کۆششی فیکری و رۆشنبیریی قەڵەم بە دەستانە، بێگومان ئەو بوارە مەعریفیانەش لە رێگەی وشەو زمانەوە بەرجەستە دەبن و نیشاندەدرێن، بۆیە دەبێت ئەو قەڵەم بەدەستانە توانایەکی رۆشنبیری و زمانەوانی زۆر باشیان هەبێت، تا بکارن و بوێرن خۆ لە بواری خوڕی رۆژنامەوانی بدەن، واتە رۆژنامەڤان دەبێت شارەزاییەکی باشی لە بوارێن سیاسی و مێژوویی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا هەبێت، توانای دەستنیشانکردنی دیاردەکان و شیکردنەوەی رووداوەکان و دیاریکردنی ئەگەر و ئاکامەکانی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە هەبێت، یانی خودان پاشخانێکی فیکری و رۆشنبیریی ئەوتۆ بێت کە لە هیچ بوارێکی رۆژنامەوانیدا پەکی نەکەوێت و دانەمێنێت.
لەگەڵ هەموو ئەمەشدا رۆژنامەڤان دەبێت خوێنەرێکی جدی و بەردەوام و پشوو درێژ بێت.
رۆژنامەوانی وەکو پێشتر ئاماژەمان کردێ، مامەڵە دەگەڵ دیاردە و رووداو و تێکڕای چالاکییە بەشەرییەکان دەکات چ لە ئاستی ناوخۆو ناوچەیی و چ لە ئاستی دەرەکی و جیهانی. ئەمەش وا دەخوازێت کە رۆژنامەڤان لە پاڵ شارەزایی گشتیدا، شارەزاو ئاگاداری هەموو ئەو شتانەش بێت کە پەیوەستن بە وڵاتەکەی و مێژووی وڵاتەکەیەوە، ئاگاداری باری سیاسی و رۆشنبیری و ئابووری هەموو قۆناغەکانی وڵاتەکەی بێت و رۆشنبینییەکی باشی لەمەڕ هەبێت، هەڵبەتە کە باسی توانای رۆشنبیری دەکرێت، مەبەست ئەوە نییە کە دەبێت رۆژنامەڤان لەهەموو بوارەکانی رۆشنبیریدا پسپۆڕ یان دانا بێت. بەڵکو مەبەست رۆشنبیرییەکی گشتی ئەوتۆیە کە رۆژنامەڤان لە هەردوو ئاستی نووسین و هونەریدا پەکی نەکەوێت. بێگومان زانیاری و رۆشنبیریی و فیکر... لە رێگەی زمانەوە و بە زمان دێتە دەربڕین، بۆیە زانین و سواری و رەوانی زمان لە مەرجە بنەڕەتییەکانی رۆژنامەوانییەو چەکی کاراو کاریگەری دەستی رۆژنامەڤانە، چونکە هەر وشەو زمان کاریگەری مادی و رۆحی بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی رۆژنامە دەبەخشێت، هەڵبەتە رۆژنامەڤان تەنیا بە زمان مامەڵە لە تەك دیارەدەو رووداوو بابەتاندا ناکات، بەڵکو دەبێت چاوی دیتنی تیژ بێت، گوێی بیستنی سووك بێت، بە دروستی بۆن و پێشبینی بکات، سووکەڵە و

رووح سووك بێت و بەلەز تێکەڵی مەسەلەکان و جەماوەری خەڵکی بێت. خۆ ئەگەر هەندێك سەرناس بێت و بتوانێت کەسایەتی بەرانبەر لە باری تەبع و تەبیعەت و پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و لە باری دەروونییەوە هەندێك بە خێرایی و بە شێوەیەکی گشتی و دروست بخوێنێتەوە، ئەوا دەکارێت وەکو رۆژنامەڤانێکی ئیجابی جڵەوی گفتوگۆکان بگرێت و بەو ئاراستانەیدا بەرێت کە دەیەوێت و جیهانی بیرو بیرکردنەوەو ناخی بەرانبەرەکەی فەتح بکات و بیهێنێتە قسە و ئەوەی دەیەوێت شەریفانە و رۆژنامەنووسانە لێی دەربێنێت، نەك تەنیا تۆمارکەرێکی تەمەڵی قسەکانی کەسی بەرانبەر بێت، رۆژنامەڤان دەبێت کەسێکی زیتەڵەو وریا بێت، هەزار و یەك رێگە بگرێتە بەر تا بەرانبەرەکەی بە جۆرێ بدوێنێت و بیهێنێتە قسان کە خۆ بە خۆ و ئارەزوومەندانە پەردە لەسەر ناخی خۆی هەڵداتەوەو بەوپەڕی جدی و راستگۆیی ئەوەی پێیەتی هەڵی بڕێژێت، دیارە ئەمەش بۆ خۆی توانایەکی گەرەکە، تواناش جۆرە بەهرەیەکە دەبێت بژارو پەروەردە بکرێت، بەهرەو پەروەردەش لەلای هەر رۆژنامەنووسێك کۆببووەوە، ئەوا توانای متمانە بە خۆبوون و راستگۆیی و دەستپاکی، کە کۆڵەکەی ئەخلاقیاتی رۆژنامەڤانە، لەلا دروست دەبێت و حورمەتی پیشەکەی و حورمەتی وشە دەگرێت، نە تەماح و نە هەڕەشە لە رێی دەرناکەن و لە سایەی هیچ گوشارێکدا سازش لەسەر ئابرووی پیشەکەی ناکات، چونکە شازشی رۆژنامەڤان – کە گوتمان رۆژنامەڤان دەبێت نیشتمان پەروەرێکی بێ غەل و غەش بێت– سازشە لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەری خۆی، گەر کردی سووك دەبێت، متمانە دەدۆڕێنێت و بونیادی ئەخلاقیاتی وەکو رۆژنامەڤان دەڕمێت... ئیدی رۆژنامەش بە کادیرو ستافەوە بەندە، کە کادیران و ستاف و بنەماکانی رۆژنامەوانیان وەلاوەناوە شەرەف وشەو پیشەیان زەدەدار کرد، رۆژنامەش پەیامی خۆی دەدۆڕێنێت و ئیفلاس دەکات.

گوتمان رۆژنامەوانی، پیشەیەکی سەنگینە، پیشەش هەرچییەك بێت، نابێت وەکو چەکێك بۆ ناو زڕاندن و خراپە کردن و دژایەتی کردن دەرهەق بە هیچ کەس و گروپ و لایەنێك بەکار بهێنرێت، چونکە دەکاتە پێشێلکردنی ئازادی، هەمووش دەزانین کە هەر کەسە و تا سنووری ئازادی کەسانی دی ئازادە، بۆیە رۆژنامەوانی و ئازادی رۆژنامەوانی، کە داکۆکییە لە ئازادی بە وشە، نیشانەی ئازادی فیکرو هەڵوێستە.

دیارە ئازادی وشەش، سەرەتای سەرهەڵدانی دیموکراتیەتە، کە یەکێکە لە بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کۆمەڵگەی مەدەنیش خێری تاکی تێدایەو بە گوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵ تاکدا، وەکو هاوولاتییەك دەکات، ئەرك و مافەکانی، دوور لە هەر وابەستەگییەکی خزم خزمێنەو گرووپ گروپێنە و ناوچەگەرێتی و خێلایەتی دیاری و زامن دەکات.

کەواتە رۆژنامەوانی کە لە پێناوی ئازادی کۆمەڵ و تاکدا دەخەبتێ، ناشێت ئازادی بکات بە چەکێك دژی فلان یان فیسار یان ئەم گروپ یان ئەو گروپ، رۆژنامەڤانیش کە ئالاهەڵگری ئازادییە، دەبێ لە هەموو کەس پتر پابەندی ئازادی و بنەما و بەها مادی و مەعنەوییەکانی بێت. دەنا هەموو بەهاو کاریگەرییەك دەدۆڕێنێت و دەبێت بە دەهۆڵی دڕاوو بەرژەوەندی گشتی پێ نا پارێزرێت، متمانە بەو زانیاری و رووداوانە ناکرێت کە بلاویان دەکاتەوە. کە کەوتە ئەو حاڵەوە

ئیدی ڕەنگە لە دابە ڕۆژنامەوانییەکان لا بدات و ڕۆژنامە بکات بە هۆیەك بۆ جۆرێك لە کاسبی و نان پەیدا کردنێکی حەرام و هەرزان فرۆشکردنی ئەو سەرچاوانەی هەواڵەکانی لێوە هەڵدەهێنجنێت، ئاژاوە نانەوە و پلارگرتنە ئەم و ئەو، ناوزڕاندنی خەڵکی، بە تەنگەوە نەهاتنی بەرژەوەندی گشتی.

ڕۆژنامەوانی، بەو پێوەرانە دەورێکی یەکجار گەورە لە بونیادو گەشە کردنی شارستانیەتی هەر گەل و میللەتێك دەبینێت، دیارە شارستانیەتی هەر میللەتەش دەکاتە ئەڵقەیەك لە زنجیرەی شارستانیەتی هەموو تیرەی بەشەر. بۆیە حکومەتێن نیشتمانپەروەرو سەربەخۆ، دەبێت ئەو دەورە گرینگەی ڕۆژنامەوانی ڕەچاو بکەن و دەسەلات دەبێت دەرکی تەبیعەتی ڕۆژنامەوانی وەکو بواری ئازادی فیکرو گوزارشت بکات. ئەوە بزانێت کە ڕۆژنامەوانی لە ئازادیدا سەرهەڵدەدات، لە ئازادیدا گەشە دەکات، لە ئازادیدا گەشە دەکات، لە ئازادیدا سوودی پتر دەگەیەنێت، بۆیە دەبێت کەش و هەوای سیاسی و ڕۆشنبیریی ئازاد و لە باری بۆ بڕەخسێنرێت، تا بەردەوام بێت لە کارکردن و خزمەتی گەلدا، دیارە کە باسی ئازادی و کەش و هەوای ئازاد دەکەین، مەبەستمان ئازادی هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، فیکری و ڕۆژنامەوانی و رادەربڕین و تەنانەت بە ئازادیی خودی ڕۆژنامەڤانیشەوە لە چوارچیوەو لەناو ڕۆژنامەکەیدا، لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بگوترێت کە پشتیوانی حکومەت لە ڕۆژنامەڤانی، نابێ ببێت بە کۆت و زنجیر و لە گەردنی ڕۆژنامەوانی بکرێت، چونکە ئەوە ڕۆژنامە دەخنکێنێت، لەگەڵ خنکان و نەمانی ڕۆژنامەدا، کۆڵەکەیەکی هەرە گرنگی شارستانیەت لە دەست دەچێت.

((٢))

ئاشکرایە کە ڕۆژنامەوانی زۆر بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و سایکۆلۆژی دەگرێتەخۆو ڕاستەخۆ کاریان تێدا دەکات... ئەو بوارانەو پەرسەندنی ئەو بوارانە، لە ولاتانی تازە ڕزگاربوودا زۆر ئالۆزو سست و خاوە. ئەم ئالۆزییە بەڕۆکی ڕۆژنامەوانیش دەگرێت. بەتایبەتی کە بەردەوامی و پێشینەیەکی دوورودرێژ و دەوڵەمەندو چەسپاوی بەخۆوە نەدیتووە. ئەو هەولانەش کە هەبوون، هەولی تاکە کەس بوونەو لە رووی دڵسۆزییەوە بووەو لەسەر حەساوی گیرفانی خاوەن ڕۆژنامەکە بووە. بە تایبەتی لە ناو میللەتانی بندەستدا کە ڕێژەی بازاڕو بوارە جیاوازەکانی چالاکییە مرۆڤایەتییەکان لەو ئاستەدا نین کە پێویستیان بە ریکلام ببێ و ڕۆژنامەوانی بیکات بە سەرچاوەیەك و بەردەوام بوونی خۆی پێ دابین بکات، بۆیە لەو بابەتە کۆمەڵگەیەدا، مەسەلەی دارایی هەڕەشەیەکی گەورەیە لە ڕۆژنامەوانی و بەردەوام بوونی.... زۆر جار حکومەت، بە تایبەتی حکومەتانی نیشتمانپەروەر و ئازاد و سەربەخۆ پشتیوانی دارایی لە ڕۆژنامەوانی دەکات، کە دوور نییە ئەمەش لە دوا ئەنجامدا خراپ بکەوێتەوەو لەسەر حیسابی ئازادی و سەربەخۆیی ڕۆژنامەکە بێ. خۆ ئەگەر ڕۆژنامەیەك بۆ پارە سازش لەسەر ئازادی خۆی بکات ئەوا دەکەوێتە ناو گەمەی هەلپەرستییەوەو ڕاستەوخۆ دەکەوێتە خزمەتی چەسپاندنی هەندێ بۆچوونی سیاسی تەنگەوە، کە هەرگیز دەگەڵ چەمکە

گشـتییەکانی ئـازادی گـەل و تاکـدا تێـك ناکاتـەوەو دەورو رۆڵـی راگەیانـدن لـە پاراسـتن و ریشاژۆکردنی ئازادیدا دەسڕێتەوە.
هەڵبەتە رۆژنامەوانی ئازاد، یەکێکە لە نیشانە دیارەکانی دیموکراتیەت، بۆیە هەر دەسەڵاتێکی نیشـتمانی سـەربەخۆو دیموکراتخـواز بگریـت، بـە تایبـەتی لـە وڵاتـانی تـازە پێگەیشـتوودا، لەسـەرێتی پشـتیوانی لـە رۆژنامـەوانی ئـازاد بکـات و ئاسـانکاری مـاددی و مەعنـەوی بۆ بکـات، چـونکە سـەربەخۆیی نیشـتمانی لـە چـوار چێوەی کرانـەوەی هاوچـەرخانەو مامەڵـەکردن دەگـەڵ دەسـتکەوتە زانسـتی و تەکنـەلۆژی و ئیعلامییەکانـدا بـەدیار دەکـەوێت و بـەردەوام دەبێـت. جـا رۆژنامــەوانی و راگەیانــدن کــە لــە کــارلێکی راســتەوخۆدایە لەگــەڵ دیــاردەو رووداوەکــانی سەرانسـەری جیهانـدا، نـابێ بخرێتـە پـەراوێزەوە، چـونکە رۆژنامـەوانی بـە گشـتی دەسـەڵاتە، لەلایەکەوە بەشێك لە پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە ئەرکی خۆی دەزانێت و لەلایەکی دیکەوە پاراستن و ریشاژوکردنی ئازادی رۆژنامەوانی وەکو نیشانەیەکی هەرە دیاری دیموکراتیەت بە ئەرك و پەیامی خۆی دەزانێت.
رۆژنامەوانیش بە مانای تەواوی رۆژنامەوانی وەکو زۆر بواری دیکە لەگەڵ سەرەتاو سەرهەڵدانی چینی بۆرژوادا وەکو چینێکی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی و وەکو چینێکی فرە ئاوات و ئامـانج و خولیا، سەری هەڵدا، ئەوە بوو فاکتـەرە ئابوورییـەکان بوونـە مایـەی پەرەسـەندنی پیشەسازی پێویسـت و چـاپ و چاپخانە و پۆسـتەو گەیانـدن هاتنـە ئـاراوە و دەورێکـی یـەکجار گرنگیـان لـە نەشونمای رۆژنامەوانی و پەرەسەندنیدا بینی.
هەڵبەتە رۆژنامەوانی، لە سەرەتاکانیدا بە دەست نووسراوەتەوەو بازرگانانی هەواڵ لەسەر داوای خەڵکانێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداری تینووی زانینی رووداوەکانی دنیا نووسیویانەو ئەمەش لـە سـەدەی چـواردەدا لـە ئیتالیـاو پاشـان لـە ئینگلتـەراو ئـەڵمانیادا سـەری هەڵـداوە. ئـەمجۆرە رۆژنامەوانییە تا سەدەی پازدە و بەشێك لە سەدەی شازدە هەر بەردەوام بووە، کۆنترین رۆژنامـە لە ساڵی ١٦٠٩دا لە ستراسبۆرگ دامەزراوە، ئیدی رۆژنامە بەرە بەرە لە رووی شێوە و نـاوەڕۆكو هونەرکارییـەوە پـەرەی سـەند و لـە شـوێنانی تـری دنیاشـدا سـەری هەڵـدا، بۆ وێنـە یەکـەمجار لـە ئیتاڵیادا و لە ئاخرو ئۆخری سەدەی شازدەدا سەری هەڵدا، لە وڵاتانی فەرەنسا و ئینگلتەراشـدا، ساڵی ١٦٣٠ دەستی پێکرد. وەختێ (ریشیلو) جڵەوی حوکمی گرتە دەست، هەستی بـە سوودو کاریگـەری رۆژنامـەوانی لـە بـواری گەڵاڵـە کردنـی رای گشـتیدا، کـرد، (تیۆفراسـت رینـۆدۆی) بـە پیاوی گونجاوی ئـەم مەیدانـە زانـی. لـە سـاڵی ١٦٣١دا رۆژنامـەی دی فرانس–ی دامەزراند. ئـەم رۆژنامەیە گوتاری بڵاونـەدەکردەوە بـەڵکو تـەنیا هـەواڵی بڵاو دەکردەوە.هـەموو جۆرە هـەواڵێکی ناوخۆودەرەوەی بڵاودەکردەوە.
یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی ئینگلیزی "دەیلی کارانت" لە ساڵی (١٧٠٢) دەرچوو، "جورنـاڵ دی باری" فەرەنسیش کە رۆژانە بوو لە ساڵی (١٧٧٧) دا دامەزرا.

به هەر حاڵ كاری ڕۆژنامەوانی تا گەییووەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ قۆناغی زۆری بڕیوە، گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووەو بە جۆرێك پەرەی سەندووە كە بە وەرچەرخانێكی گەورەی مێژوویی بەردەوامبوونی ڕۆشنبیری و سیاسی و ڕاگەیاندن و گەیاندن دەژمێردرێت.
بە هەرحاڵ وەكو ئامارەمان كردێ چینی بۆرژوا وەكو چینێكی شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی وەكو چینێكی فرە ئاوات و ئامانج و خولیا و بەرژەوەندیخوازو بازاڕ گەرمكەر، گەلەك شتی گەورە گەورەی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا داهێنا كە پاشان جەماوەری خەڵكیش، لە خێرو بەرەكەتی بێبەش نەبوون، یەكێك لەوانە چاپ و چاپخانە بوو كە توانایەكی وەهای بە ڕۆژنامەو بزاڤی ڕۆژنامەوانی بەخشی كە بتوانێت لە كات و ساتی خۆیدا ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانە بڵاوبكاتەوە كە تینوویەتی جەماوەری خەڵك بشكێنێت و لەگەڵ پێویستی و ئارەزووەكانی كۆمەڵدا بگونجێت.
بێگومان هونەری ڕێكخستنی بابەتێن ڕۆژنامەوانی وەك: "گوتار، هەواڵ، تاقیب و ڕاپۆر، دایەلۆگ و هەڤپەیڤین و چاوپێكەوتن" و بڵاوكردنەوەیان بە ڕێكوپێكی و لە كاتی خۆیدا، زادەو بەرهەمی پەرەسەندنی چاپەوانییە، چ وەكو كارو چ وەكو ئامێر:
ئێمەی كورد ئەمڕۆكە لە بوارێن ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن و گەیاندندا، بە ئاشكرا كاریگەری پۆزەتیڤی پێشكەوتنی چاپەوانی دەبینین و هەستی پێ دەكەین، واتە دەتوانین لە سایەی خێرو بێری پێشكەوتنی چاپەوانییەوە، ڕێگەكان قەدبڕ بكەین و بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتان و میللەتانی پێشكەوتوو، بە ماوەیەكی كەمتر بەسەر پاشكەوتنی شارستانی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا زاڵ ببین و بە تایبەتمەندی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆمانەوە بەشداری لە كاروانی شارستانیەت و بەرهەم هێنانی مێژووی تیرەی بەشەردا بكەین.
بێگومان ئازادی، خەون و خولیای هەرە دێرینەی تیرەی بەشەر بووەو بە درێژایی مێژوو خەباتی جدی لە پێناودا كراوەو دەكرێت. بۆیە هیچ سەیر نییە كە ئەگەر ئازادی و هەڵوێست لەمەڕ ئازادی بكرێت بە پێوانەیەكی جەوهەری بونیادی هەر ئایدولۆژیاو سیستەم و دەسەڵاتێك...
مرۆڤیش بەدرێژایی بوونی بەشەری خۆی لە خولیای بەدیهێنانی ئازادیدا بووەو خەباتی سەخت و دژواری لە پێناودا كردووە، لە ژێر خێوەتی ئازادیدا مومارەسەی مرۆڤایەتی خۆی كردووەو ڕای گشتی گەڵاڵە كردووە. بۆیە بە درێژایی ڕۆژگار كۆمەڵگەیەك بەدی ناكرێت كە لە پێناوی ئازادیدا وەكو مافێكی سروشتی خۆی تێ نەكۆشابێت، بێگومان شێوازی تێكۆشان بە گوێرەی قۆناغ و سەردەم و شوێن و كۆمەڵ و كۆمەڵگە جیاواز بووە. گرینگ ئەوەیە كە دۆزی ئازادی خولیای سەر لەبەری تیرەی بەشەر بووەو بەدیهاتنی ئازادی زامنی هەرە گرنگی ئاشتی و ئاسایش و تەبایی و ئارامییە لە هەردوو ئاستی ماددی و مەعنەوییەوە.
جا لێرەدا مەبەستمان ڕۆژنامەوانییە كە ڕاستەوخۆ سەروساختی دەگەڵ مەسەلەی ئازادیدایەو زەمینە بۆ مرۆڤ خۆشدەكات كە بە شێوەیەكی سروشتی ماڤ خۆی لە بواری بیركردنەوەو دەربڕیندا مومارەسە بكات و ئەو بۆشاییە سامناكەی كە سەركوتكاری، لە نێوان بیركردنەوەو دەربڕیندا دروستی دەكات، ئینسانیانە پڕ بكاتەوە. كە باسی بیركردنەوە دەكرێت، دیارە هیچ

کۆمەڵگەیەك نییە هەر هەمووی وەکو یەك بیر بکاتەوەو بە هەمان شێواز بیرو بیرکردنەوەی خۆی دەرببڕێت، بەڵکو رەوت و رێبازو بیرکردنەوەی هەمە جۆر هەیە، دیارە ناکرێت ئەم رەوت و رێبازە جیاوازانەی بیرکردنەوەش لە بۆتەی یەك بیردا بتوینرێتەوەو لە یەك قاڵب بدرێ، بەڵام زۆر گرینگە کە ئەو رەوتو رێبازە جیاوازانە، هەر یەکەیان بە شێوازی خۆی بەشداری لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و بونیاتنانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بڕیاری سیاسی و دەوڵەمەند کردنیاندا بکات هەر ئەمەش وا دەخوازێت ئازادی تەواو بە رۆژنامەوانی بدرێت و دەرفەتی لە باری بۆ بڕەخسێنرێت کە بەشداری لە پرۆسەی بونیاتنان و رەخنەی بەجێ و ئیجابیدا بکات و ببێ بە ئاوێنە و زیندوویەتی و دەوڵەمەندی فیکری و رۆحی کۆمەڵگە بنوێنێ و بەشداری تەواو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بکات. دیارە ئەمەش تەنیا لە کەش و هەوای ئازاددا دێتە دی، یەکێك لە ئەرکە هەرە گەورەکانی رۆژنامەوانیش بەرەڤانییە لە ئازادی و رووبەڕووبوونەوەی هەر جۆرە سەرکوتکارییەك.

بێگومان ئازادیش ئیلتیزاماتی خۆی هەیە، سنووری خۆی هەیەو نابێت لەگەڵ ئاژاوەو پاشاگەردانی و نامەسئولیەتدا تێکەڵاو بکرێت... هەروەها ئیلتیزامیش بەو مانایە نییە کە رۆژنامەوانی یەك رەوت و ریتم وەر بگرێت و هەمان بابەت و سەرگوتار و هەواڵ و ستوون و گۆشە و هەڤپەیڤین و راپۆرت و تاقیبکاری لە سایەی مانشێت و ناوی جیاوازدا دووبارە و دە بارە بکاتەوە، چونکە ئەوە بە فیڕۆدانی سەرمایە مەعنەوی و ماددییەکانمانە، بەبێ ئەوەی ئامانجەکانمان بێنە دی، ئەمە جگە لەوەی نابێتە مایەی پەرەسەندنی رۆژنامەوانی و چەسپاندنی ئەو دابە رۆژنامەوانییە رەسەنەی کە هەمیشە بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان رەچاو دەکات و رەوتی نیشتمانپەروەری قووڵتر دەکاتەوەو یاساکانی پاراستنی مافێن تاك و کۆمەڵ بە رۆژنامە و رۆژنامەوانیشەوە دەچەسپێنێ، دیارە رەچاو کردن و پاراستنی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان بەو مانایە نییە کە یاساو رێساکانی پاراستنی ماف رۆژنامەوان و ئازادی رۆژنامەوانی زەوت بکرێت یان نەهێڵرێت و هەندێ حاڵەت و دیاردە و کەس بخرێنە خانەی پیرۆزایەتی و سەرووی رەخنەوە، چونکە رەخنەگرتنی واقیعیانە و مەنتیقیانە و بەڵگەدار یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی رۆژنامەوانی و رەخنەش فاکتەرێکی کارای پاڵاوتنە و هەر بە رەخنەی بونیاتنەر گەل و وڵات پێشدەکەوێت، بۆ وێنە تاکو ئەمڕۆش لە زۆر وڵاتی دنیادا، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، کاریکاتێر، کە لایەنێکی رەخنەیی کاریگەری هەیە. وەکو لایەنێکی هونەری لە بواری رۆژنامەوانیدا زۆر پەسەند نییە و پتر بە گەڕ و تەشقەڵە دەژمێردرێت چ لەلایەن بەرپرسانەوەو چ لەلایەن خەڵکەوە، نەبوون یان کزی کاریکاتێر لە رۆژنامەوانیدا، خۆی لە خۆیدا دەلالەتێکی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی خراپی هەیەو بۆشاییەك دەخاتە ناو ئازادی رۆژنامەوانییەوەو زەمینە بۆ نوکتەی سیاسی لە ناو جەماوەری خەڵکدا خۆش دەکات، خەڵکی بە نوکتەی زارەکی داخی دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن و بۆشاییەکەی پێ پڕ دەکەنەوە.

بە هەر حاڵ دەمێکە ئەوە ساغ بووەتەوە کە بوونی رۆژنامەوانی نیشتمانی و ئازاد، زامنێکی هەرە گەورە و کارای پێشکەوتنی گەلانەو فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ نەهێشتنی گیرو گرفت و

پاشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی، کەواتە نە رۆژنامەوانی بەبێ ئازادی دەبێت و نە ئازادیش بەبێ رۆژنامەوانی و رۆشنبیریی نیشتمانی بەرجەستە دەبێت، واتە ئازادی و رۆژنامەوانی وەکو گیان و جەستە لە یەکتردا ئاوێتە دەبن و لە جیابوونەوە نایەن، بۆیە رۆژنامەوان مافی ئازادی گوزارشت و دەربڕینی بیروبۆچوونی هەیەو لەسەریێتی دژی هەر سەرکوتکارییەکی فیکری بوەستێ و ئەو کارو کردەوانە رەتبکاتەوە کە دژی هەر هەوڵێکی ئەفراندن دەکرێن یان لەبەر هۆی فیکری دژی رۆژنامەونووس دەکرێن و وەکو سزایەك لە کارەکەی خۆی دووری دەخەنەوە! رۆژنامەنووس تەنیا وەختێ دەکەوێتە بەر لێپرسینەوە کە بە ئاشکرا و بە بەڵگە خیانەت لە پیشەکەی بکات و پەیامی ئازادی خوازانەی خۆی وەلاوە بنێ و بەرژەوەندی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشێل بکات، ئەمەش بە هاوئاهەنگی لە نێوان لایەنە رەسمییەکان و سەندیکای رۆژنامەنووساندا دەبێت.

بۆیە هەر لە روانگەی ئازادییەوە، دەبێ باشترین دەرفەت بۆ هەڵسوکەوت و جموجۆڵ و چالاکییەکانی رۆژنامەنووس فەراهەم بکرێت و زانیاری و حەقیقەتی پێویستی بخرێتە بەردەست تا بە ئەمانەت و بە شێوازێکی رۆژنامەوانی پوخت پێشکەش بە جەماوەری خەڵکی بکات و ئەرك و پەیامی رۆژنامەوانی خۆیشی بەشێوازێکی نیشتمانپەروەرانەی دوور لە هەر خانە گومانییەك جێبەجێ بکات.

نابێ هیچ بکرێت بە بیانووی سانسۆر و سەپاندنی سانسۆر، چونکە رۆژنامەنووسی هۆشیارو رۆشنبیر هەمیشە و خۆبەخۆ پابەندی پاراستنی بەرژەوەندی نیشتمانی و پاراستنی ئابڕوی پیشەکەی خۆیەتی و بەو ئاسانییە دەستبەرداری هەڵوێستی نیشتمانپەروەری و پەیامی رۆژنامەوانی خۆی نابێت، بۆیە سانسۆر ئەگەر بە ناچاری پەنای بۆ ببردرێت، ئەوا تەنیا لەو کاتانەدا حەڵاڵە کە خوا نەکردە رۆژنامەنووس لەو دوو ئەرك و پەیامەی سەرێ لایداو گومانی کەوتە سەر، دیارە ئەمەش دەبێ بە هاوئاهەنگی بێ لە نێوان دەزگا رەسمییەکان و سەندیکای رۆژنامەنووساندا، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە سانسۆر بکرێت بە چەکێکی حازر بەدەست و بە هەق وبە ناهەق بەکار بێت و دەست بخاتە بینی ئازادی گوزارشت و بەردەوام هەڕەشە لە رۆژنامەنووس بکات و پرزەی لەبەر ببڕێت و هەموو بوارێکی داهێنان و ئیجتیهادی کاریگەری لێ بتەنێت و لە دوا ئەنجامدا بە ناچاری مەیدانی رۆژنامەوانی تەرك بکات و روو لە مەیدانێکی دیکە بکات و لە ناو هەڵپەی ژیاندا گوم و گومڕا و زندە بە چاڵ ببێ.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرینگی هاوپەیوەست بە دنیای رۆژنامەوانییەوە هەیە کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکرێت و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، ئەمەش مەسەلەی بڵاوکردنەوەی ریکلام و ئاگادارییانە، ریکلام و ئاگاداری، بۆ رۆژنامەوانی، بە تایبەتی لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، زامنێکی گەورەیە بۆ بەردەوام بوونی رۆژنامەو نایەڵێت راستەوخۆ بکەوێتە ژێر باری دەسەڵاتی دامو دەزگا حکومەتییەکان... ئەمەش، واتە ریکلام و ئاگاداری هەڵقوڵاوی پێداویستییە رۆژنامەوانییەکان بووە، بە تایبەتی بۆ رۆژنامە سەربەخۆکان. هەڵبەتە راوبۆچوونی جیاواز لەمەر بڵاوکردنەوەی ریکلام و ئاگاداریان هەیە، هەندێك دەڵێن رۆژنامەوانی ئازادی سنووردار دەبێت و

دەکەوێتە ژێر گوشاری خودان ریکلامان، ئیدی خودان ریکلام خەڵکانی دەوڵەمەند و سەرمایەدار بن یان حکومەت یان حزب بێ یان دامودەزگای دەسەڵاتدار بن...

هەندێکی دی پێیان وایە ریکلام و ئاگاداری بە هیچ جۆرێك لە سنووری ئازادی رۆژنامەوانی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە سەربەخۆیی دارایی رۆژنامەوانی زیاد دەکات و ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی کە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم حزب و ئەو حزبەوە. ئیدی رۆژنامەوانی سەرچاوەی ژیان و بەردەوام بوونی خۆی بە شێوازی تایبەتی خۆی پەیدا دەکات و ناچار نابێ ژێراو ژێر پارە لە هیچ دەسەڵاتێك وەربگرێت و چاو بەرەو ژێر ببێ لە ئەنجامدا ببێ بە رۆژنامەوانی ئەم دەسەڵات یان ئەو دەسەڵات، هەمووشی لەسەر حەساوی ئازادی جەماوەری خەڵك، واتە ریکلام و ئاگادارییان ئەگەر سووکە مەترسیشی هەبێت، ئەوا بە کۆمەکی چاودێری و رێکخستن ئەو سووکە مەترسیەشی نامێنێت. دەکرێت تیراژی رۆژنامە زۆر بکرێت، تا زیاتری لێ بفرۆشرێت و خودان ریکلامان پتر رووی تێ بکەن و هەنگێ نرخی بڵاوکردنەوەی ریکلام زیاد بکرێت، بە هەر حاڵ ریکلام و ئاگاداریان دەبێت لە سنووری دیاریکراودا بن و نابێ بگاتە ئەو رادەیەی بە جۆرێ بەسەر رۆژنامەوانیدا زاڵ بێت. بە تایبەتی لە وڵاتانی پاشکەوتوودا، کە لە رۆژنامەوانی راوبۆچوون و فیکر و هەواڵەوە، لە بڵندگۆی ئازادی خەڵکەوە، ببێ بە رۆژنامەوانی بازرگانی و زورناژەنی چەوسێنەران لە هەر سەنگەرێکدا بن.

بێگومان سەرمایەی هەر رۆژنامەوانێك زانیاری دەوڵەمەند و فرە لایەن و چۆنیەتی بە عەمەل هێنان و بەکاربردنی ئەو زانیاریانەیە لە بواری پراتیکی کاری رۆژنامەوانیدا، هەر ئەم سەرمایەیەش، فاکتەری تازەکردنەوە و گەشاندنەوەو بوژاندنەوەی تواناو بەهرە رۆژنامەوانییەکانی پێکدێنێت. دیارە هەر زانیاری و ئەزموونێکیش وەکو خۆی وەرناگیرێت، بەڵکو دەبێت تەتەڵەو گێژەو بێژە بکرێت و بە ئەقڵیەتێکی رەخنەگرانەی بەراوردکارییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بوارەکانی کاری رۆژنامەوانی زۆرن و ناکرێت رۆژنامەوانێك لە هەموو بوارەکاندا هەر کارامە و لێهاتوو و سەرکەوتوو بێت، بۆیە هەر رۆژنامەوانێك بەپێی ئەو کارەی کە دەیکات دێتە هەڵسەنگاندن و ناسین، بۆیە هەمە جۆری کاری رۆژنامەوانی خۆی لە خۆیدا نیشانەی جیاوازی سروشت و تەبیعەتی کاری رۆژنامەوانێکە لە هی رۆژنامەوانێکی دیکە بۆ وێنە نووسینی هەر یەکێك لە بابەتەکانی سەرگوتار، هەواڵی رۆژنامەوانی، راپۆرت، تاقیب، گۆشە، ستوونی رۆژانە مەرجی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لە مەرجەکانی کاری هونەری و دەرهێنانی رۆژنامەوانی و جێبەجێ کردن و نەخشەسازی و راستکردنەوە. هتد، بەڵام سەرباری مەرجی تایبەتی بۆ هەر بەشێك لە بەشەکانی کاری رۆژنامەوانی، دەبێ ئەوە لەبەر چاو بگیرێت کە ئەم کارە وەکو کاری هەر فەرمانبەرێکی رەسمی و تەقلیدی و ئاسایی دیکە نییە، بەڵکو ماندوو بوون و سەریەشە و زەحمەتێکی ئەوتۆی تێدایە کە دەبێ رۆژنامەوان هەموو تواناو بەهرە زەینی و بەدەنییەکانی خۆی و پەیوەندییە مرۆڤانییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بۆ بخاتە کار. بۆ وێنە با هەواڵنێر و پەیامنێر وەربگرین، دەبینین ئەم دنیایە لێوان لێوی رووداو و هەواڵانە، خۆ ناکرێت پەیامنێر هەر چاو بنووقێنێ و یەکێك لەم

هەواڵ یان لەو ڕووداوانە بڵاوبکاتەوەو تەواو. بەڵکو دەبێت زۆر بە وریایی و بەوپەڕی ئەمانەتەوە گرینگترین و بەسوودترین و تازەترین و زووترین و گەرمترین و کاریگەرترین هەواڵ یان ڕووداو هەڵبژێرێت و بەوپەڕی دەستپاکییەوە ناوەڕۆك و گەوهەرەکەی بپارێزێت و لە چوار چێوەی شێوازێکی ڕۆژنامەوانی کاریگەردا بیخاتە بەردەستی جەماوەری خەڵك، دیارە هەر ڕۆژنامەوانێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و دەشێت باری دەروونی و جۆری دیتن و خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بێتە ڕەنگدانەوەی هەواڵ و ڕووداوەکان و هەروەها ڕەنگدانەوەی دەسەڵات و شارەزایی و لێوەشاوەیی زمانزانی ئەو بێ.

((٣))

گوتمان بوارەکانی کاری ڕۆژنامەوانی زۆرن، بۆیە ڕۆژنامەوان کە لە هەر بوارێکدا کاری کرد، دەبێ خۆی و تەبیعەتی کارەکە باش بناسێت و لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵی بسەنگێنێ، ئەوجا دەستی پێبکات، بۆ نموونە زەینی ڕوون، ئەقڵیەتی کراوە، پڕ سۆزی، میکانیزمی کۆمەڵایەتی، توانای چێکردنی پەیوەندییان، سەرنج تیژی، هەست ناسکی، ئەقڵییەتی شیتەڵکاری، هەقپەروەری، ڕوح سووکی و تاقەتی بەدووداچوونی مەسەلە گرینگەکان، توانای پێکەوە گرێدانی هۆو ئەنجامی دیاردە و ڕووداوەکان، کۆمەڵە سیفەت و خەسڵەتێکی چاکن، لە هەر کەسێکدا هەبن، بە ئاسانی و لە ڕێگەی پەروەردەکردنیانەوە دەتوانێ ببێت بە ڕۆژنامەوانی چاك.
بێگومان هەر تواناو بەهرەیەك بگری دەبێ لە هەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکییەوە پەروەردە بکرێت، دەنا دەپوکێتەوە، بۆ نموونە گەر کەسێك خووی دایە نووسینی سەر گوتاران، دەبێ بەردەوام بێ‌و هەمیشە بە گیانێکی ڕەخنەیی خۆی بخوێنێتەوە و لە خوێنەرێکی جدی پتر موتابەعەو پەیگیری دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەی کارەکەی خۆی بکات.
یان خووی دایە بواری ڕاپۆرتان ئیدی چ ڕاپۆرتی کۆمەڵایەتی بێ یان سیاسی یان ئابووری بێ... هتد، بێگومان هەر یەکێك لەو بوارانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و هەر یەکێکیان بە زمانێکی تایبەتی دێنە دەربڕین، هەر یەکەیان ڕەگ و ڕیشەیان لە شوێنێك یان چەند شوێنێك هەیە، جۆری مالیجەکردنیان هەمە جۆرو جیاوازەو ڕەنگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە بگۆڕێن و هەمووشیان خاڵی یەکانگیریان لە نێواندا هەیە و زۆر بواری تریان تێکەڵاو دەبێت، بۆیە ڕاپۆرکاری ئەو بوارانە دەبێ ڕۆشنبیرییەکی دەوڵەمەندی دەربارەیان هەبێ و بەردەوام خۆی تازە بکاتەوەو بە شێوازی ڕۆژنامەوانی کاریگەر مامەڵەیان لە تەکدا بکات، دیارە هەر لە ڕێگەی مومارەسەی ڕۆژانەوە بەرە بەرە جۆرێك لە پسپۆڕی ڕۆژنامەوانی پەیدا دەبێ و ئەگەر ڕۆژنامەوانی پسپۆڕ پەلی بۆ بواری دیکەی دەرێی پسپۆڕی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، کوتا ئەوا بۆ پتر بەرجەستەکردن و دەوڵەمەند کردنی بوارە پسپۆڕییەکەی خۆیەتی یان زەرورەتی کاری ڕۆژنامەوانی وای لێدەخوازێت.
ئەگەرچی بوارەکانی کاری ڕۆژنامەوانی زۆرن یان هەندێ لێکدی جیاوازن، بەڵام خاڵی یەکانگیریانیش زۆرەو بە هەر هەموویان و پێکەوە پرۆسەی ڕۆژنامەوانی تەواو دەکەن، بۆ

نموونــه لــه بــواری راســتکردنەوەدا، ئــەوا راســتکەرەوەی زمــان راســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە سەرنووســەرەوە دەبێــت، هــەروەها هەڵەچــن کــە کــاری راســتکردنەوەی هەڵەچاپییەکان دەکـات ئەویش دەکەوێتە خانەی دەستەی نووسەرانەوە.

هـەر چـەندە جیاوازی لـە نێـوان راستکردنـەوەی زمانـەوانی و راسـتکردنەوەی هەڵـەی چاپ زۆرە، بـەڵام بەشــی راســتکردنەوەو بەدواداچــوون و پــەیگیری و داڕشــتنەوە یــەك بــەش پێکــدێنن، راسـتکەرەوە، دەبـێ تەجرەبـە و تاقیکردنـەوەو شـارەزاییەکی زمانـەوانی ئـەوتۆی هـەبێ کـە بـە ئاسانی بتوانێت هەڵەکان بگرێ و راستیان بکاتەوە، دەبێ هەستێکی ئـەدەبی و هونـەری ناسك و ساغڵەمی ئەوتۆی هەبێ کە لێیەوە بڕوانێتە سەر لەبەری بابەتەکانی رۆژنامە، کە بێگومان بابـەتی جیاوازن.

ئەگـەر لـە کـادری هـەر بـوارێکی وەکـو پـەیامنێری، هـەواڵنێری، تاقیبکـاری، ئـەدەبی، هونـەری گۆشەنووسـی، ستوونن‌نووسـی بخوازرێـت شـارەزای بوارەکـەی خـۆی بێـت، ئـەوا راسـتکەرەوە بـە تەبیعەتی کارەکەی شارەزای سەر لەبەری بوارەکانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە دەبێ کە کاریان تێدا دەکات.

چونکە هـەموو بابەتـەکان بـە بەردەسـتی ئـەودا رەت دەبـن، بۆیـە راسـتکرەوەی چاك هەمیشـە بـە کۆڵەکەیەکی هـەرە بەهێزی رۆژنامـەوانی چاك دەژمێـردرێ، راسـتکەرەوە سـەرەڕای شـارەزایی لـە بـواری کارەکـەی خۆیـدا، پێویسـتە شـارەزاییەکی تـەواوی لـە خاڵبەندیشـدا هـەبێ هـەر چـەندە مەســەلەی خاڵبەنــدی، مەســەلەیەکی زۆر گرینگــەو دەبــێ هــەموو ســتاف نووســەرانی رۆژنامــە شارەزای بن، دیارە نیشانەکانی خاڵبەندی دەکەنـە بەشێك لـە دەقی نووسین و بۆ ئاسـانکردنی کـاری خوێندنەوەیـەو ژمارەیـان زۆر نییـەو هـەرە گرینگـەکانیان بـریتین لـە: (وێرگـوڵ و خـاڵ لـە ژێری، خاڵ، دوو خاڵی لەسەر یەك، سێ خاڵی بـە ریـز کـە نیشانەی لابردنـە، نیشانەی پرسیار، نیشانەی سەرسوڕمان، جـووت کـەوان " "، کـەوان ( )، داش–، نیشانەی بـەردەوامی=، نیشانەی چونیەکی/.

لێرەدا و ئەوەندەی دەرفەت هەبێ زۆر بە کورتی ئاماژە بۆ دەلالـەت و مەبەسـتی بەکارهێنانی هـەر یەکێك لەو نیشانانە دەکەین:

وێرگوڵ ،: بۆ سووکە هەڵوەستەیەکی زۆر کورت یان لە بری واوی عەتف بەکار دێ.

وێرگوڵی خاڵدار ؛: بـۆ وەسـتانی تـەواو بەکاردێت، زیـاتر لـە نێـوان ئـەو رسـتانەدا بەکاردێت کـە پەیوەندی مەعنایان لە نێوان دایە وەك ئـەوەی رسـتەی دووەم دەلالـەت لـە هـۆ بکـات. یـان رسـتەی دووەم زادەو بـەرەنجام و هـەڵقوڵاوی رسـتەی یەکـەم بـێ: ئومێـد لـە وانەکانیـدا زیـرەك بـوو، لـە قوتابخانەدا خۆش رەفتار و سەلار بوو، بۆیە بەسەر کەوتوویی خوێندنی تەواو کرد. یـان هەنـدێ جار لە نێوان رستەی دوورو درێژدا بۆ تازەکردنەوەی نەفەس بەکار دێت.

خــاڵ .: بــۆ وەســتانی تــەواو و پشــوودان بــەکاردێت، لــە نێــوان ئــەو رســتانەدا بــەکاردێت کــە سەربەخۆن و جیان لە رستەکانی پاش خۆیان.

((:)) نیشانەی روونکردنەوەو گێڕانەوەیە وەك: پێشینان گوتوویانە: نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب.
((...)) لە جیاتی قسەیەك دادەنرێت کە پێویست بە دانانی ناکات، ئیدی لەبەر مەشهوری بێ یان ناشیرینی یان نووسەر دەقاو دەق لە بیری نەمابێ و لە کاتی نووسینەکەیدا بیری نەکەوتبێتەوە تا وەکو خۆی دایبنێ.
((؟)) ئەمە لە کۆتایی رستەی پرسیاردا بەکار دێ و یەکێك لە مەرجەکانی پرسیار ئەوەیە هیچ دوو دڵییەکی تێدا نەبێت.
((!)) نیشانەی سەر سوڕمانە، لە کۆتایی ئەو رستانەدا بەکاردێت کە بە هەردوو باری خۆشی یان ناخۆشیدا سەرسوڕمان دروست بکات وەك: خەنی لە خۆتان!
(( )): هەر دەقێك کە وەکو خۆی وەرگێڕا دەخرێتە ناو جووت کەوانەوە وەك: ((دنیا یا هی زۆرداره یا هی بێعاره)).
((–)) داش لە سەرەتاو کۆتایی رستەی ئیعترازی دادەنرێت، وەك راستگۆ –گەر هەژاریش بێ– جێی باوەڕە.
هەروەها بۆ دیالۆگ بەکاردێت وەك: وتی –
لە نێوان ژمارەو ژمێردراویش بەکار دێت وەك:
کار مرۆڤ لە سێ شت دوور دەخاتەوە:

١- بێزاری
٢- رەزیلی
٣- هەژاری

( ) یان [ ]: ئەمجۆرە کەوانانە بۆ گەمارۆدانی ئەو دەستەواژانەن کە دەویسترێ گەمارۆ بدرێن، یان تەفسیر بکرێ یان سەرنجیان بەلادا رابکێشرێت.
((=)): نیشانەی بەدواداچوونە وەکو لە دوای پەراوێزی ئەو لاپەڕەیە کە باسەکەی تێدا تەواو نەبووەو، هەروەها لە سەرەتای پەراوێزی لاپەڕەکەی دوای لاپەڕە تەواو نەبووەکە.
بە هەر حاڵ ئەمە نیشانە هەرە باوەکانی خاڵبەندی بوون و ئێستاش دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکەمان کە زیاتر بوارەکانی کاری رۆژنامەوانی بوون، بێگومان یەکێك لەو بەش و بوارانە، هەواڵە، کە هەواڵ دەوڵەمەندترین و گرینگترین بەشی کاری رۆژنامەوانی پێکدێنێ و دەکاتە هەوێنی سەر لەبەری پرۆسەی رۆژنامەوانی، هەر بابەتێکی رۆژنامەوانی بگریت راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ رەگێکی دەچێتەوە سەر هەواڵ، ئیدی لە سەرگوتارەوە بیگرەو پێیدا وەرە تا راپۆرت، لێکۆڵینەوەو تەحقیق، دیالۆگ و هەڤپەیڤین، کاروباری خەڵك، هونەر، وێنە، مانشێت، و ریکلام و...
دیارە هەواڵنێر دەبێت کەسێکی راستگۆو زیرەك و سەنگین و بوێرو بە بەهرەو توانا بێ، لێهاتووانە هەواڵەکان بقۆزێتەوە و بە وردی پەیگیری سەرچاوەکانیان بکات، ئەوانەیان هەڵبژێرێ کە گرینگ و مایەی سەرنج بن و بەشێوازێکی رۆژنامەوانی کاریگەر دایان بڕێژێتەوە، خێراو

بەلەز و چوست و چالاك و گورج و گۆڵ بێ لە کارەکانیدا، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆش و فراوان بن، خاوەن وەعدو بەڵێن بێ، لە کاتی چاوپێکەوتن و پرسیارو وەڵاماندا، وەڵامی بەرانبەرەکەی وەکو خۆی و بە ئەمانەتەوە تۆمار بکات و ئیزنی بڵاوکردنەوەی لە خاوەنەکەی بخوازێت.
بێگومان وەکو ئاماژەمان کردێ، نێوەڕۆکی هەواڵ زۆر گرنگەو دەبێت هەواڵی تەڕو تازەو گەرم و گوڕ بن و تا دەکرێت هەواڵێن دەستی یەك و ئەو هەواڵانە بێنە بڵاوکردنەوە کە راستەوخۆ پەیوەستن بە دۆزو کێشەکانی جەماوەری خەڵکەوە.
رۆژنامە وەك گوتمان زۆر بابەت و چالاکی رۆژنامەوانی دەگرێتە خۆی، هەر بابەتە و بە زمان و شێوازێك بەرجەستە دەکرێت و هەر ئەو فرە بابەتییەش چارەسەری فرە بەگەڵ خۆی دەخات و زانیاری هەمە جۆرو دەوڵەمەند دەخاتە بەر دەستی خوێنەر.
بۆ نموونە کە دێینە سەر باسی سەرگوتار کە لە باری راو هەڵوێستەوە، گوزارشت لە ناوەڕۆك و سیاسەتی سەرەکی رۆژنامە دەکات، بە زۆری لەلایەن سەرنووسەرەوە یان لەلایەن نووسەرانی ناسراوی ناو دەستەی نووسەرانەوە دێتە نووسین. سەرگوتار دەبێت هەڵقوڵاوی پێداویستی راو هەڵوێستی رۆژنامەکە بێ لەمەڕ دیاردەیەك یان رووداوێك یان دۆزێکی گرینگ یان بابەتێکی پێویست و، بە زمانێکی زیندووی واقیعانەو خۆیای پڕ لە پێستی ئەو بابەتە بێ کە مامەڵەی لە تەکدا دەکات، نەك ببێ بە کارێکی رۆتینی، پێویست بکات یان نەکات لە هەموو ژمارەیەك دووبارە بکرێتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا دەبێت بە کۆمەڵێك وشەو دەستەواژەی کلێشەیی و لە چوار چێوەی عمومیاتگۆییدا قەتیس دەمێنێ و خۆی کاوێژ دەکاتەوە هیچ نیشانەو مەبەستێك ناپێکێ و دەبێت بە پۆشاکی پڕ کردنەوەو بەرە بەرە خوێنەر لێی دەتارێت و نایخوێنێتەوە.
دیارە ئەمەش زیانێکی فرە بە خودی رۆژنامە دەگەیەنێت و بابەتی سەرگوتارەکە کە بایەخی خۆی هەیە، لە ناو ژاوە ژاوی زمانێکی کلێشەیی سواودا مردار دەکرێتەوەو هیچ کاریگەرییەکی رۆژنامەوانی و راگەیاندنی نامێنێ، بۆیە پێویستە کەسێك سەرگوتار بنووسێت کە زانیاری تەواوی لەمەڕ بابەتەکەی هەبێ، باوەڕی تەواو پێی هەبێ، رۆشنبینی تەواوی دەربارەی هەبێ، بە ئەقڵیەتێکی تەحلیلی قەناعەت بەخشەوە مالیجەی بکات و مامەڵەی لە تەکدا بکات.پاشخانێکی سیاسی و رۆشنبیریی و مێژوویی لە بابەتەکەدا هەبێ.
ئەوجا بە شێوازێکی کاریگەرو لە چوار چێوەی زمانێکی زندووی دەوڵەمەندی تایبەتدا بیخاتە روو.
هەڵبەتە بەکارهێنانی دەستەواژەو رستەی کلێشەیی و سواو نیشانەی ستۆك بوونی کەرەستەکانی نووسینە لەلایەك و کالایەکە و لە دەرێ را دەهێنرێت و بە تۆبزی بە بالای بابەتەکاندا دەربڕدرێت بێ ئەوەی حەساو بۆ جیاوازی بابەتەکان بکرێت، لەلایەکی دیکەوە نیشانەی چەککردنی بیرو بیرکردنەوەو هەژاری خەیاڵ و مردەڵەیی روحی نووسەرە کە ناتوانێت بۆ هەر بابەتێك، زمانێکی زندووی ئەوتۆ بخوڵقێنێ کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بابەتەکە بگرێتە خۆو رۆژنامەوانانە تاوتوێی بکات و شارەزایی و لێهاتووی نووسەرەکەش بنوێنێ. وەك گوتمان

مەرج نییە بابەتەکانی سەرگوتار لەلایەن یەك کەسەوە بنووسرێ، چونکە بابەتی سەر گوتار زۆرەو هەمە جۆرن و ناشێ تاقە کەسێك شارەزایی تەواوی لەو هەموو بابەتە جۆراو جۆرانە هەبێت، بۆیە دەشێت بە گوێرەی بابەتەکە و بەپێی شارەزایی نووسەر، نووسینی سەرگوتار هەر جارەو بە یەکێك لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکە یان بە نووسەرێك بسپێردرێت.
بێگومان رۆژنامە دەیەوێت زۆرترین ژمارەی خوێنەر بەلای خۆیدا رابکێشێت، هەر بۆیەش رۆژنامە جگە لە بابەتە سەرەکییەکانی وەك سەرگوتار و هەواڵ و تەحقیق و راپۆرو کاریکاتێر و هونەرو کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسی... زۆر وردە بابەت و گۆشەو ستونانیش دەگرێتە خۆو لە هەر یەکێکیانەوە و بەشێوازو زمانێکی تایبەتی خەڵکانێك دەدوێنێ، بەمەش جەماوەرێك بۆ خۆی دروست دەکات، کە دەبێ هەمیشە متمانەیان بپارێزێت.
هەڵبەتە گۆشە کەسانێك دەینووسن، کە شارەزایی و ئەزموونی دەوڵەمەندیان هەبێ و بتوانن بە زمانێکی چڕو پڕ و رۆژنامەوانیانە ناوەرۆکێکی پەسندو هاوچەرخ لە قاڵبێکی تازەو سەرنجراکێشدا بخەنە روو. دیارە بابەتەکانی گۆشە جیاواز و هەمە جۆرن، بۆیە کەسانی جیاوازو هەمەجۆر دەیاننووسن. بۆ وێنە بابەتی وەرزش، یان ئەدەب یان رۆشنبیریی گشتی یان پزیشکی... خەڵکانێکی شارەزای ئەو بابەتانە دەیانووسن، نەك هەر کەسەو هەستێ و ناوی خۆی بنێ گوشەنووس و بە کەیف و ماشای خۆی بەناو بکەوێ و لێخورە دەشتە..

***

رۆژنامەنووس دەبێت زانیاری تەواوی لەمەڕ ئەو بابەتانە هەبێ کە باسیان دەکات تا بتوانێت هەر بابەتەو بە شێوازی گونجاو بخاتە روو، مامەڵەی لە تەکدا بکات. بێگومان ئەم دنیا جەنجاڵ و پڕ بابەت و رووداوو دیاردەیە لە گۆڕان و جووڵانی بەردەوامدایەو لە زاوزێدایە، هەرگیز وەستانی بۆ نییە، رۆژنامەنووسیش لە نێو ئەم دنیایە دایەو لە بازنەی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕین بەدەر نییە و لە پێوەندی بەردەوامدایە لەگەڵ ئەم دنیا جەنجاڵەدا، ورد ورد دەڕوانێتە بابەتە زۆرو زەبەندەکان تا لە ئەنجامدا بابەتی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەشێوازێکی رۆژنامەوانی ئەوتۆ مامەڵەی لە تەکدا دەکات کە هەم ئازادی رۆژنامەنووس زامن بکات و هەم پلان و ئامانجی رۆژنامەکە بێتە دی و هەم رێزی ئاوات و ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری و ئابوورییەکانی جەماوەری خەڵك بێتە گرتن و بەرەو پێشکەوتن ببرێن، چونکە پەیامی رۆژنامە، پەیامی ئازادی و رزگارییە لە هەموو ئاستەکاندا، بۆیە بابەتی زندووی رۆژنامە، دەکاتە ئەو بابەتانەی کە راستەوخۆ پەیوەستن بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگاوە، بەو بابەتانەوە کە تێکەڵ بە ژیانی خەڵکە، تانوپۆی ژیانی خەڵك پێکدێنێ. دیارە کە رۆژنامە لەو بابەت و مەسەلە زندووانە دوور بکەوێتەوە ئیدی پەیامی "ئازادی" لە دەست دەدات و دەکەوێتە سەنگەرێکی ترەوە کە دوور نییە رێك دژی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بوەستێتەوە.
بێگومان راستگۆیی و وەفاداری رۆژنامەوانی خۆی لە خۆیدا پابەندییە بە بەرژەوەندی و مافەکانی نیشتمان و گەلەوە. دەوڵەتیش ئەوزاری کۆمەڵگەیە بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی

جەماوەر، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە کاتێ ڕۆژنامەوانی لەکاتێکدا بەلای کۆمەڵگادا شکایەوە ئیدی ئەوە دژایەتی دامو دەزگاکانی دەوڵەتە یان دژی هەندێ لە بەرپرسان وەستاوەتەوە، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە... چونکە ڕۆژنامەوانی بەبێلایەنی جەخت لەسەر هەموو شتێکی راستو ڕەواو دروست دەکات و لە هەموو ئەم کارانەش بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لەبەر چاو دەگرێت و بە جۆرێك مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی خۆیدا دەکات کە خزمەتی مەسەلە گەوهەرییەکانی کۆمەڵگە بکات بە جۆرێك ئاراستەیان دەکات کە حکومەت بە ئاراستەی خزمەتی گەلدا ببات.

گوتمان نابێت ڕۆژنامەنووس خۆی لە قەرەو توخوبی ئەو بابەتانە بدات کە لێیان بەلەد نییە، چونکە دووچاری هەڵەو ناکامی گەورە دەبێت و ناتوانێت بە ڕۆشنبینییەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکەیدا بکات و لە هەموو ڕوویەکەوە تاوتوێی بکات، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم کارە هەستی ڕەخنەوانی ئیجابیانە لەلای ڕۆژنامەنووس کولدەکات و دەیشێوێنێ. خۆ ئەگەر ڕۆژنامەنووس دەست بەرداری ڕەخنەی ئیجابیانەو بوێرانە بوو، ئیدی وەکو ڕۆژنامەنووس بەرەبەرە دەپوکێتەوەو پاشەکشە دەکات، ئیدی دەبێت بە فەرمانبەر و موچەخۆرێکی ئاسایی و سەریەشە بۆ خۆی دروست ناکات و پێرەوی دروشمی (ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە) دەکات.

بەر لە کۆتایی و هاوپەیوەست لەگەڵ بابەتەکەمان پێویستە ئاماژەیەکی خێراو چڕو پڕ بۆ ڕۆڵی سەرنووسەر بکرێت، بێگومان سەرنووسەر فەرمانبەرێك نییە بۆ ئەوە دامەزرابێ کە مووچەیەکی چەوری بدرێتێ و لە پشت مێزو کورسییەوە بیروکراسییانە ڕەفتار بکات و خۆی بنوێنێ بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرنووسەر داینەمۆی سیاسی و ڕۆشنبیری و پیشەیی و ئەخلاقی سەرلەبەری پرۆسەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەکەی خۆیەتی، ئەو ڕێکی دەخات و ئاراستەی دەکات، ئەو سەرکردەی هەموو مەیدانەکانی ژیانی ڕۆژنامەوانییە لە ڕۆژنامەکەیدا و جێ پەنجەی بەسەر ڕۆژنامەکەوە دیارە، دیارە ئەمە بە حوکمی کارەکەی وایە، دەنا کەم و زۆر نیشانەی دیکتاتۆریەتی سەرنووسەر نییە، بۆیە هەڵبژاردنی سەرنووسەری چاك بۆ ڕۆژنامە ڕەسمییەکان (فەرزە) لە زۆر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا و بەدوور لە دابە گەوهەرییەکانی ڕۆژنامەوانی، سەیر دەکەی هەندێ کاری ڕۆژنامەوانی حەساسی وەکو خاوەن ئیمتیازی یان سەرنووسەری بە خەڵکانێکی زۆر ڕەسمی وەکو وەزیر، بەڕێوەبەری گشتی یان سەرۆکی سەندیکای ئەم دەزگایەی کە ڕۆژنامەکە دەردەکات، دابەش دەکرێت، بێگومان ئەمە خۆی لە خۆیدا ڕوانینێکی ناساغلەمە بۆ پرۆسەی ڕۆژنامەوانی و هەوڵێکی نا ڕۆژنامەوانییە بۆ بیروکراتیەت کردنی دام و دەزگاکانی و کۆکردنەوەو قۆرخ کردنی دەسەڵات، بێگومان کە ئەمە سەر بگرێ هەنگینێ ڕۆژنامەوانی لە دەسەڵاتی خۆی دەخرێت و دەخرێتە خزمەتی مەرکەزەکردنی دەسەڵات... چونکە ئەگەر سەرنووسەرێك بەگوێرەی حەزێکی سیاسی یان دۆستایەتی و ناسیاوییەکی تایبەتی و بەدەر لە مەرج و پێویستییەکانی سەرنووسەری بێتە دامەزراندن، ئیدی ئەو ڕۆژنامەیە بەرەبەرە لە داب و نەریتە دیموکراتییەکان، کە کۆڵەکەی ڕۆژنامەوانییە، دوور دەکەوێتەوەو ئیدارەی بەزەبرو زەنگ جێی دەگرێتەوەو ڕۆژنامەنووس دەبێت بە داشی دامەی دەستی ئیدارەو پرۆسەی ڕاگەیاندن و

ڕۆژنامەوانی دەبێت بە کۆڵۆنی ئیدارەو ئیدی کاتەکان بە کۆبوونەوەی دوورو درێژی ڕۆتینی ئیداری بە فیڕۆ دەدرێن.

سەرنووسەریش بۆ شاردنەوەی بێ توانایی و دەستەپاچەیی خۆی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، پتر پەنا بۆ دەسەڵاتە ئیدارییەکانی دەبات و وەکو چەکێك بەکاری دێنێ، ئەو چەکەی کە ناتوانێت تا سەر بێ بەهرەیی و بێ توانایی ئەو بابەتە سەرنووسەرانە بشارێتەوە... دیارە لە کەش و هەوای ئاوهادا ڕۆژنامە بەرە بەرە لە ڕەونەق دەکەوێت و لە پەیامی خۆی دوور دەکەوێتەوە... هەڵبەتە سەرۆکایەتی نووسین کارێکی گرینگە و لە مەیدانی ڕۆژنامەوانیدا دروست دەبێت و گەشە دەکات و دەخەملێت و مەرجی خۆی هەیە و دەبێت دوور بێ لە هەر جۆرە دەست تێوەردانێکی نا ڕۆژنامەوانی، دەوری لایەنانی ئیداری و سەندیکایی و ڕەسمی ئەوەیە کە وەکو خاوەنی ئیمتیازو لە چوارچێوەیەکی گشتیدا، لە چوارچێوەیەکی ئیداریدا بەڕێوەی بەرن و سەرپەرشتی بکەن، بەڵام خودی پرۆسەی ڕۆژنامەوانی ئەمەیان کاری ستاڤی ڕۆژنامەکەیە.

سەرنووسەری نا ڕۆژنامەنووس، پتر خۆی بە پەیوەندی و دەعوات و سەردان و گروپ گروپێنەو ئەم شتانە تەرخان دەکات تا بۆ بیرکردنەوە لە گەشەپێدانی ڕۆژنامەکەی. تا بەرە بەرە وای لێدێت "نووسەرییەکە" لە بیری خۆی دەباتەوەو پتر خۆی بە "سەرۆکایەتی" نووسینەکەوە هەڵدەواسێت.

بەرە بەرە دەگاتە حاڵەتی کەچڕەوی.. و لە ئەنجامدا سەرنووسەری نا نووسەر تەنانەت لە ستافەکەی خۆیشی دادەبڕێت و هەر لایەکیان دەکەونە سەنگەرێکەوەو سەرنووسەر بە هیچ جۆرێك بەڕەڤانی لە ستافەکەی ناکات و نایانپارێزێت، لێرەشدا گیانی هاوکاری لە نێو ستاڤ ڕۆژنامەدا، کە ڕۆژنامە بە تەبیعەتی خۆی کارێکی دەستەجەمییە، نامێنێ و ڕۆژنامەنووس وای لێدێت ئەوەندەی بیر لە پاراستنی نانەکەی دەکاتەوە، بیر لە داهێنان ناکاتەوەو هیچ هاوئاهەنگییەك لە نێوان چالاکی ڕۆژنامەوانی و بەشەکانی ڕۆژنامەدا نامێنێ و لە ئاکامدا ئاستی ڕۆژنامەکە دادەبەزێت..

کۆڵەکەکانی چالاکی ڕۆژنامەوانی و بینای هەیکەلی ڕۆژنامە، بریتییە لە بەشە جۆراو جۆرەکانی ڕۆژنامە: بەشی هەواڵ، بەشی لێکۆڵینەوە، بەشی کاروباری ناوخۆ و نێو دەوڵەتی، بەشی ڕۆشنبیری، بەشی وەرزش، بەشی کۆمەڵایەتی، بەشی ڕاستکردنەوە، بەشی پەیگیری و بەدواداچوون، بەشی هونەری، بەشی وێنە، بەشی ئەرشیف، بەشی ئافرەتان، بەشی وەرگێڕان و زۆر بەشی دیکە.. هەڵبەتە دەکرێت بەپێی ڕەوت و ڕێبازو پلانی کاری ڕۆژنامە، ئەو بەشانە کەم بکرێنەوە یان زیاد بکرێن.

بێگومان هەر هەموو ئەو بەشانە پەیوەستن بە یەکەوە بە هەر هەموویان ڕۆژنامە پێکدێنن. بۆ نموونە ئەگەر ڕاپۆر وەربگرین سەیر دەکەین ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە زۆر بەشەوە، بەشی تەحقیق و لێکۆڵینەوە سەرپەرشتی دەکات.

بەشی هەواڵ زانیاری ورد و دروستی دەخاتە بەردەست. بەشی وێنە، وێنەی پێویستی دەداتێ. بەشی هونەری، کارە هونەرییەکانی دەکات، بەشی ڕاستکردنەوە سەیری دوا پرۆڤەی دەکات.

سكرتێری نووسین هەموو کەرەستەکان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئامادە دەکات.
سەرپەرشتیاری زمانەوانی یان بەشی زمانەوانی پێیدا دەچێتەوە و هەموو ئەم کارانە پێکەوە پرۆسەی رۆژنامەوانی پێکدێنن.
گوتمان سەرنووسەر رێبەرایەتی رۆژنامەکە دەکات ئیدی لە هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانەوە پێیدا وەرە تا دەگاتە پلان دانان، ئیدی پلانی یەك مانگی یان چەند مانگی و تەنانەت یەك ساڵیش .
هەروەها دابینکردنی تەبایی نێوان بەشەکان... و دوور خستنەوەی هەر جۆرە ریاکارییەکی رۆژنامەوانی.. بۆیە جێ دەستی سەرنووسەر هەم لە باری رۆژنامەوانی و توانای رۆشنبیریی و هەم لە باری ئەخلاقییەوە، لە پرۆسەی رۆژنامەوانیدا بە دیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێت.
لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بگوترێ کە رۆژنامەوانی دایەرەیەکی ئیجرائی نییە، بەڵکو کەناڵێکە بۆ وشیارکردنەوەی جەماوەری خەڵك تا ماف و ئەرکی خۆیان بناسن و بزانن، بە جورئەت و بوێرییەوە بەرەڤانی لەمافی خۆ بکەن و بە دڵسۆزییەوە ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن و، دڵنیابن کە گەشەکردنی وڵات لە هەموو بارێکەوە لە قازانج و بەرژەوەندی ئەوانە و دەبێت بە ئەقڵیەتێکی رەخنەگرانەوە بڕواننە گیروگرفتەکان و دژی پاشڤەرۆیی و دواکەوتوویی بوەستن. کەواتە رۆژنامەوانی کار بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر و بڵاوکردنەوەی هوشیاری رەخنەیی و ئازادی بیرو گوزارشتکردن دەکات بە ئاراستەی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا.


<u>ژێدەران:</u>

١- مبادئ الصحافة في عالم المتغيرات – عزيز السيد جاسم ١٩٨٥
٢- ديمقراطية الاعلام والاتصال- د. محمد عبدالقادر حاتم ١٩٩٦ الهيئة المصرية العامة للكتاب.
٣- بين الصحافة والسياسة ط ٣ ١٩٨٤ محمد حسنين هيكل
٤- لغة الصحافة المعاصرة د. محمد حسن عبدالعزيز- المركز العربي للثقافة والعلوم.
٥- قصةنووسي – رضا براهني
٦- **تێگەیشتنی راستی – د. کەماڵ مەزهەر**
٧- **دەسەڵاتی بێدەسەڵات – گۆڤاری کاروان ژ- ١٢٠ / ١٩٩٨ حەمە کەریم عارف.**


## ٤- چەردەیەك لەمەڕ دەسەڵاتی چوارەم

((١))

راگەیاندن و ئازادی راگەیاندن و دەربڕینی راوبۆچوونان کۆڵەیەکی هەرە بنەڕەتی کۆمەڵگەی شارستانییە، کۆمەڵگەی شارستانی و مەدەنیش لەسەر سیستەمی دام و دەزگایی و دیموکراتیەت رۆدەنرێ، دیارە ئازادی راگەیاندن و دەربڕینی راوبۆچوونان ئەمڕۆکە مافێکی هەرە بنەڕەتی مرۆڤەو زەرورەتی سیاسی و فەلسەفی خۆی هەیە.

راگەیاندن بەگشتی و رۆژنامەوانی بە تایبەتی لە چوارچێوە گشتییەکەیدا دەکاتە کۆکردنەوەی هەواڵ و راوبۆچوونان و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤارێك یان رۆژنامەیەکدا واتە لە یەکێك لە کەناڵەکانی راگەیاندندا. جا بەم پێیە رۆژنامەوان دەکاتە ئەو کەسەی ئەو کارە، واتە کۆکردنەوەی هەواڵ و راوبۆچوونان و بڵاوکردنەوەیان لە کەناڵێکی راگەیاندن لە چوارچێوەی یاسادا، و لە بازنەی بەرژەوەندی باڵای گشتیدا ئەنجام بدا. هەڵبەتە ئەو بڵاوکردنەوەیە دەبێ لە کاتی خۆیدا بێ، وەکو ئەوەی رۆژانە یان هەفتانە، یان دوو هەفتە... هتد جارێك بێ. کەواتە رۆژنامەوانی و راگەیاندن دەکاتە پیشەو هەواڵ و راوبۆچوون و زانیاری گشتی و هەمە جۆر لە کاتی دیاریکراودا بڵاو دەکاتەوە. دیارە بواری راگەیاندن ئێستا و لە ئەنجامی ئەو پەرەسەندنە زۆرانەی بەسەر ژیان و ژیاردا هاتووە و دێت هەر لە چوارچێوەی ڕۆژنامەوانی چاپکراودا نەماوەو رادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەوانی ئەلکترۆنیشی گرتۆتەوەو هەموو ئەمانە کەناڵی گرینگ و کارای راگەیاندنن، جا ڕۆژنامەوان یان راگەیاندنکار، دەکاتە ئەو کەسەی کاری کۆکردنەوەی هەواڵ و راوبۆچوونان و بڵاوکردنەوەیان لە کەناڵێکی راگەیاندن دا بگرێتە ئەستۆو کاری راگەیاندن بکاتە پیشەی خۆی. لە بواری ڕۆژنامەوانیدا وەکو کەناڵێکی راگەیاندن هەموو ئەمانە بە رۆژنامەوان حەساو دەکرێن: بەرپرسی دەزگا ڕۆژنامەوانییەکان، خودان ڕۆژنامە یان گۆڤار، سەرنووسەر، جێگری سەرنووسەر، سکرتێری نووسین، بەڕێوەبەری نووسین، نووسەر، وەرگێڕ، پەیامنێر، خۆشنووس، نەخشەساز، وێنەساز، هەڵەچن، ئەرشیف کارو... ئەوانەی بە شێوەی پچڕ پچڕ و ناو بەناو لە کەناڵێکی ڕۆژنامەوانیدا بەشداری دەکەن و دەنووسن بە رۆژنامەوان ناژمێردرێ.

((٢))

هەڵبەتە دیاریکردنی سەرەتای سەرهەڵدان و پەیدا بوونی راگەیاندن وڕۆژنامەوانی کارێکی ئاسان نییەو ڕای جیاواز لەو بارەیەوە هەیە، بەڵام دەکرێ بگوترێ ڕۆژنامەوانی بەشێوە سەرەتایی و ساکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە کۆنانەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی نەخش و نیگارەوە لەسەر بەرد و دیواری ئەشکەوتان هەواڵ و رووداو سەرگوزەشتە و شەڕ و شۆڕ و شکست و سەرکەوتنەکانی خۆی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە. دیارە نەخش و نیگار دەکاتە سەرەتای بەکار هێنانی نووسین، واتە ڕۆژنامەوانی بە شێوە ساکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی

که مرۆڤ دەستی بە نووسین کردووە. دەربارەی کۆنترین ڕۆژنامەش مشتومڕ لە نێوان ڤەکۆلەر و تۆژینڤاناندا هەیە، هەندێ پێیان وایە (کارە ڕۆژانەکان)ە کە لەساڵی ٥٠ی پێش زایندا بە ئەمری یولیوس قەیسەری ئیمپراتۆری ڕۆما ڕۆژانە دەرچووە و هەواڵ و یاسا تازەکانی تێدا بڵاوکراوەتەوە و لە مەیدانی ڕۆمادا ڕۆژانە هەڵواسراوە، تا خەڵکی تەمەشای بکەن و لە هەواڵ و یاسا تازەکان ئاگادار بن.

هەندێکی دی پێیان وایە یەکەم ڕۆژنامە، ڕۆژنامەی (کین بان)ی چینی بووەو لە ساڵی ٩١١ پ. ز بڵاوبووتەوەو حکومەت دەریکردووەو بە سێ ڕەنگ دەرچووە بە پێی کاتی دەرچوونی-بەیانیان بەرەنگی زەرد و نیوەڕوان بە ڕەنگی سپی و ئێواران بە ڕەنگی سوور.

بەڵام هەموو ئەوانە بۆچوون و ڕای بنجبڕنین، چونکە ڕۆژنامەوانی وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەگەڵ پەیدابوونی چاپ و چاپخانە و سەرهەڵدانی چینی بۆرژوادا بە مانای تەواوی ڕۆژنامەوانی پەیدا بووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستییەکانی چینی بۆرژوا کە پێویستی بە هەواڵەکان بووە، پێویستی بەوە بووە ئاگاداری ڕووداوەکان بێ، پێویستی بەوە بووە بیری تازەی خۆی بە بەردەوامی بڵاو بکاتەوەو بیگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی خەڵکی. واتا سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی و سەرهەڵدانی چینی بۆرژوا وەکو چینێکی هەڵگری بیروبۆچوونی تازەو فرە تەماح و فرە ئاوات و ئامانج، بە ڕادەیەك پێکەوە پەیوەستن دەشێت بگوترێ ڕۆژنامەوانی زادەی چینی بۆرژوایە و هەر ئەو دایهێناوەو خستویەتیێ خزمەتی خۆیەوە. بە هەر حاڵ ڕۆژنامەوانی لە سەدەی پازدەیەمەوە ئیدی هاتە مەیدان و بەرە بەرە پەرەی سەندو یاساو ڕێسای خۆی بەرهەمهێناو شێوە وشەکڵی خۆی وەرگرت.

((٣))

بە هەر حاڵ ڕۆژنامەوانی هەر لە کۆنەوە زادەی زەرورەت و پێداویستییەکانی ژیان و ژیاری کۆمەڵگەی مرۆڤ بووەو بەرەبەرە گەییوەتە ئەم ئاستەی ئەمڕۆی، بۆ نموونە لە سەدەی چواردەدا زۆر ڕۆژنامەی دەستنووس هەبووە و لە مەڵبەندە بازرگانی و گەراجەکاندا فرۆشراوە. تا زانای ئەڵمانی کوتنبرگ لە ناوەڕاستی سەدەی پازدەدا ئامێری چاپی داهێنا، ئەمە بۆ خۆی شۆڕشێك بوو لە بواری نووسین و پەرەسەندنی ڕۆژنامەوانی چ وەکو زیادبوونی تیراژ و چ وەکو خێرایی چاپکردن و بڵاو بوونەوە.

یەکەمجار لە ساڵی ١٦٠٩ دا دوو ڕۆژنامە بە ناوی (پەیوەندی) و (گەشتی هەواڵان) لە ئەڵمانیادا بە ئامێری چاپ هاتنە بڵاوکردنەوە، کە ئەمە بە سەرەتای ڕۆژنامەوانی چاپکراو لە جیهاندا دەژمێدرێ.

ڕۆژنامەوانی پاش پەیدا بوون و سەرهەڵدانی لەلای ئەوروپاییەکان هەندێ درەنگ گەییە ناوچە عەرەبییەکان، ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی چاپ بە پیتی عەرەبی لە دەڤەرەکەدا. چاپکردن بە پیتی عەرەبی یەکەمجار لە ساڵی ١٧٠٢ دا لە حەڵەب پەیدا بوو. چاپەڤانی تا ساڵی ١٧٩٨ لە میسر پەیدا نەبوو، واتە تا پەلاماری ناپلیون بۆ سەر میسر پەیدا نەبوو، یەکەم ڕۆژنامەی

میسری به عەرەبی محمد علی والی میسر لە ساڵی ١٨٢٨دا به ناوی (وەقایعی میسری)، ئەم ڕۆژنامەیە هەفتەی دووجار یان سێ جار به هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی دەردەچوو.

سەبارەت به ڕۆژنامەوانی کوردی، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ساڵی ١٨٩٨/٤/٢٢دا لە لایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە به ناوی (کوردستان) لە قاهیرەی میسر دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە (٣) هەزار دانەی لێ دەردەچوو، لە کوردستاندا به خۆڕایی دابەش دەکراو لە دەرێی کوردستاندا دەفرۆشرا. دیارە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی کوردستان لە میسردا دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی سیاسی لە کوردستانی تورکیادا کە لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو. دیارە ئەو جۆرە کارە لە وڵاتی میسردا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئینگلیزدا بوو ئاسانتر بوو جگە لەوەی بزوتنەوەی چاپەوانی و چاپەمەنی لەوێ خێراترو به گوڕ ترو ئازادتر بوو. ئەوە بوو میقداد مەدحەت بەگی کوڕی بەدرخان بەگی میری جزیرەی بۆتانی کورد، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی به ناوی کوردستان لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لە قاهیرە دەرکرد، پاشان نەخۆش کەوت و عەبدولڕەحمان بەگی برای ڕۆژنامەکەی دەردەکرد، عوسمانی تەنگی پێ هەڵچنین ناچار گواستیانەوە بۆ سویسرا و پاشان بۆ ، تا ساڵی ١٩٠٢ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا (٣١) ژمارەی لێ دەرچوو.

((٤))

ڕۆژنامەوانی وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندن لەناو دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەر دەوڵەتێکی دیموکراسیدا، بایەخ و ڕۆڵی هەرە دیارو گرینگی هەیە لە گەڵاڵە کردن و دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنیدا، ڕۆشنبینییەکی تەواو دەدا به جەماوەری خەڵکی دەربارەی دۆزو ڕووداوو دیاردەو بیروبۆچوونە جیاوازەکانی ناو کومەڵگە. هەروەها کەناڵێکە بۆ گوزارشتکردن و ڕادەربڕین، ئەمە جگە لەوەی هۆیەکە بۆ ئاڵۆگۆڕی ڕاوبۆچوونان لە نێوان تاقم و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ لە سیستەمە دیموکراتییەکاندا. هەروەها ئەوزارێکی گرینگە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریان و دروستکردنی ڕای گشتی و ئاراستەکردنی سیاسەت، هەر بۆیەش هەندێك ناویان لێ ناوە دەسەڵاتی چوارەم. هەر ئەم ناوە (دەسەڵاتی چوارەم) خۆی لە خۆیدا دەلالەتی گرینگی ڕاگەیاندنە، لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ڕاگەیاندن گەینراوەتە ئاستی دەسەڵاتەکانی دیکە (دادڤانی، یاسادانان، ئەنجامدان) و چاودێریشە بەسەر ئەوانەوە و لە هەموو هەڵە و پەڵە و کەچڕەوی و گەندەڵییەکیان دەگێڕێتەوە و ناچاریان دەکات به خۆدا بچنەوە و هەڵەکانیان ڕاست بکەنەوە و پەڵەکانیان بسڕنەوە و ئەمەش به قازانجی بەرژەوەندی باڵای گەل و نیشتمان دەشکێتەوە.

ڕۆڵ و دەوری ڕاگەیاندن به ڕادەیەك بایەخدار و گرینگە کە توماس جیفرسون-ی (١٧٤٣-١٨٢٦) سێیەم سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لە نێوان ساڵانی (١٨٠٠-١٨٠٨) حوکمی ئەمریکای کردووە، زۆر به ڕاشکاوی گوتوویەتی ((ئەگەر سەرپشك بکرێم لە نێوان حکومەتێکی بێ ڕۆژنامەوانی، و ڕۆژنامەوانیەکی بێ حکومەت ئەوا بێ چەند و چوون حاڵەتی دووەم هەڵدەبژێرم)).

هەڵبەتە ڕۆژنامەوانی بەبێ دیموکراتیەت هەرگیز ئەو دەورە گرینگە لە کۆمەڵگەدا نابینێ، واتە ڕۆژنامەوانی و دیموکراتییەت لە کارلێکی بەردەوامدان، لە کارتێکردن کاریگەری یەکدی بەدەر نابن، چونکە یەکێك لە پێداویستییەکانی دیموکراتیەت ئەوەیە کە جەماوەری خەڵك لە سنووری تواناشدا ئاگایان لە ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵ بێ تا بتوانن بە دروستی تاوتوێی بکەن و رای خۆیانی لەسەر دەربڕن و هەڵوێستگیری لەمەڕ بکەن، کە ئەمە لە دوا ئەنجامدا دەبێتە مایەی دروست بوونی رای گشتی بە شێوەیەکی دروست و دوور لە هەر گرژییەك، جا رای گشتی دروستیش دەبێتە مایەی دوور خستنەوەی کۆمەڵگە لە دیاردە سەلبییەکان.

گوتمان ڕۆژنامەوانی و دیموکراتییەت لە کارلێکی جددیدان و لەناو یەك داو بەیەکەوە گەشە دەکەن و لە یەکدیدا رەنگدەدنەوە، بۆ نموونە دیموکراتیەت کە دەکاتە حوکمڕانی گەل، بەبێ هەڵبژاردنی ئازاد نایەتە دی، هەڵبژاردنی ئازادیش بەندە بەوەوە کە مرۆڤ بتوانێ گوزارشت لە رای ئازادی خۆی بکات، گرینگترین کەناڵیش بۆ گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆ ڕۆژنامەوانی ئازادە. تێکڕای ئەم هاوکێشەیەش پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە کە لەمەشیاندا ڕۆژنامەوانی و راگەیاندن لە ڕێگەی دروستکردنی رای گشتییەوە رۆڵی سەرەکی دەبینێ. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژنامەوانی وەکو دەسەلاتی چوارەم چاودێری سێ دەسەلاتەکەی دی (تەشریعی، تەنفیزی، قەزائی) دەکات و کار و کردەوەکانیان، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە کارو باری گشتییەوە، دەخاتە بەر موناقەشەو رەخنەو نایەڵێ لە رەوتی بەرژەوەندی گشتی لابدات.

جا بۆ ئەوەی زیاتر گرینگی هەر کەناڵێکی راگەیاندن بزانرێ، پێویستە ئەو ئەرکانە دیاری بکرێ کە هەر کەناڵێك لە ئەستۆی دەگرێت و کاری لە ناودا دەکات، بۆ نموونە بلاوکردنەوەی هەواڵ، ئەرکی زۆربەی هەرە زۆری کەناڵەکانی راگەیاندنەو رەنگە جیاوازییەکەیان تەنیا لە چۆنیەتی پێشکەشکردن و بلاوکردنەوەی هەواڵەکاندا بێ. ئەگەر کەناڵی ڕۆژنامەوانی وەربگرین ئەوا لە سەرێتی خەڵکی لە ڕووداوە وردو درشتەکانی ناوخۆو دەرەوە ئاگادار بکاتەوە، لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییدا، تا خەڵکی بزانن لە دیوەخانانی دنیادا چ باسە. واتە ڕۆژنامەوانی ڕووداو و هەواڵەکان تۆمار دەکات تا خەڵکی لێیان بە ئاگا بێ. جا لەم ڕووەوە کاری ڕۆژنامەوانی و مێژوو زۆر لە یەکتر نزیك دەبنەوە، مێژوو بایەخ بە ڕووداوەکانی رابردوو دەدات و ڕۆژنامەوانی سەرو ساختی لەگەڵ ڕووداوە ڕۆژانە و هەفتانەو مانگانەکاندایە. بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەوانی بە شێوەیەکی بابەتگەری و ورد و راستگۆیانە ئەو دیاردەو ڕووداوانە تۆمار بکات کە پەیوەستن بە جەماوەری خەڵکەوە ئەوا دەشێت ببێ بە سەرچاوەیەکی زۆر چاك بۆ مێژوو. ڕۆژنامەوانی لە پاڵ بلاوکردنەوەی هەواڵدا راو بیروبۆچوونی هەمە جۆریش بلاودەکاتەوە کە ئەگەر ئەم کارە راستگۆیانە بکرێ ئەوا دەورێکی گەورە لە دروستکردنی رای گشتیدا دەبینێ بە تایبەتی لە کۆمەڵگا مەدەنییەکاندا، کە ڕێگە بە ئازادی دەربڕینی راوبۆچوونان دەدات. هەروەها رۆژنامەوانی لە بواری رۆشنبیراندنی خەڵکیشدا دەوری گرینگ دەبینێ و ڕۆشنبیرییەکی گشتی بە خوێنەر دەبەخشێت و چاوی دەکاتەوەو پتر هۆشیار

دەبێتەوە و بە پێی توانای خۆی موناقەشەی دیاردەو رووداوەکان لە هەموو بوارە جیاوازەکانی سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئابووری و رۆشنبیریدا دەکات و. بەمجۆرە کۆمەڵێك زانیاری سەرەتایی دەربارەی زۆر شتان لا کەڵەکە دەبێ کە دەکرێ بیکات بە بناغە بۆ رۆشنبیرییەکی قووڵ و دەوڵەمەند ئەگەر خۆی بیەوێ. لە پاڵ ئەمانەشدا ڕۆژنامەوانی زۆر جار بایەخ بە بابەتی سەرگەرمی دەدات و بۆ چەند ساتێك خەمی خوێنەر دەڕەوێنێتەوە و سەرگەرمی دەکات و زاخاوی مێشکی دەدات و دڵ دەروونی روون دەکاتەوە.

هەروەها ریکلام و ئیعلاناتیش لەو بابەتانەن کە ڕۆژنامەوانی بایەخیان پێدەدات و یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەردەوامداندنی ڕۆژنامەوانی و...

((٥))

هەڵبەت رەوشت یان ئەخلاق پێناسەی زۆری هەیە و بەپێی قۆناغی پەرەسەندی هەر کۆمەڵگەیەك گۆڕانی بەسەردا دێ. ئیدی ئەم رەوشت و ئەخلاقە خۆ بەخۆ و لەناو خودی خۆیدا کۆمەڵە یاساو رێسایەك بەرهەم دێنێ دەربارەی وارە جیاوازەکانی ژیان، چ دەربارەی خێرو چ دەربارەی شەڕ، ئیدی ئەم رێساو یاسانە دەبنە نموونەی بالأو دەبێ تاکی کۆمەڵ پەیرەوی بکات و لێی لا نەدات، دەنا دەکەوێتە بەر لێپێچینەوەی ماددی و مەعنەوی. دیارە ئەم یاسا ئەخلاقیانەش بە درێژایی ڕۆژگار دروست دەبێ و رۆشنبیریی خەڵکی و جۆری بیرکردنەوە و ئایین و داب و نەریت و خووخدەی هەر کۆمەڵێك رۆڵ لە پێکهاتە و دروستبوونیدا دەبینێ. هەڵبەتە رێساو یاسا ئەخلاقییەکان بایەخ بە بەها ئەخلاقییەکان و کارە مرۆڤایەتییەکان لەبەر رۆشنایی حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانی ئینساندا دەدات. واتە بایەخ زیاتر بە دیوی ناوەوەی مرۆڤ و کەڵکەڵە دەرونییەکانی دەدات کە لە رەفتاری مرۆڤیشدا رەنگدەداتەوە. رەفتاری مرۆڤ و هەڵس و کەوتی دەرەکی مرۆڤ بابەتی یاسایە. یاسای ئەخلاقی یاسای رێژەییە و بە گوێرەی شوێن و کات دەگۆڕێ، ئەوەی لە ئەمڕۆدا بە ئەخلاقیات و رێسای ئەخلاقی بژمێردرێ مەرج نییە سبەینێ وابێ، رەنگە نەك هەر وا نەبێ بەڵکو تەواو ئاوەژوو ببێتەوە. نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەخلاق ئامانجێکی هەیەو یاسا ئامانجێکی تری هەیە، هەر چەندە جۆرە پەیوەندییەکیش لە نێوانیاندا هەیە و بە ئاسانی لێکدی نایەنە دابڕان. ئامانجی یاسا دامەزراندنی سیستەمێکە لە کۆمەڵداو ئەوجا پاراستنی قەوارەی کۆمەڵو دابینکردنی پێشکەتن و گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگەیەیە. بەلأم ئامانجی ئەخلاق ئایدیالییەو ئاراستەکردنی مرۆڤە بەرەو کەماڵخوازی و کەماڵ. بەلأم وێڕای ئەمەش ئەخلاقیات بۆ خۆی سەرچاوەیەکی گرنگی یاسایە. جا وەکو چۆن ئەخلاق و ئەخلاقیات لە هەر وارێکی ژیاندا بێ، رێسای خۆی بەرهەم دێنی، هەر پیشەیەکیش بگری ئەخلاقیاتی خۆی بەرهەم دێنێ وئەمەیش لە چۆنیەتی مومارەسەی پیشەکەوە هەڵدەقوڵێ. کەواتە لێرەدا زاراوەی ئەخلاقیاتی پیشە سەرهەڵدەدا، ئەمەش، واتا ئەخلاقیاتی پیشە دەکاتە هەڵسوکەوت و ئەتوارو رەفتاری خودان پیشەکە لە کاتی مومارەسەی پیشەکەیدا، ئیدی ئەو پیشەیە هەر چییەك بێ. جا چەند ئەو پیشەیە کۆن و رەسەن بێ ئەخلاقیاتی پیشەکە پتر رەگی

له قولأیی كۆمەڵگەدایەو جۆرە شەقڵێكی مەیلەو یاسایی وەردەگرێت كە هاوولأتی پتر لە یاسا پابەندی دەبێت.

((٦))

هەڵبەتە ئەوانەی لە بواری رۆژنامەوانیدا كار دەكەن راستەوخۆ سەرو ساختیان لەگەڵ جەماوەری خەڵكدایەو لەو رێگەی پیشەكەیانەوە كار بۆ حاڵی كردن و رۆشنبیراندن و سەر گەرمكردن و گەشەپێدانی هەڵوێستی ئەو جەماوەرە دەكەن و بەمەش پیشەكەیان لەوە دەردەچێت تەنیا پیشەیەكی ئاسایی بێ بەڵكو دەبێت بە جۆرە هونەرو سەنعەتێك كە دەبێ رێزی خۆی بگرێ و بەوپەڕی راستگۆیی و واقیعیەتەوە مامەڵە لەگەڵ عەقڵیەت و هۆشی خەڵكیدا بكات و پەنجەرەیەك بێ بە بەردەوامی بەسەر ئەقڵ و ویژدانی جەماوەری خەڵكدا كراوە بێ و شەرەف وشە بپارێزێ و پابەندی ئەخلاقیاتی پیشەكە بێ لە رووی بەهاو داب و نەریت و یاساو رێسا بنەڕەتییەكانی رۆژنامەوانییەوە. بۆ نموونە ئامانجی كۆكردنەوەو بلأوكردنەوەی هەواڵ و راوبۆچوونان دەبێ خزمەتی بەرژەوەندی گشتی بێ و خەڵكی بۆ ئەوە لێ ئاگادار بكرێتەوە تا بتوانن رای خۆیان لەسەر پرس و دۆزەكانی سەردەمی خۆیان هەبێ، كە ئەمە بۆ خۆی دەكاتە هەوێنی دروست كردن و گەلأڵە كردنی رای گشتی، خۆ ئەو كەسانەی دەسەلأتی پیشەكەیان یان خودی پیشەكەیان بۆ قازانجی خۆیان و دژی بەرژەوەندی گشتی بەكاردێنن بێگومان خیانەت لە جەماوەر دەكەن و درەنگ یان زوو متمانەی جەماوەر دەدۆڕێنن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پابەند نەبوونە بە ئەخلاقیاتی پیشەی رۆژنامەوانییەوە. بۆیە پابەندی بە پرەنسیب و پێوەرو پێوانە پیشەیی و ئەخلاقییەكان لەواری رۆژنامەوانیدا دەكاتە بەردی بناغە بۆ پاراستنی ماف هاوولأتی و پیشتیوانییە لە ماف كۆمەڵگە تا بزانێ.

كەواتە ئەخلاقیاتی پیشەی رۆژنامەوانی زیاتر خودییەو لەو یاساو رێسایانە پێك دێت كە رۆژنامەوانان خۆیان بۆ خۆیانی دیاری دەكەن و دەیخەنە بەر سانسۆری خودی، و بەمەش لە مەسئولیەتی قانونی دەرباز دەبن.. گوتمان وێڕای جیاوازی نێوان رێسا ئەخلاقی و رێسا قانوونییەكان، جۆرە پەیوەندییەكیش لە نێوانیاندا هەیەو زۆر جار رێسا ئەخلاقییەكان دەبنە سەرچاوە بۆ قانون و یاساو رەگی قانون دەچێتەوە سەر سەرچاوەی ئەخلاقیات. بۆ وێنە ئازادی راوبۆچوون ئەگەرچی لە چوارچێوەی قانوندا جێی بۆ كراوەتەوەو ماددەی خۆی هەیە، بەلأم وێڕای ئەوەش شەقڵێكی ئەخلاقی هەیە و بەرژەوەندی تاك و كۆمەڵ دەپارێزێ و بانگەوازی پێشكەوتن و گەشە كردن دەدات و راستیەكان دەخاتە روو و خۆی لە درۆ دوور دەگرێت. هەروەها یەكێك لە ئەخلاقیاتەكانی رۆژنامەوانی خۆ پاراستنە لە بوختان و درۆو جنێودان و ناوزڕاندن و شێواندنی ناوبانگ، واتە بانگەوازە بۆ چاكە كردن و دوور كەوتنەوە لە خراپە، هەروەها ئەخلاقی رۆژنامەوانی رێ نادات بە ناوی رەخنەوە هیچ هەڵەیەك بكرێ، رەخنە دەبێ بونیاتنەرانە بێ

بە هەر حاڵ تا ڕۆژنامەوان پتر پابەندنی ئەخلاقیاتی پیشەکەی بێ، پتر متمانەی پێدەکرێت و لە شەڕی دەسەڵات و مەسئولیەتی قانونی دوور تر دەبێ، بۆیە لە بواری ئەم پیشەیەدا قەڵەمڕەوێکی ئەخلاقی هەیە هەقە بۆ ویژدانی ڕۆژنامەوانەکە بهێڵرێتەوەو دەسەڵات تا بۆی دەکرێ دەستی تێوەر نەدات. بە هەر حاڵ ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و هەموو ئازادییەکی دیکەش، ئەگەر دەستووریش پشتیوانی لێ بکات، ئەوا ڕەها نییەو گەر لە سنووری خۆی دەربچێت، یاسا ڕێگەی لێدەگرێت و دەیخاتەوە ناو چوارچێوەو سنوورە یاساییەکانی خۆی. چونکە لە هەموو ئازادییەکدا دەبێ بەرژەوەندی گەل و مافەکانی هاووڵاتی ڕەچاو بکرێ و بپارێزرێ، چونکە گەل و تاك مەیدانی بەرجەستە بوونی ئەو ئازادییەن و لە دەرێی ئەواندا چ مومارەسەیەك بە ناوی ئازادییەوە بەرجەستە نابێ.
وەکو گوتمان ئەرکی هەرە بنەڕەتی ڕۆژنامەوانی بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوان، خۆ هەر ڕۆژنامەیەك هەواڵ بڵاونەکاتەوەو، هەواڵ و ڕووداو زۆربەی پانتاییەکەی نەگرێتەوە، ئەوا لە ڕەوتی خۆی دەردەچێت و دەبێ بە ڕۆژنامەیەکی ڕۆشنبیریی یان ئەدەبی. بە هەر حاڵ هەواڵ و ڕووداو بە ڕادەیەك بۆ ڕۆژنامەوانی گرنگە کە زۆر کەس ڕۆژنامەوانی بە پیشەسازی هەواڵ لە قەڵەم دەدەن. دیارە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوان دەبێ ئەوپەڕی دەستپاکی و ئەمانەتی تێدا بێ و ئازادی ڕۆژنامەوانی لەوە دایە هەواڵان بە ئەمانەتەوە بڵاوبکاتەوە، زەمینە بۆ هاووڵاتی بڕەخسێنێ ڕای خۆی، بە ئازادی و لە سنوورو چوارچێوەی یاسادا، دەربارەی هەر هەموو ڕووداو و هەواڵەکان دەربڕێ. ماف بڵاوکردنەوەی هەواڵ ئەمڕۆکە یەکێکە لە پرەنسیپەکانی سیستەمێن دیموکراتی، چونکە ڕۆڵەکانی گەل ئەگەر ئاگایان لە چالاکی و ڕەفتاری کاندیدەکانی خۆیان نەبێ، لە دەنگداندا سەرکەوتوونابن و بەمەش لە ماف بەشداری کردن لە حوکمڕانیدا بەهۆی نوێنەرەکانیانەوە، مەحرووم دەبن و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی نا دیموکراتی داخراودا قەتیس دەمێنن... بەڵام ئەگەر ڕۆڵەکانی گەل ئاگاداری هەموو ڕەفتار و چالاکییەکانی کاندیدەکان بن، ئەوا کۆمەڵگەیەکی کراوەیان بۆ دەرەخسێ و دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیگیری کاندیدەکان بکەن، لە کەم و کوڕییەکانیان بپێچینەوەو بە ئاراستەی خزمەتی بەرژەوەندی گشتی وڵات و نەتەوەدا ئاراستەیان بکەن، ئەمەش بۆ خۆی پرەنسیپەکانی سیستەمی دیموکراسی ریشاژۆ دەکات و بەرە بەرە کۆمەڵگەی کراوە دروست دەبێ و تاك دەبێ بە هاووڵاتی و دەستەو تاقم و خێڵ دەبێ بە کۆمەڵگەو ئەو دوو زاراوەیە (هاووڵاتی و کۆمەڵگە) شەرعییەت وەردەگرن و دەستوور و یاساو ڕێسای دیموکراتیانەی خۆ بەرهەمدێنن و دەیچەسپێنن و دەیپارێزن. هەڵبەتە هەر کۆمەڵێك دوور بێ لە زانینی هەواڵی ڕاستەقینە یان هەواڵی نیوەچڵی بخرێتە بەر دەست، ئەوا مەسخ دەبێ و ناتوانێ بەشداری لە حوکمکردنی خۆیدا، لە ڕێگەی کاندیدانەوە بکات و ئەمەش تەنیا بە قازانجی سیستەمی دیکتاتۆری دەشکێتەوە و درێژە بە تەمەنی پۆخڵ و گەندەڵی ئەو بابەتە دەسەڵاتدارە دەدات، جا لێرەوە بۆمان بە دیار دەکەوێ کە چ پەیوەندییەکی پتەوو ڕاستەوخۆ لە نێوان بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ماف مرۆڤدا هەیە، کار گەییوەتە ئەوەی کە

بڵاوکردنەوەی هەواڵی دروست بە شێوەیەکی راستگۆیانە بە یەکێك لە پێوەرەکانی ژیانی دیموکراتی و لە زۆر یاساو دەستووری جیهانیدا وەکو پرەنسیپی بنەڕەتی تۆمار کراوەو چەسپێنراوە.

((٨))

بە هەر حاڵ پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ ئەگەرچی رۆژنامەوان هەقی خۆیەتی هەواڵان بڵاوبکاتەوەو خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە، بەڵام دەبێ هەواڵەکان بێ لایەنانە و دوور لە رای خۆی‌و حەزەکانی خۆی بڵاویان بکاتەوە و هەواڵی درۆ و دەستکردو هەڵبەستراوو هەڵە بڵاونەکاتەوە، چونکە ئەمە لێپێچانەوەی یاسایی لەسەرە.

هەر لە واری رۆژنامەوانیدا مافێکی دیکە هەیە پێی دەگوترێ مافی رەخنەو رەخنەگرتن، ئەمە یەکێکە لە مافە هەرە گرینگەکان و پێویستە لە سنووری یاسایی و لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا زۆر بە روونی و رەوانی مومارەسە بکرێ و چەمکی رەخنەمان لەلای روون بێ و بزانین رەخنە دەکاتە هەڵسەنگاندنی کارێك بە ئەمانەتەوە، تا لایەنە خراپ و باشەکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا بۆ جەماوەری خەڵك روون ببێتەوەو فێری ئەوە بین کە چ شتێك لە سەرووی رەخنەوە نییەو بتوانن لە رێگەی رەخنەی پاك و راستگۆوە بەرگری لە مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری‌و ئیدارییەکانی خۆیان بکەن و بە هیچ چەواشە کردن و چەواشەکارییەك رازی نەبن و بتوانن بەرەڤانی لە خۆیان بکەن.

دیارە رەخنە دەبێ دوور بێ لە کەڵکەڵەو خولیای شەخسی و لە رق و حەزی شەخسی بەدەر بێ، چونکە رەخنەی بونیاتنەر زامنی ساغڵەمی بینای نیشتمانی و نەتەوەییە. بۆیە رەخنەگر کە دێت پەردە لەسەر گەندەڵی و هەڵەو کەچڕەوییەکان بەشێوەیەکی دروست و پاك‌و راستگۆیانە لا دەبات بۆ ئەوەیە ئەو دیاردەو حاڵەتانە نەهێڵێ و کۆمەڵگە بێتەوە تایمی خۆی و زەمینەی پێشکەوتن‌وپەرەسەندنی فەراهەم ببێ.دیارە مافی رەخنەو رەخنەگرتن بە تایبەتی لە بواری رۆژنامەوانیدا خۆی لە خۆیدا پشتیوانییە لە دەسەڵاتی چوارەم کە دەبێ بە سانسۆرێکی پەسند بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەو حکومەت و دام و دەزگاکانییەوە. بە هەر حاڵ رەخنەو مافی رەخنە یەکێکە لە بنەماو ئەرکەکانی ئازادی فیکر و رەئی. دیارە کە ئازادی رەئی و فیکر بۆ من حەڵاڵ بێ، ئەوا بۆ بەرامبەریش حەڵاڵە ئەگەر پێچەوانەی منیش بێ، هەر ئەو جیاوازیەش شەقڵی دیموکراتیانە بە پرۆسەی رەخنە و رەخنەکاری دەبەخشێت. هەڵبەتە رەخنەش دەبێ واقیعی بێ و بابەتیانە ئاراستە بکرێ و زادەی خەیاڵ نەبێ، واتە ئەو رووداوو بابەت و دیاردە و کەسانەی کە بەر رەخنە دەکەون بوونیان هەبێ و هۆی مەعقول بۆ رەخنە لێگرتنیان هەبێ. خۆ ئەگەر ئەو رووداوو بابەت و دیاردانە سەلماو نەبێ و پێشوەختەو لەبەر هەندێ هۆی پەیوەست بە بەرژەوەندی گشتییەوە بڵاوکردنەوەی قەدەغە بێ ئەوا رۆژنامەنووس بۆی نییە خۆ لێ بدات دەنا بەپرسیار دەبێ. چونکە مەبەست لە رەخنەو رەخنەگرتن و مافی رەخنە لە یاسادا ئەوەیە کە قازانجی بۆ جەماوەر و کۆمەڵ هەبێ، ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئەو بابەتەی رەخنەی لێدەگیرێت بەنیسبەت جەماوەرەوە گرنگ بێ. بەڵام ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ژیانی کەسێکەوە ئەگەر ئەو

کەسە خزمەتێکی گشتی لە ئەستۆدا نەبێ، ئەوا رۆژنامەنووس بۆی نییە رەخنەی لێ بگرێ. دیارە رەخنەش کارو کردار و رەفتاری ئەو کەسانە دەگرێتەوە، هەر رەخنەیەك ببێتە مایەی ناوزڕان و شکاندنی کەسێك، قەبوڵ ناکرێ. بۆیە رۆژنامەنووس کە رەخنەیەك ئاراستە دەکات دەبێت زۆر بە وریایی و زیرەکانە ئەو وشانە هەڵبژێرێ کە لەگەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت و دوور بێ لە ناوزڕاندن و رەنجاندن و ئازاردانی رۆحی کەسی رەخنەلێگیراو، دیارە ئەگەر رەخنە بە بەڵگەوە بێ زۆر باشترە بە تایبەتی ئەگەر رەخنەکە پەیوەندی بە کاروبارە گشتییەکانەوە بێ. هەڵبەتە رۆژنامەنووس هەقی خۆیەتی زانیاری تەواوی لەمەڕ ئەو بابەتە هەبێ کە دەیخاتە بەر رەخنەو هەر لەوێوە بەرە بەرە دەتوانێ مومارەسەی ئەو شتە بکات کە پێی دەگوترێ دەسەڵاتی چوارەم، چونکە زانیاری دروست و تەواو دەربارەی ئەو کاروبارانەی پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەیە، رێگە بۆ جەماوەر خۆش دەکات حکومەت و دام و دەزگاکان بخەنە بەر لێپێچانەوە ئەگەر لە خەتی دروست و سکەی خۆیان دەربچن. چونکە رۆژنامەنووس هەقی ئەوەی هەیە ئەو زانیاری و هەواڵ و ئامارو بەیانانە دەست بخات کە پەیوەندییان بە هاوڵاتیانەوە هەیە لە سنووری یاسادا بڵاویان بکاتەوەو تەعلیقیان لەسەر بنووسێت. دیارە دەبێ دام و دەزگا فەرمی و نا فەرمییەکان ئاسانکاری تەواو بۆ رۆژنامەنووس بکەن تا بگاتە سەرچاوەی زانیاریان و راستی و دروستی هەر مەسەلەیەك ساغ بکاتەوە کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکییەوە هەبێ، هەڵبەتە هەموو زانیارییەکیش نادرێ بە رۆژنامەنووس، بە تایبەتی هەندێ زانیاری نهێنی کە زیان بە سیاسەتی باڵای دەوڵەت یان تایبەتمەندی تاك یان رەوتی دادوەری بگەیەنێ.

((٩))

کاری دادگایی ئەمڕۆکە لە زۆربەی دنیادا بە ئاشکرا دەکرێت ئەمەش زامنە بۆ عەدالەتی کردەی دادگایی. جا لێرەوە رۆژنامەنووس و هەر کەسێکی دی بۆی هەیە لە محاکەمەدا ئامادەبێ و ئەو رووداوانەی ناو دادگا بڵاوبکاتەوە بە مەرجێ قسەو رووداوەکان نەگۆڕێ و نەشێوێنێ.

ئەگەر رۆژنامەنووس مافی دەربڕینی راو بڵاوکردنەوەی هەواڵی هەبێ، ئەوا دەبێ مافی وەدەستهێنانی زانیاری و گەییشتن بە سەرچاوەی زانیاریشی هەبێ، بەڵام نابێ لە پەنای ئەم مافەوە حورمەتی تاك پێشێل بکات و بێ رێزی بە خۆی و خێزانی بکات. بەکورتییەکەی رۆژنامەنووس بە هیچ بیانوویەك بۆی نییە خۆی لە ژیانی تایبەتی تاك بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو زانیاریانەی کە بڵاویان دەکاتەوە تەواوو دروست و راستیش بن. وەختێ ئەمەی لێ قەبووڵ دەکرێ کە ژیانی تایبەتی ئەو کەسە پەیوەست بێ بە کاروباری گشتییەوە، دەنا بەر لێپێچینەوەی یاسایی دەکەوێ. دیارە رۆژنامەنووس کە مافی وەدەستهێنانی زانیاری هەبێ و هەقی خۆی بێ بگاتە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی زانیاریان ئەوا دەبێ ئەو سەرچاوانە –هەر کەس یان کارمەند یان دام و دەزگایەك بێ– بپارێزێ و کەشفی نەکات و لە حاڵەتی ناچاریدا لە سنوورێکی دیاریکراوی یاساییدا باسیان بکات، چونکە لەو حاڵەدا خۆی لەو سەرچاوانە مەحروم دەکات و ئەو کەس و کارمەند و دەزگایانەی کە مامەڵەی لە تەکدا دەکەن جارێکی دی

متمانەی پێ ناکەن و زانیاری نادەنێ و ڕۆژنامەنووسەکەش سیفەتی ئەمانەتپارێزی لە دەست دەدات و زیان بە ئەخلاقیاتی ڕۆژنامەنووسیی خۆی دەگەیەنێ و کەس ئامادە نابێ ئاسانکاری بۆ بکات و هاوکاری لەگەڵ بکات. بەڵام لێرەدا دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئێمە باسی ماف ڕۆژنامەنووس دەکەین، ماف شتێکی ڕەها نییە و ئەویش سنووری خۆی هەیەو لە سنووری خۆی دەرچوو ئیدی ئەوە ماف نییە بەڵکو شتێکی دیکەیە، دەچێتە خانەی زێدەگاڤی و ناوزڕاندنەوەو ئەمەش سزای یاسایی خۆی دەبێت... بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی درۆ یان هەڵە یا نادروست کە زیانی ماددی یان مەعنەوی بە کەسێك، گروپێك، دەزگایەك، دامەزراوەیەك بگەیەنێ ئەمە دەچێتە خانەی ناوزڕاندنەوەو سنووری ئازادی دەربڕینی ڕاو ئەنجامدانی ماڤ ڕەخنەگرتن و ئازادی بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەبەزێنێ.

بە هەر حاڵ نە ئازادی بەبێ مەسئولیەت دەبێ و نە مەسئولییەت بەبێ ئازادی دەبێت و پێویستە هاوسەنگییەکی تەواو لە نێو ئەو دووانەدا هەبێ، تا ببێ بە فاکتەرێکی ئیجابی لە بەرهەمهێنانی ژیارو ڕێکخستنی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکدا.

**سەرچاوەکان:**


- مسؤولية الصحفي المدنية عن اخطائه المدنية –دراسة مقارنة- سامان فوزي عمر – السليمانية ٢٠٠٣ منشورات اتحاد صحفيي كردستان. (**ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە باشەکان و سوودێکی زۆرم لێی وەرگرتووە. حەمە کەریم عارف**)
- **ڕاگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا. بە سەرپەرشتی حەمە کەریم عارف –چاپی یەکەم ٢٠٠١ هەولێر – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.**
- **قصه نويسى. ڕەزا براهنى. نشر البرز. تهران، ١٣٦٨ چاپ چهارم**
- الصحافة كمصدر للتاريخ، مكتبة الانجلو المصرية ط١ د. حسنين عبدالقادر القاهرة ١٩٦٠.
- حرية الصحافة ١٩٥٠، د. عبداللة اسماعيل البستاني.
- سيكولوجية الجماهير، غوستاف لوبون، ترجمة وتقديم: هاشم صالح – دار الساقي ط٢ ١٩٩٧.
- في فلسفة النقد، د. زكي نجيب محمود، دار الشروق ط٢ ١٩٨٣.
- **چند گفتار درباره توتاليتاريسم، ترجمه: عباس ميلانى چاپ اول (١٩٩٩).**
- **دەسەڵاتی بێ دەسەڵات، حەمە کەریم عارف، گۆڤاری کاروان ژمارە (١٢٠)**


## ٥- زمانی ڕۆژنامەوانی

((١))

ڕۆژنامەوانی یەکێکە لە پێداویستییەکانی ژیان و شەرعیەتی خۆی لە زەرورەتی سەردەمی خۆیەوە وەردەگرێت.. هەر بۆیەش لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویی و هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا پەیدا بووەو سەری هەڵداوە.. بەپێی گۆڕانکاری و سەردەمەکان لە رووی شێوەوە شێوازو ناوەڕۆك و زمانەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەوانی دەکاتە زمانی نەتەوە، و گوزارشت لە ئێستای هەموو بوارەکانی ژیان و ژیاری ئەو نەتەوەیە دەکات و تا رادەیەك رەگی دەچێتە ناو رابردوو، و بێگومان لق و پۆپ بۆ ئایندە دەهاوێ.. کەرەسەی هەرە سەرەکی ڕۆژنامەوانی زمانە، هەڵبەتە زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە وەکو چۆن کۆمەڵ و هەر بووەنەوەرێکی زیندوو لە گۆڕاندایە، زمانیش وەکو هەر شتێکی زیندوو گۆڕانی بەسەر دادێت و لە یاساو رێساکانی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری ناخەلەسێ.. بۆیە ئەگەر بەراوردێکی خێرای زمانی ئەمڕۆی کوردی دەگەڵ زمانی نووسینی ١٥ ساڵ لەمەوبەرا بکەین، ئەوا هەر زوو هەست بەوە دەکەین کە گۆڕانی یەکجار گەورە بەسەر زمانەکەماندا هاتووە، چ لە باری قاموسییەوە، چ لە باری رستەبەندی و شێوازی دەربڕینەوە هەڵبەتە هۆی سەرەکی ئەو گۆڕانە، گۆڕانی بوارەکانی ژیانە.

ژیانی کوردەواری، بە تایبەتی لە باری ڕۆشنبیرییەوە دەوڵەمەندو ئاڵۆز بووەو پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی ڕۆشنبیریمان لەوە فراوان تر بوون کە تەنیا شیعر و چیرۆك دەرەقەتی بێن، بەڵکو بوارەکانی دیکەی نووسین هاتوونەتە پێشەوە.. هەڵبەتە ئەمەش پێویستی بە هەوڵ و تەقەلایەکی یەکجار فەرهادانەیە، بۆ ئەوەی زمانی نووسین و خوێندنی کوردی بە جۆرێ خۆشەو دەوڵەمەند بکرێ کە بتوانێ دەربڕی لایەنە هەمە جۆرەکانی چالاکی زانستی و فیکری و ڕۆشنبیری مرۆڤی کورد بێ، هەڵبەتە ئەم کارە بەر لە هەر کەسێك رووبەڕووی ئەهلی قەڵەم دەبێتەوە، ئیدی چ زانایان و چ زمانەوانان و چ ئەدیب و ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەوان بن. بێگومان، ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی قۆناغی پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دەورێکی یەکجار گرینگی لەم پرۆسەی گۆڕانکاری زمانەوانییەدا دیتووەو دەبینێ چونکە زمان کە پێی نووسراو بوو بە دەربڕی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر واقیعی کۆمەڵایەتیدا دێن، ئیدی خۆ بەخۆ دەوڵەمەندو مشت و ماڵ دەبێت و جا ئەگەر ڕۆژنامەوانی، ئازاد و سەربەخۆ بێ، ئەوا لە هەموو بوارە خیتابییەکانی دیکە زووتر بەدەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەچێت و خێراتر و ڕۆژانە مامەڵەی لە تەکدا دەکات و مالیجەی بۆ دەدۆزێتەوە، بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەنووسی بوێر و ئازاد و راستگۆو بە قەڵەم و خودان ڕۆشنبینی واقعی هەبن، رەنگە پێویستمان بە مێژوونووس نەمێنێ یان بەلای کەمەوە ئەرکی مێژوونووس زۆر سووك و ئاسان دەکات... لەلایەکی دییەوە، هەموو دەزانین چەکی سەرەکی ڕۆژنامەنووسی وشەو زمانە، دیارە ڕۆژنامەنووس جەماوەرێکی بەرینی خەڵك دەدوێنێ، بۆیە ئەگەر خودانی زمانێکی سوارو رەوان و روون و سادەو دەوڵەمەد بێ، و پەنا وەبەر ئەو وشەو دەستەواژەو رستە بەندییانە بەرێ کە لە تێگەیشتنی زۆربەی جەماوەری خەڵکی

کوردستانی گەورەوە نزیکن، ئەوا بێگومان لە پاڵ دەوری رۆژنامەوانییەوە، رۆڵی یەکخستنی زمانی نووسین و ستانداردی کوردیش دەبینێ... جا هەر لەم پێودانگەوە پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە پێویستە هەر رۆژنامەنووسێك، جگە لە زمانی زگماکی خۆی زمانی زیندووی دیکەش بزانێ، چونکە جگە لەوەی دەبێتە سەرچاوەی دەوڵەمەند کردنی باری رۆشنبیری رۆژنامەنووسی، زمانی دەربڕینیشی لەلا سوارو زاڵ دەکات، چونکە ئاشکرایە کە زمان وەکو بوونەوەرێکی زیندوو، هەرگیز لە کاریگەری پرۆسەی بەخشین و وەرگرتن بەدەر نابێ و نییە...

((٢))

دیارە ئەمڕۆکە، دنیا لێکدی نزیك بووەتەوە، کەرەستەو کەناڵی پەیوەندییەکان، جگە لەوەی زۆر زۆر بوون، زۆر بە خێرایی و ئاسانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیرییەکان، نەك لە نێوان رۆڵەکانی یەك وڵات و میللەتدا ئەنجام دەدەن، بەڵکو لە ئاستی وڵات و کیشوەرەکانیشدا زۆر بە قوڵی دروستی دەکەن و هیچ وڵات و میللەتێك لە بازنەی کاریگەری رووداوەکانی جیهان دەرباز نابێ و کەم و زۆر راستەوخۆو نا راستەوخۆ دەیگرێتەوە.. هەڵبەتە دروست بوون و چێبوونی ئەم پەیوەندییە خێراو ئاسانە، و ئەو پەرەسەندنەی کە کەناڵە پەیوەندییەکانی گرتووەتەوە، سەر لەبەری ژیانی کۆمەڵایەتی، هەڵبەتە بە رێژەی جیاواز، گرتۆتەوەو گۆڕانی گەورەی بەسەردا هێناوە... و یەکێك لەو کەناڵانەی پەیوەندی، کەناڵی رۆژنامەوانییەو کەرەستەی سەرەکی رۆژنامەوانیش وەکو ئاماژەمان بۆ کرد زمانە، بۆیە بایەخدان بەم لایەنە، یەکێکە لە ئەرکەکانی رۆژنامەنووس و دەبێ هەوڵ بدات هەموو جەماوەری گەلی کورد، لە هەر شوێنێ هەن بدوێنێ و بەمەش لەپاڵ کاری رۆژنامەوانیدا، خەباتێکی نەتەوەیی گەورەش دەکات لە پێناوی، بەلای کەمەوە، یەکخستنی گەلی کورد لە رووی زمانەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەرکی خەباتی سیاسی هەندێك سووکتر دەکات و پەیامە سیاسییەکان ئاسانترو زووتر دەگەنە بەرینترین جەماوەری گەلی کورد.. هەڵبەتە کە باسی رۆژنامەوانی دەکرێ، دەبێت رێژەو رادەی خوێنەواری و نەخوێنەواری رۆڵەکانی میللەت رەچاو بکرێ، چونکە ئەم حاڵەت و دیاردەیە بە هەردوو باری نێگەتیڤ و پۆزەتیڤدا کار لە رەوت و رێبازو پەرەسەندنی رۆژنامەوانی وەکو کەناڵێکی گەیاندن دەکات.. هەڵبەتە ئەمڕۆکە گەلێ کەناڵی دیکەی گەیاندن و پەیوەندی زۆر تازە و پێشکەوتوو هەن کە راستەوخۆ خزمەتی رۆژنامەوانی دەکەن و نەك هەر بابەت و ناوەڕۆکەکەی دەگەیەننە سەرانسەری تاقە وڵاتێك، بەڵکو لە چەند ساتێکی کەمدا دەتوانن بیگەیەننە هەموو دنیا (ئەنتەرنێت، سەتەلایت... هتد) دیارە، ئەمانە هەر هەمووی گۆڕانکارین، گۆڕانکاری گەورەشن وەکو دەزانین، زمانیش بوونەوەرێکی زیندووەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، نە بوونەوەرێکی زیندوو و نە دیاردەی کۆمەڵایەتی لە کاریگەری پرۆسەی گۆڕانکاری، کە هەوێنی بەردەوامی ژیانە، بەدەر دەبێت، بۆیە رەنگە زمان یەکێك بووبێ لە فاکتەرە هەرە گرینگەکانی بە کۆمەڵایەتی کردنی مرۆڤ، واتە زمان بووە بە ئەوزاری ژیان و لە رێگەی زمانەوە مرۆڤ بووە بە ئەندامی کۆمەڵ و لەوێدا گوزارشتی لە خودی خۆی لە باری فیکرو هەست و سۆز و

خولیا و کەڵکەڵەو سەر لەبەری کارو کردەوەو کرۆك و جەوهەری ئینسانیانەی خۆی کردووەو بە خۆیشی بووە بە بەشێك لە پرۆسەی گۆڕانکاری و لە کارلێکێکی تەواودایە لەگەڵی، ئیدی چ وەکو کاریگەر چ وەکو کارلێکراو...

دیارە رۆژنامەوانی لەو رووەوە دەورێکی زۆر گرنگ دەبینێ و شێوە زارەکانی، دایکە زمانی هەر میللەتێك، بە تایبەتی ئەگەر رادەی خوێنەواری لە ناو جەماوەری خەڵکدا زۆر بێ و رۆژنامە راستەوخۆ پەیوەست بێ بە ژیانی ئەوانەوە و ببێ بە دەنگی زۆربە بێدەنگەکەی جەماوەری خەڵك و بە قوڵی بچێتە بنج و بناوانی ژیان و گوزەرانی ئێستایان و فێری چۆنیەتی تێگەیشتنیان بکات، چونکە خەڵك گەییە قۆناغی تێگەیشتن و حاڵی بوون، هەنگێنێ بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێ و رێگەی دروست بۆ ئێستاو ئایندەی هەڵدەبژێرێ.. هەڵبەتە یەکێك لە ئەرکەکانی رۆژنامەوانی ئەوەیە کە جەماوەری خەڵك فێری زمانی ئازادی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ رۆژنامەونووس بۆ خۆی ئازاد بێ، دەنا شەوو رۆژ لاف ئازادی لێ بات، هەر کۆیلەیەو هیچی دی و تا سەریش ئەم چاو بەستەکێیەی بۆ ناچێتە سەر..

وەکو دەزانین، یەکێك لە گرفتەکانی ئێمە ئەوەیە تاکو ئێستاش ئێمە بە دوو شێوە زمان دەنووسین و بە چەند رێنووسێکی جیا دەنووسین و مەسەلەی رێنووسەکە لە دەرێی دەسەڵاتی ئێمەدایە، بەڵام شێوە زارەکان، دەبێ کارێکی وەها بکرێ ئەم دوو شێوەیە بەرە بەرە لە یەکدی. نزیك بکرێنەوەو تا لە ئایندەیەکی نە زۆر دوورا یەك بگرن و زمانێکی ستانداردی نووسین بێتە ئاراوە، هەڵبەتە بیرو بۆچوونی جیاواز هەن لەمەڕ ئەم لێك نزیك خستنەوەیەو شێوازی جۆراوجۆریش هەن بۆ ئەنجامدانی، یەکێك لەوانە دەشێت لە قوتابخانەکانەوەو بەپێی بەرنامەیەکی زانستی و بە گوێرەی قۆناغەکانی خوێندن کاری بۆ بکرێت و، تا رادەی خوێنەواریش پتر بڵاوبێتەوە، ئەوەندە کارەکە ئاسانتر دەبێ و زووتر سەردەگرێ. هەڵبەتە رۆژنامەوانیش یەکێکە لەو کەناڵانەی دەوری زۆر گرینگی دەبێت لەم رووەوە، بەتایبەتی، کە دەشێت لە رێگەی ئەنتەرنێت و کەناڵی دییەوە سنووری ناوچەیی ببەزێنێ و بگاتە هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان و هەمووش دەزانین رۆژنامەوانی کوردی تاکو ئەمڕۆکەش (لە هەمان کاتدا هەم سەحافەیەو هەم سەقافە) جا ئەگەر رۆژنامەوانی ئێمە دەوری خۆی لە بواری یەکێتی رۆشنبیریماندا ببینێ، ئەو کاتە بێگومان دەوری خۆی لە بواری یەکخستنی زمانی ستانداردا دەبینێ، جا لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە رۆژنامە ئەگەر تێکەڵ بە ژیانی خەڵك بێ و ببێ بە دەنگی زۆرینە بێدەنگەکەی جەماوەری خەڵك و رای گشتی گەڵاڵە بکات، کار بۆ قووڵکردنەوەو ریشاژۆ کردنی ئینسانیەتی ئینسان لە کۆمەڵگەدا بکات، چ دەورێکی لە بواری گۆڕانکارییەکانی ژیاندا دەبینێ و دەبێ بە فاکتەری بەردەوامانندنی پەیوەندییە مرۆڤانییەکانی کۆمەڵ، ئیدی خۆ بەخۆ زمانی رۆژنامەوانی دەبێ بە زمانی ژیان و بەرهەمهێنانی ژیان بە هەموو بوارەکانیەوە... جا ئەگەر رۆژنامەوانی ئەوەندە گرینگ و بایەخدار بێ، دیارە دەبێ بە زمانی ژیان بێتە دەربڕین و زمانی ژیانیش، ئەوەیە کە بە ئەندازەی ژیان زیندوو بێ... هەڵبەتە مەبەستم لە زندوویەتی زمانی رۆژنامەوانی ئەوەیە کە زادەی پێداویستییەکانی ژیان بێ، نەك بێین

زانێکی ڕۆمانسیانەی ئەدەبی بکەین بە قاڵبی مەبەستێکی سیاسی زۆر واقیعی، پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەی راستەوخۆی جەماوەری خەڵکەوە... چونکە هەر بابەتەو زمانی خۆی هەیەو گەر ڕێی لێ نەگرین زمانی خۆی دەدۆزێتەوە، ئاڵۆز بوون و تێکچڕژانی ژیان و زۆر بوون و زاوزێی بەپەلەو خێرا خێرای بابەتەکانی ژیان، وا دەخوازن هەر یەکەو بە زمانی خۆی چارەسەر بکرێ و رەفتاری دەگەڵ بکرێ و بواری ڕۆژنامەوانیش دەوڵەمەندترین و لە بارترین بواری جەرباندن و بەرهەمهێنانی ئەو زمانە ڕۆژنامەوانییەیە کە ئەمڕۆکە لەحاڵی بەخۆدا چوونەوەو ژان و ژاری لە دایك بوونە.

هەڵبەتە، کە ئەم بۆچوونە دەخەمە روو، هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە، دەوری پێشڕەوانی ئەهلی ئەدەب لە بواری ڕۆژنامەوانی کوردیدا، کەم بکەمەوە چونکە هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدان و پەیدا بوون و لە دایك بوونی ڕۆژنامەی کوردییەوە پێشڕەوی مەیدانەکە بوون و دیارە شێوازو زمانی ئەدەبی ئەوان لە ڕۆژنامەوانیدا ڕەنگی داوەتەوەو ڕەنگە ئەمەش بۆ سەردەمی خۆی پاکانەی واقیعی خۆی هەبوو بێ و بابەتەکانی ژیان بەم چڕی و ئاڵۆزی و فراوانییە نەبووبێ و بابەتی هەرە سەرەکی ئێمەی کورد، بابەتی سیاسی و جۆشدانی فراوانترین بەرەی جەماوەری خەڵك بوو بێ بۆ خەباتی نەتەوەیی، بەڵام ئەمە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی فرە لایەن و هەمە بابەت و پڕ لە هەڵکشان و داکشانی گۆڕان و گۆڕانکاری دەرەقەت نایەت و دەبێ زمانێکی زیندووی پەیوەست بە ژیان و واقیع هەبێ و ئەو زمانەش، زمانی ڕۆژنامەوانییە کە وەکو ئاماژەمان بۆ کرد لە حاڵی خۆ هاوچەرخاندن و لە دایك بووندایەو ئەزموونی ڕۆژنامەوانی دوای ڕاپەڕینیش بە هەموو پاشاگەردانییەکییەوە، نوقڵانەی لە دایك بوونی ئەو زمانەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ یەکێکە لە پێداویستییە هەرە پێویستەکانی ژیانی ئەمڕۆی کوردەواری.

((٣))

ئێمە ئێستا لە قۆناغێکداین، زمانی کوردی بەرەو ئەوە دەچێت بمانەوێ و نەمانەوێ خۆی لە زۆر مەیدانان بدات، واتە پێویستە ببێ بە زمانی هەموو بوارەکانی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ژیان، لە ئەدەبیات و جۆرەکانییەوە بیگرە بۆ هونەر و زانست بە هەموو جۆرو لق و پۆپەکانییەوە، دیارە ئەم حاڵەتەش ئەوە دەخوازێت کە زمانی کوردی وردە وردە خۆی، خۆی بەرهەم بهێنێ و لە زمانی قسە کردنی ڕۆژانە دەربچێت و ببێت بە زمانی نووسین... هەڵبەتە ڕۆژنامەوانی دەوڵەمەندترین و لە بارترین بوارە بۆ ئەم سەردەمە و دەکرێت لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانییەوە پەل بۆ یەکخستنی زمانی نووسین و زاراوە جۆراوجۆرەکان بهاوێژرێ.. ڕاستە زمانی هەر مەیدانێکی چالاکی ڕۆشنبیری یان زانستی جیاوازە، بەڵام هەر هەموو ئەو زمانانە، مادامێکی لە باری بنەمای دەستوورو ڕێسا زمانەوانییەکانەوە یەکن، ئەوا هەر یەکێك لەو زمانانە دەبن بە جۆگەیەك و دەڕژێنە رووباری زمانی ستانداردی کوردییەوە، کە حاڵی حازر لە حاڵی دروست بوون و گەشە کردن و دەوڵەمەند بووندایە.. بێگومان ڕۆژنامەوانی هەر هەموو ئەو مەیدانانە یان ئەو زمانانە لە خۆی دەگرێت و پانتاییەکی پێویست بۆ هەر یەکێك لەو بوارانە تەرخان دەکات و هەر ئەمەش

دەکاتە کارێك کە زمانی رۆژنامەوانی ببیٚ بە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بۆ پسپۆڕانی قامووس نووسین.. جا لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکی خێرا بۆ سیٚ کوچکەی رۆژنامەوانی بکەین، کە بریتین لە هەواڵ، راپۆڕ، تەحقیق بە هەموو جۆرەکانیانەوە، هەواڵ یەکێکە لەلایەنە هەرە گرنگەکانی دنیای رۆژنامەوانی و دەکرێت بە کۆڵەکەی رۆژنامەوانی دابنریٚ. هەر بۆیەش زۆرجار بە رۆژنامەوانی رۆژگاری ئەمڕۆ دەگوتریٚ "رۆژنامەوانی هەواڵ" یان پیشەسازی هەواڵ... کە پێشتر گوتار، بە هەموو جۆرەکانییەوە بە زمانێکی دی ئەم دەورەی دەبینی، بەڵام ئەمڕۆ زمانی هەواڵ، کە بریتییە لە وشەی گونجاوو رستەی کورت و چڕەماناو مەبەست پێك و بەدەر لە هەڵگرتنی هەست و سۆزی هەواڵنووس... دیارە مەسەلەی هەواڵ، هەواڵی دەرەوەش دەگرێتەوەو زۆرجار سەرچاوەکانی هەواڵی دەرەوە بە زمانانی بێگانەیەو ئەوان لەو رووەوە لە ئێمە پێشکەوتووترن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرە کارلێکێکی زمانەوانی لە نێوان زمانی کوردی و زمانی بێگانەدا دروست بێت و سەدان وشەو زاراوەی هاوچەرخ کەنموونەی لەلای ئێمە نییە بڕژێتە ناو زمانەکەمانەوە و هەر بەوەندەش نەوەستیٚ و زۆر رستەبەندی بێگانەو زۆر جار نامۆ بە تەبیعەت و سروشتی زمانی کوردی بێنە ناو زمانەکەمانەوە، جا بۆ رێگرتن لە رستەبەندی بێگانە، پێویستە رۆژنامەنووسی کورد، شارەزاییەکی باشی لە تەبیعەتی رستەبەندی زمانی کوردیدا هەبیٚ و تەنیا لەم رێگەیەوە دەتوانین هەم زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەین و هەم تەبیعەتی پێکهاتەی دەستوورەکەی بپارێزین و لە شێوان دووری بخەینەوە. واتە ئەگەر بمانەویٚ دەستەواژەیەکی بێگانە بکەین بە کوردی، دەبیٚ بەپێی دەستوور یاساو رێسای زمانی کوردی بیکوردێنین، دەنا ئاکامی باشی نابێت، و ئەم دیاردەیەش زۆر بە زەقی لە رۆژنامەوانی ئەمڕۆماندا دیارە... راپۆرش کە کۆڵەکەیەکی گرینگی رۆژنامەوانی پێك دێنیٚ، جۆری زۆری هەیە، و ئەم هەمە جۆرییەش زمانی جیاواز دێنێتە ئاراوە، لەوانە بۆ وێنە گفتوگۆی رۆژنامەوانی، تەحقیقی رۆژنامەوانی و رووداوو چالاکی رەسمی و نیمچە رەسمی رۆژانە کە رەنگە هەموویان لە ژێر خێوەتی ریپۆرتاجدا یەك بگرنەوە، هەڵبەتە هەر یەکێك لەو بوارانە شێوازی خۆی هەیەو رەنگە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی بگۆڕین.. بۆ وێنە هەڤپەڤین، دەشێت دەقاو دەق وەکو خۆی و بیٚ چ دەسکارییەك بڵاوبکرێتەوەو لەم حاڵەتەدا دوو جۆرە زمان دەگرێتە خۆ، یەکێکیان زمانی رۆژنامەنووس یان پەیامنێری رۆژنامەوانییەو ئەوی تریان وەڵامی ئەو کەسەیە کە هەڤپەیڤینەکەی دەگەڵ ئەنجامدراوە، دیارە زمانی تایبەتی خۆی هەیە، بە زۆری بڵاوکردنەوەی دەقاو دەقی هەڤپەیڤین بۆ خەڵکانێك بەکاردێن بەرپرسی گەورە بن و قسەکانیان بایەخی ستراتیژی و سیاسی گەورەیان هەبیٚ...

هەر لە هەمان بواردا، دەشێت دەق و ناوەڕۆکی هەڤپەیڤینە رۆژنامەوانییەکان، سەر لە نویٚ لەلایەن رۆژنامەنووس و پەیامنێرەکانەوە دابڕێژرێتەوەو مامەڵەیەکی رۆژنامەوانی وەکو چیرۆکە هەواڵ و هەواڵی دەگەڵ دا بکریٚ، و لەم حاڵەتەدا زمانەکە دەبێت بە زمانی رۆژنامەوانی و لایەنە گرینگەکانی هەڤپەیڤینەکە کە نێوەڕۆکی بابەتەکە پێك دێنن..

تـەحقیق، هـەر لـە ناوەکـەی را دیـارە، کـە رۆژنامـەنووس نـەك هـەر دەبـیّ بچێتە بـنج و بنـاوانی بابەتەکـەیو شـوێن و کـات و لایەنـەکانی بابەتەکـە بەرجەسـتە بکـات، بـەڵکو دەبـیّ هۆکـارو ئاکامـەکانیش بدۆزێتـەوە و بـەرای زانسـتی پشـتیوانی لـە تەحقیقەکـەی خـۆی بکـات و هـەر بەوەشەوە نەوەستیّ، بەڵکو راو بۆچوونی خەڵکانی پسپۆرو کارامەو بە ئەزموونیش لەو بارەیەوە وەربگریّ.. هەڵبەتە ئەم بواری تەحقیقە، زیاتر قاڵبی وتار وەردەگریّ تا هەواڵ، بۆیە زمانیش هەمان تایبەتمەندیی بابەتەکە وەردەگریّ، رۆژنامەنووسی ئەم بوارە دەبیّ توانایەکی تایبەتی وەسف کردن و گوزارشتی وردی هەبیّ و شارەزای ئەو وشەو زاراوانەی بیّ کە لە بواری بابەتی تەحقیقەکەیدا باون، بابەتێکی تری رۆژنامەوانی هەیە کە رەگێکی هەم دەچێتەوە سەر زمانی هەواڵ و هەم زمانی تەحقیق.. ئەویش بڵاوکردنەوەی هەواڵی نێو کۆبوونەوە رەسمییەکانی وڵاتە، وەکو کۆبوونـەوەی پەرلـەمان و دام و دەزگـا رەسمـی و دبلۆماسـییەکان، دیـارە ئەگـەر رووداوی نێـو ئـەم کۆبوونەوانـە بـە دوورو درێـژی بڵاوبکرێنـەوە، ئـەوا شـێوەو قـاڵبی تـەحقیق وەردەگرن و ئەگەر بە کورتی و بە شێوەی بروسکەیی بڵاوبکرێنەوە ئەوا شێوەو قاڵبی هەواڵ وەردەگرن.

هەڵبەتـە زانـای زمـان دەتـوانیّ لـە رێگـەی رۆژنامەوانییـەوەو بـەپێی قۆناغـەکانی رۆژنامـەوانی، قۆناغەکانی گۆڕان و گەشەکردنی زمانی هەر کۆمەڵگەو گەلێك دیاری بکات و ئاستی رۆشنبیری و فیکری ئەو کۆمەڵگەو گەلە بزانیّ، چونکە زمانیش وەکو بوونەوەرێکی زیندوو پابەندی یاساو رێسای گۆڕان و پەرەسەندنە، هەر بۆ نموونە ئەو گۆڕانانەی لە زمانی رۆژنامەوانی ئەمڕۆماندا بەدی دەکرێن، بە ئاشکرا شەقڵی قۆناغ و پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی پێوە دیارە و زمانی رۆژنامەوانی ئەمڕۆمان بە ئاشکرا جیاوازە لە هی بیست ساڵ لەمەوبەرو ئەمەش رەنگدانەوەو دەنگدانـەوەی ئـەو گۆڕانکارییانەیـە کـە تـاك و کۆمـەڵ پێیـدا دەڕۆن و تەنانـەت زانایـانی کۆمەڵناسیش دەتوانن لە رێگەی زمانی رۆژنامەوانییەوە بچنە بنج و بناوانی بیروبۆچوون و خولیـاو گرفتـە کۆمەڵایەتییـەکانی هـەر سـەردەمێك و لایـەنێکی بـاس و لێکۆڵینـەوە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانی پیّ دەوڵەمەند بکەن...

جا هەر لەم پێودانگەوەو بۆ دووپات کردنەوەی گرنگی زمان لە بواری رۆژنامەوانیدا هیچ نابیّ بە زێدەڕۆیی ئەگەر بگوتریّ (چ شتێك لە دەرەوەی زماندا نییە....)

تێبینی: بۆ ئـەم وتـارە سـوود لـە نامیلکـەی (لغـه الصـحافه المعاصـره د. محمـد حسـن عبـدالعزیز) وەرگیراوە.

## ٦- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا

بێگومـان دەزگـای ڕاگەیانـدن بـە هـەموو کەناڵەکانییـەوە (بینـراو، بیسـتراو، نووسـراو) یـەکجار کاریگەرە. بە هەردوو دیوی چاکەو خراپەدا کاری خۆی دەکات. هەڵبەتە ئەمەش بەندە بەو کـەس و گـروپ و لایـەن و حیـزب و حکومەتـەوە کـە ئاراسـتەی دەکـات. هـەر لەبـەر ئەمەیـە ئەگـەر لـە سیستەمی نوێی ئیداریدا تەئکید لەسەر ئەوە بکرێت کە کەسی لەبار لە شوێنی شیاودا دابنرێت ئـەوا لـە بـواری ڕاگەیانـدن و دەزگاکـانی ڕاگەیاندنـدا پێویسـتە، گونجـاوترین و شـیاوترین و لەبارترین کەسان بێنە هەڵبژاردن، چونکە ڕاگەیاندن ڕەگەزێکی هەرە گرینگ و بنچیڕە بۆ زەمینـە خۆشـکردن بـۆ پـەروەردە کردنـی دیموکراتییـەکی ڕاسـتەقینەی چـالاکی سـەمەربەخش، هـەر لەوێنـدەرەوە کـرۆك و پوختـەی حەقیقەتـەکان دەخرێنـە بەردەسـتی جـەماوەری خـەڵك و نـابێ و ناکرێت بـە هـیچ بیانوویـەکی وەك پاراسـتنی ڕیزەکـانی ڕێکخسـتنی حـزب و ئاسایشـی حیـزب و تەنانەت پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییش حەقیقەت لـە خـەڵکی بێتـە ڤەشێرتن یا بشێوێنرێت و ڕۆحی دیموکراتیەت بکرێت بە قوربانی دەستکەوتی ڕەوتـەنی و کـاتی و حیزبی. دەبێ هەمیشـە ژیانی ڕەوتەنی و کـاتی و حیزبـی قبـوڵ بکـەین لـە پێنـاوی دەسـتکەوتی سـتراتیژی نەتەوەییـدا...

چونکە ئەگەر بەم نەفەسـەوە کـار نەکـەین و مامەڵـە لەتـەك ڕووداوەکانـدا نەکـەین ئـەوا دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن دەبنـە مەڵبەنـدی هـەڵهێنانی گـەرای دیکتاتۆریـەت و جـۆرە بیرۆکراتییـەتێکی ئیـداریی دیکتاتۆرییـەت ئـامێز پـەروەردە دەکـات و نەتـەوەو میللـەت بـەرەو هەڵـدێری ناکـامی دەبـات جـا ئێمەی کورد، گەر تۆزێك لـەدەزگا زۆرو زەبەنـدەکانی ڕاگەیانـدنی مەیـدانی باشـووری کوردسـتان ورد ببینـەوەو هەنـدێك ڕەخنەگرانـە لـە فکـران ڕابچـین و —کـە هـەر ئەمـە دادمـان دەدات و خزمـەتی سـتراتیژی نەتـەوەییمان دەکـات– بێینـە قسـان، ئـەوا بـە ئاسـانی بۆمـان بـەدیار دەکـەوێت کـە دەزگاکـان بـە ئاراسـتەیەکی خراپـدا وەگـەڕ خـراون و دەتـوانین بڵـێین حەقیقەتـەکان تـەواو دەشێوێنرێن و ئەو حەقیقەت و زانیاریانەش کە جار جارە دزە دەکـەن و دەگەنـە خـەڵکی هێنـدە کـەمن هـەر هیچیـان لەسـەر ڕۆنانرێـت، ئـەوەی مایـەی سـەرنجە لـە حاڵێکـدا، کـە ئەمـە حـاڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، زۆر جار لەم بۆنەو لەو بۆنەدا، داوا لـەم کەسـایەتی و لـەو کەسـایەتی، لـەم گروپ و لەو گروپ، لەو ڕێکخراوو لەم ڕێکخراو، لەم حیزب و لەو حیزب دەکرێت کە دەرهـەق بـەم ڕووداوو بەو ڕووداو هەڵوێستیان هـەبێ!.. جـاریێ بـۆ هـەر هەڵوێسـتێك دوو مـەرجی زۆر سـەرەکی هەن یەکـەم زانیـاری و حەقیقـەتی تـەواو دەربـارەی ڕووداوەکـە بخرێتـە بەردەسـت کەسـایەتی یـان لایەنی هەڵوێست لێخـوازراو. دووەم خـاوەن هەڵوێسـت دڵنیا بکرێـت، کـە هەڵوێستەکەی بایـەخ و کاریگەریی خۆی دەبێ و بە قسەی دەکرێت. بۆیە هـەر هەڵوێستخوازییەك بـەدەر لـەو دوو خاڵـەی سـەرێ، داخوازییـەکی نابەجێیـەو تـەنیا بـۆ ئیسـتهلاکی محـەلی و ئیحـراج کردنـی هەڵوێسـت لـێ خوازراوەکە، بەکار دەهێنرێت.

هەڵبەتە ئەم دیاردەی حیجزکردنی زانیاری و حەقیقەتە تەنیا ڕەمەکی مەردمی نەگرتۆتەوە، بگرە زۆر جـار ئەنـدامانی حکومـەت و ئەفسـەرانی هێـزی چـەکدارو بەڕێوەبـەرانی دام و دەزگاکـانی

ولاتیش دەگرێتەوەو زانیاری پێویستیان نادرێتێ و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە هەندێك بۆنەداو بۆ ئەوەی لەبەر چاوی خەڵك لە روو دانەمێنن!.. بۆ خۆ بەپێ خاوسی بەناو بکەون و بە مەزندەو رمڵ لێدان قسان بکەن، ئیدی ئەم مەزندەکاری و گۆترەکارییە جاری وا هەیە لەگەڵ خەتی حیزبدا دەگونجێ و خێر بۆ خاوەنەکەی دەداتەوە، جاری وایە دژی خەت و هەڵوێستی حیزب دەوەستێتەوەو یان جێ بەخاوەنەکەی لەق دەکات یان خێرا بۆنەیەکی بۆ دروست دەکەن و بۆی پینە دەکەنەوە!... ئەنجامی ئەم جۆرە راگەیاندنەش تەنیا پاشاگەردانییەکی خەتەرە، چونکە سیاسەتی عەوام خەڵەتێنی تا سەر بڕناکات و هەر کە جەماوەر وەئاگا هاتەوەو هەستی بەوە کرد کە تا ئێستا هەڵخەڵەتێنراوە، بیر لە تۆڵە دەکاتەوەو لەگەڵ بچووکترین وەرچەرخاندا هەڵدەگەڕێتەوە.

بێگومان پاش سیاسیەتی مەرکەزی هەر راگەیاندنێك مەسئولیەت دەکەوێتە ئەستۆی بەرپرس و کادیرە ئیعلامییەکان، بۆیە خەتەرترین کادیر، ئەوانەن کە فشە توانایەکی ناڕەسەنیان هەیەو خزمایەتی و کەسایەتی لەوێندەری هەڵتۆقاندون، هەڵبەتە ئەمانە تەنیا رواڵەت و دیوی دەرەوی شتەکان دەبینن و بەسایکۆلۆژیایەکی نەخۆشی خۆپەرستانەوە، مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و هیچ جۆرە دەستپاکی و دڵپاکی و پاك روانینێك لە مەزەبیاندا نامێنێ و ئەو تواناو بەهرەیەشیان نییە، کە لە فاکتەرو هێزە کاریگەرەکانی ناوەوەو ژێرەوە تێبگەن و بەرەوتێکی ئایندەگەرانەی مرۆڤانەدا وەگەڕی بخەن و ئاراستەی بکەن و پەروەردەی بکەن. دیارە ئەم بابەتە کادیرانە، بازنەیەکی بیرۆکراتیانە پێك دەهێنن و کەم زۆر لەوە ناپرینگێنەوە کە ئاگری چ کارەساتێکی نەتەوەیی خۆش دەکەن، چونکە ئەو بە مەزندە و بگرە بە قەناعەتی خۆی چ خەتایەکی نییە، ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دەدات، گرینگ ئەوەیە سەرووی خۆی لێی رازی بێت، دیارە خەتەری کەسایەتی بیرۆکرات لەمەدایە کە هیچ بە دەنگەوە هاتن و بە تەنگەوە هاتنێکی ئینسانی لەلا نامێنێ، بەڵکو دەبێت بە کۆیلەی ئەڵقە لە گوێی یاساو فەرمان و دەستوورەکانی سەرووی خۆی و ویژدانیشی ئاسودەیە، چونکە چ خەتایەکی نییەو بگرە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە.

لە راستیدا کاری دەزگای راگەیاندن "چاپەمەنی، رادیۆ، تەلەفزیۆن" بریتییە لە گەلاڵە کردنی هەواڵ و ناردنی وەکو کالایەك بۆ بازاڕ، هەڵبەتە کەرەستەی هەموو هەواڵێکیش بریتییە لە رووداوەکان، ئاشکراشە دەزگای راگەیاندن بڕیار دەدات، کە چ رووداوێك بکرێ بە هەواڵ و بە چ شێوەیەك بخرێتە بازاڕەوە.. راگەیاندنیش بەشێوەیەکی گشتی رواڵەتی رووداوەکان وەردەگرێت و بە شێوەیەکی سەرڤە سەرڤە رتووشی دەکات و بوار بە هاوولاتی نادات قوڵ ببێتەوە و خۆ بەخۆو ئازادانە هۆو رەگ و ریشەکانی بدۆزێتەوەو بە بیر کردنەوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵەی لەتەك دا بکات و هەڵوێستی مرۆڤانەی لەمەڕ بنوێنێ.

دیارە کە هەواڵ بوو بە پیشەو بازرگانی و کاسبی بە تایبەتی لای کورد کە بازاڕی حیزبایەتی تەسکی پێ گەرم دەکرێت –ئەوا زۆر جار بەها کۆمەلایەتی و نەتەوەیی و ئەخلاقییەکان– مادامێکی زەرەری بۆ حیزبە حەیاتەکە نییە پایەماڵ دەکات و مێشیشی میوان نییە. بۆیە تاقە

رێگا بۆ دەرباز بوون لە قەیرانی راگەیاندنی عەوام خەڵەتێن و دیماگۆگی ئەوەیە لینین گوتەنی: (هەموو حەقیقەتەکان بخرێتە بەردەست جەماوەر) بە تایبەتی ئەو حەقیقەتانەی پێویستن بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی هەموو جەماوەری خەڵك، ئەو حەقیقەتانەی موناقەشەی جدی لەسەر ئاستی خزمەتی نەتەوەیی دەدەنەوەو زەمینە بۆ دیموکراتیەتی هاوبەش خۆش دەکەن... پێویستە بەلای کەمەوە ئازادی گوزارشت و بەیان بە هەموو کەس و گروپ و لایەن و حیزبێك بدرێ و لەسەر یەك حیزب و دەسەڵات قۆرخ نەکرێت و نەهێڵرێت، جەردەیی سیاسەت "القرصنه السیاسیه" دروست ببێ و هەروەها دەبێ شێوازی هیپنۆتیزمی سیاسی (نواندنی موگناتیسی) وەلا بنرێت، چونکە ئەمە خەتەرێکی یەجگار گەورەیە و هەڕەشە لە ساغڵەمی ئەقڵیو ئاسودەیی زەین و بیرکردنەوەی رەخنەگرانە و سەربەخۆیی ویژدان دەکات.

**سەرچاوە:**


الانسان بين الجوهر والمظهر ، اريك فروم.


## ٧- رۆژنامەوانی و دکتاتۆرسازی

((١))

دیموكراتیەتی سیاسی بەبێ دیموكراتییەتی كۆمەڵایەتی نابێ، دیموكراتییەتی كۆمەڵایەتی بەبێ دیموكراتیەتی نێونەتەوەیی نابێ، واتە ئەم چەمك و هاوكێشانە لە كارلێكی تەواودان، هەم یەكتر دەخەملێنن و هەم لە كاتی سەنگەلابوونی پەیوەندییەكاندا یەكدی لەناو دەبەن، جا لەم پێودانگەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان دەسەڵات و رۆژنامەوانی یا راگەیاندن بە هەموو جۆرەكانییەوە، لە گشت قۆناغەكانداو لە هەموو دنیادا هەر قورس و ئاڵۆز و تێكرژاو بووە . خۆ لەجیهانی سێیەمدا ئەم پەیوەندییە گەلەك ئاڵۆزترە، بەتایبەتی كە دەسەڵاتداران یەجگار تینووی دەسەڵاترانین و دەسەڵاتیان تەنیا لەپێناوی دەسەڵاتا دەوێ و.. ئەگەر نەتوانن خەڵكی بەقسە بێننە سەربار ، ئەوا چەك ئەركی ملكەچاندنیان لە ئەستۆ دەگرێت، هەڵبەتە ئەمە لە كەشو هەوای ئاوهادا ئاساییە، چونكە كەسێك نەتوانێ لەرێگەی ئەقڵ و ئاوەزەوە ناكۆكییەكانی خۆی لەگەڵ خەڵكیدا چارەسەر بكات، پەنا وەبەرزەبروزەنگ دەبات، دیارە ئەگەر ئەمە لە ئاستێكی بەرینتردا، لە ئاستی گەلان و وڵاتاندا پیادە بكرێ ئەوا جەنگی لێدەكەوێتەوە كە لوتكەی كارەساتە مرۆڤانییەكانە. ئاساییە كاتێ كۆمەڵگەیەك نەتوانێ بە ئەقڵ و زمان كێشەكانی لە گەڵ كۆمەڵگاكانی دیدا بەرێوەبەرێ، پەنا وەبەر هێز دەبات و بەلای دیالۆگدا ناچێت، كە شارستانیترین رێگەیە بۆ چارەسەری هەر كێشەیەك .. كۆمەڵگەی بەشەری بە رۆژو دوو رۆژ نەگەییوەتە ئەم ئاستەی ئەمرۆ، دەسكەوتە بەشەرییەكان بەرەنجامی خەباتی ملیۆنان ساڵ و رۆژگارانە و نابێ بە ئاسانی بخرێتە قومارەوە، جا ئەگەر لە وڵاتانداو لە زۆر قۆناغی مێژوودا شۆرش، رۆڵەكانی خۆی خواردبێ، و شۆرشگێران بووبن بە سووتەمەنی ئاگری شۆرش، ئەوا لە جیهانی سێیەمداو لەرۆژگارانی نزیكدا ، بە پێچەوانەوە رۆڵەكان، شۆرشیان بە پەرو باڵەوە و بەرۆژی روناكو بە بەرچاوی دۆست و دژمنەوە ،خواردووەو دەخۆن و منەتی دنیاش بەسەر خەڵكیدا دەكەن و كەناڵەكانی راگەیاندنیان بۆ خۆ قۆرخ كردووەو بەلێشاو زانیاری و هەواڵی نادروست و نیوەچڵ و شێواو بۆ جەماوەری خەڵك هەڵدەرێژن و بەمەش سەرلەبەری دەزگای هزرین و بیركردنەوی جەماوەری خەڵك وێران دەكەن و لە مرۆڤایەتیان دەخەن.. ئەوەیان بیر دەبەنەو كە تاقە رێگەی شارستانیانەی چارەسەری هەركێشەیەك تەنیا دیالۆگە. هەڵبەتە دیالۆگ ئەو مەلا بەزێنیە باوەی رۆژهەڵات نییە. لە دیالۆگی راستەقینەدا سەركەوتوو و بەزیو نییە، دیالۆگ لە هەموو زەمینەكانی ژیاندا، بەتایبەتی لە زەمینەی سیاسیدا، بۆ ئەوەیە بزانیت كە بەرانبەرەكەت چۆن بیر دەكاتەوە،واتە دەبێ لە رێگەی دیالۆگەوە هەوڵ بدەیت هزرینی بەرانبەرەكەت بخوێنیتەوە، وەكو چۆن ئەویش دەبێ هەمان شت لەگەڵ تۆدا بكات. بێگومان یەكدی خوێندنەوە زەمینە بۆ لێكدی حاڵیبوون دەسازێنێ و خۆش دەكات، كە ئەم زەمینەیە خۆش بو ئیدی ئیدارەدان و بەرێوەبردنی ناكۆكی و ململانێ و كێشەكان بە ئەقڵ دەسپێردرێ و ئەقڵگەرایی دەبێ بە باو و هەنگێ ئەگەری پەنابردنە بەر زەبرو زەنگ و توندوو تیژی و كەلتووی قین یا نامێنێ یا زۆر كەم دەبێتەوە بەمەش كای كۆن ئەوەندە بە با

ناكرێتەوەو پتر بایەخ بە ئایندە دەدرێ و كار بۆ ئایندە دەكرێ و كەلتووری مسامەحەكاری و لێبوردەیی ریشاژۆ دەبێ... بێگومان رۆژنامەوانی و راگەیاندن دەوری گرنگ لەم بوارانەدا دەبینن..

((٢))

..زۆربەی پسپۆران و شارەزایان پێیان وایەرۆژنامەوانی دەبێ مولكی خەڵكی مەدەنی بێت و، مولكی دەولەت نەبێ، دیارە لای ئێمە كەمەخابن دەولەتمان نییە، كە ئەمە بۆخۆی كارەساتە، حیزبەكان رۆژنامەوانی دەكەن بە چەكێك بۆ چاو بەستەكێ لە جەماوەری خەڵك،و راستییەكان، بەتایبەتی ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێ، هەرگیز بە خەڵكی نالێن،و بەشێواوی و نیوە چڵی بلاوی دەكەنەوەو بۆ بانگەشەی نادروستی حیزبی بەكاری دێنن، هەڵبەتە بەمەش سەرلەبەری دەزگای هزرین و بیركردنەوەی خەڵكی دەشێوێ و وێران دەبێ و بەرەبەرە لە مرۆڤایەتی دەكەون و دەبن بە مێگەلی گوێڕایەڵ و ملكەچ و دكتاتۆرساز... بۆیە ناوەندەكانی راگەیاندن لایەنن لە گەمەی دەسەلاتڕانی و چەسپاندنی كۆڵەكەكانی دەسەلاتدا، دیارە هیچ دەسەلاتێك بە حوكمی تەبیعەتی خۆی ناتوانێ شۆڕشگێر بێ.. جا بۆ دیموكراتیزەكردنی دەسەلات، پێویستە بە زووترین كات دامو دەزگاكانی راگەیاندن بە خەڵكی مەدەنی بسپێردرێن و دەسەلات بە رێژەیەكی دیاری كراو شەریك بێ لە مولكایەتی ئەو دەزگایانەدا، چونكە ئەوەتا بەئاشكرا دیارە كە لەبری ئەوەی رۆژنامەوانی سانسۆر بێ بەسەر دەسەلاتەكانی دیكەوەو هەڵەكانیان راست بكاتەوەو پەڵەكانیان پاك بكاتەوە، بە پێچەوانەوە دەسەلات بووە بە سانسۆر بە سەر رۆژنامەوانی و راگەیاندنەوە، كە ئەمە خۆی لە خۆیدا دورخستنەوەی جەماوەری خەڵكە لەوەی ببێ بە شەریكی دوستكردنی قەرار...

زۆر جارحیزب، مادامێكی خاوەنی دەزگای راگەیاندنە بە پێی یاسا، كە لەبنەرەتدا بە گوێرەی بەرژەوەندی ئەو دارێژراوە، دەست دەخاتە كارو بارەكانی دەزگاوەوبە ئارەزووی خۆی و بە پێی بەرژەوەندییە حیزبییەكان ئاراستەی دەكات، ئەمە لە كاتێكایە هەموو دەزانین هەر كەناڵێكی رۆژنامەوانی و راگەیاندن كە رێزی خۆی بگرێ، لەسەرێتی بێلایەنانە هەواڵەكانی جیهان بخاتە روو،و بایەخ بە هەواڵەكانی ولاتی خۆیشی بدات، واتە كادری بواری راگەیاندن پەیوەندی دەكات و مقابەلە دەكات، جا ئەگەر بیەوێ گوێی لێبگیرێ دەبێ ئەویش قسە بكات. ئەمەش پرۆسەیەكی ئالۆزەو نەفەسێكی شارستانیانەی كراوەی دەوێ. جا بەدەس هێنانی زانیاری و هەوالان بەوە نابێ سەرچاوەی زانیاری و هەواڵەكان بەتۆبزی بێنێتە جەواب، بەڵكو ئەمە تەنیا بە دیالۆگ دێتە دی كە پرۆسەیەكی شارستانی هەمە پەسندە..

رۆژنامەوانی و راگەیاندن بەگشتی لە هەر ولاتێكدا بەشێكە لە ژیانی سیاسی ئەو ولاتەو لێی جیا نابێتەوە، رۆژنامەش بۆ ئەوە دەرناچێت كە گوزارشت لە راو ئارەزووی خودی ستاف و نووسەرەكانی بكات، بەڵكو بۆ ئەوە دەردەچێت كە گوزارشت لە راو بەرژەوەندی بەرینترین و گەورەترین هێزو توێژی كۆمەلایەتی بكات، واتە دەبێ زادەی پێداویستییە كۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری و رۆشنبیرییەكان بێ و شەرعیەتی خۆی لە پێداویستییەكانی قۆناغی خۆیەوە وەربگرێ و ئازادانە گوزارشت لەو راو بەرژەوەندییانە بكات كە نوێنەرایەتیان دەكات. هەمیشە فرە دەنگی رەچاو بكات، فرە دەنگی زادەی فرە هێزی پێكهاتەكانی كۆمەڵگەیە. دیارە فرە هێزی و فرە لایەنی

به گوێرەی قۆناغی پەرەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریی و ئەو هاوکێشەو هاوئاهەنگییانەی لێی دەکەوێتەوە، زمینە بۆ فرەدەنگی دەرەخسێنێ کە گوزارشت لە فرە هێزی بکات .. هەر ئەم فرە هێزی کۆمەڵایەتییە ئەو هاوسەنگییەی دروستی دەکات ، زەمینە بۆ فرە دەسەڵاتی خۆش دەکات و بەناچاری دەبێ پابەندی یاسا بن و یاسا هێڵی پەیوەندییەکانیان و بەرژەوەندییەکانیان دیاری بکات..دیارە ئەم جۆرە فرە لایەنییە زەمینە بۆ دروستبوونی حیزب و پەرلەمان و حکومەتی زۆرینە خۆشدەکات.. بۆیە لە غیابی رۆژنامەوانییەکی بە هێزو یاسایەکی سەروەردا ژیانی سیاسی لە گرێژەنە دەردەچێت و لە چوارچێوەی تاك دەسەڵاتیدا قەتیس دەمێنێ، کە دەگەڵ تەبع وتەبیعەتی هەمەجۆرخوازی مرۆڤدا ناگونجێ.. هەڵبەتە رۆژنامەوانی هاوچەرخ، لە پاڵ ئەوەدا کە سەرچاوەی هەواڵ و راو بۆچوونان و رۆشنبیرییە ، پیشەسازییەکی گەلەك گەورەو ئاڵۆزیشە، رۆژنامەوانی لە هەر ولاتێکا لە چوارچێوەی بزاڤی کۆمەڵ و قۆناغەکانی پەرەسەندندا مومارەسەی خۆی دەکات و ئەمەش جۆرە تایبەتمەندییەکی پێدەبەخشێت، هەڵبەتە ئازادی رۆژنامەوانی لەوەدایە کە بەشداری موناقەشەی چۆنیەتی دروستکردنی قەرار بکات و لە ئەنجامەکانی قەرار بەرپرسیار بێ..

((٣))

رۆژنامەوانی ئازاد لەسەرێتی رۆڵەکانی میللەت فێری زمانی ئازادی بکات، فێریان بکات چۆن بەرگری لە خۆ بکەن، و ئازادانە بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤانی مرۆڤ بکەن.. چونکە هەرکاتێ رۆڵەکانی میللەت، بەتایبەتی هزرڤانان ورۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم لە هەر قۆناغێکدا پشتیان کردە پەیامی خۆیان و ترسان ئیدی قۆناغە تاریکەکان دەست پێدەکات ، چونکە قەڵەمەکان پشت دەکەنە هەر زوڵمو زۆرێك کە دەکرێ، وبەمجۆرە بەشداری لەدروستکردنی دکتاتۆراندا دەکەن و هەر کەسەو لە خەمی کلاوی سەری خۆی دا دەبێ.. رۆژنامەوان دەتوانێ خۆی لە رووداوەکان دوور بگرێ وبە نووسین هەڵوێستی خۆی لەمەر بویەرەکان دیاری بکات و لەو رێگەیەوە بەشداری لە خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆی بکات و بەشێوەیەکی کاریگەر دەور لە خولقاندن و پێکهاتەی بیرو بزوتنەوەی گەل و ولاتی خۆیدا بکات.. لە کۆتایی دا جێی خۆیەتی ئەوە دووپات بکەینەوە کە رۆژنامەوانی لە هەر ولاتێکا بەشێکە لە ژیانی سیاسی ئەو ولاتەو لێی جیا نابێتەوە، واقیعی کوردستانی ئازیز ئەوەمان پێدەڵێت: لە کوردستاندا ئازادی رۆژنامەوانی هەیە ، بەڵام رۆژنامەوانیی ئازاد نییە...

---

تێبینی: بۆ زانیاری پتر بڕوانە کتێبی( راگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا)... حەمەکەریم عارف ٢٠٠٥

وتـار بـە هـەموو جۆرەكانیەوە،یەكێكـە لـە كۆڵەكـەكانی رۆژنامـەوانی،ومێـژووی پەیـدابوون و سـەرهەڵدانی وتـار دەگەڕێتـەوە بـۆ پـێش سـەدەی شـانزەیەم.بابـەتی وتـاریش لـە كۆنـەوە ژیـان ودیاردەكانی ژیان ومرۆڤ وخەون وخۆزیا وخەم وژان و كول وكۆڤانی ئینسانی بووە،ڕامان بووە لە ماناوچەمك ودۆزینەوەو كەشفكردنی دیاردەكانی ژیان.ئەمەش خولیایەكی دەروونیەو لە گەڵ دروسـتبوونی مرۆڤـدا هـەبووە، ئیـدی لـە بەرەبـەیانی مێـژووەوە بـە شـێوازی جۆراوجـۆری وەكو:سیحرو رەسمی سەر دیواری شكەفتان و كۆڕو مەجلیس ودەمە تەقێیانی هەمەجۆرو پەندو قسەی نەستەق و...گوزارشتی لێكراوە.بۆیە دەشێت بگوترێ كە وتار زنجیرە بیرۆكەیـەكی جوان دارێژراوە كە بە دەوری یەك بابەتدا دەخولێتەوەو یەكێتی بابەت تەوەریەتی.

دیـارە هەنـدێ خەسـڵەتی وتـار،لەشـێوازی نووسـینی كۆمـەڵێك فەیلەسـوف وكەڵـە نووسـەرانی مینـاكی سوكرات و ئـەفلاتون و ئەرستۆو هـۆراس وشیشرۆن وجلیوس دا دەبینرێت و بوون بە سەرچـاوەو ئیلهامبەخشـی وتارنووسـانی سـەدەكانی شـانزەوهەڤدە...هـەروەها نووسـەانی پەیامداری وەكو نیزامی گەنجەوی (سەدەی ١٢)و سەعدی شیرازی (سەدەی ١٣) لە گوڵستاندا،لە بەرهەمەكانیاندا هەندێ خەسڵەتی وتاری وەسفی و وتاری چیرۆكڤانی بەدی دەكرێت..چەكەرەو مـاكی وتـار لـە ئـەدەبیاتی عەرەبیشـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی دووەمـی كۆچـی وئـەو ماكـە لـە بەرهـەمی زور كەسـدا دەبینرێـت وەك:حەسـەن ئەلبەسـری،ئیبنول موقەفـەع ودواتـر ئـەبو حـەیانی تەوحیدی و دواتریش جاحز. لـە ئەوروپاشدا وتـاری مۆدرێن وهاوچـەرخ لەسـەر دەسـتی میشێل دی مونتێن وفرانسیس بیكۆن (سـەدەی ١٦)ئیـدی بەرەبـەرە بە گوێرەی رۆژگـارو لە هەلومـەرجی كۆمەڵایـەتی تـازەدا وتـاریش گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووەو نێـوەرۆك و قـاڵبی تـازەی وەرگرتـووەو رێبەران و پێشەنگانێك بەدیاركەوتوون وجڵەوداریان كردووەو وتار بەرەو ئەوە چووە دیاردەكانی ژیـانی هاوچـەرخ شـیبكاتەوەو بیخاتـە بـەر وردەبینـی رەخنـەی بابەتیانـە..هەڵبەتـە بڵاوبوونـەوەو زۆربـوونی ژمـارەی رۆژنامـە وهەفتەنامـەو گۆڤـارو پەخشـەكەناڵی دیكـە هۆكـاربوون بـۆ رەواج وبـرەوی وتـارو هونـەركاری لـە وتـاران وجـۆری وتارانـدا،وتار لـە لای كـوردیش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرهەڵدانی رۆژنامـەی كـوردی..فاكتـەرێكی دیكـەی رەواجـی وتـار ،كردنـەوەی كافـەو یانـەو شوێنانی گشتی بوو لە سەدەی هەژدەیەمدا،كە خەڵكانی زۆر لەو شوێنانەدا كۆدەبوونـەوەو باس و موناقەشـەی لایەنـە هەمـەجۆرەكانی كۆمەڵایـەتی وئـەدەبی وكـەلتووری و سیاسـی و ئابورییـان دەكر وزۆرجار نێوەرۆكی ئەو گێنگەشـەو موناقەشانە لـە قاڵبی وتـاران دەدران و بڵاودەكرانـەوەو ئیـدی وتـاریش بـە گـوێرەی بابـەت لـە دنیـای نووسـیندا خانـەی خـۆی وەرگـرت،وەك: وتـاری

سیاسی،کۆمەلأیەتی، رەخنەیی، چیرۆکڤانی،گوزارشی وخەبەری،نامەوانی،زانستی،فیکری و فەلسەفی..

دیارە وتار ئیدی لە سەدەی نۆزدەو بیستەوە رەونەقێکی زیاتری پەیداکردو بوو بە سەرچاوەیەکی کارا بۆ گەیاندنی زانیاری بە خوێنەران و وروژاندنی بیرو سۆزیان..بە هەرحاڵ لە رۆژهەلأتیشدا وتار زیاتر دەگەڵ سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی و لە باوەشی رۆژنامەوانیەوە چەکەرەی کردو سەری هەڵدا،هەڵبەتە جیاوازیەکی زۆر لە نێوان ئەو وتارانەی بۆ رۆژنامە دەنووسرێن دەگەڵ ئەوانەدا بۆ گۆڤار دەنووسرێن هەیە.بە تایبەتی رۆژنامەی رۆژانە پتر بایەخ بە هەواڵ وکاروباری سیاسی دەدات.بەلأم گۆڤار بە حوکمی قەوارەو تەبیعەتی خۆی،زیاتر جددیەت لە خۆدەگرێت وبایەخ بە رۆشنبیری و ئەدەبیات دەدات و وتاری درێژتر لە خۆدەگرێت.واتا لە گۆڤاردا بایەخ بە دروستی وسەلامەتی زمان وسیقالکردنەوەو مشتومالڵدانی شێوازی نووسین دەدرێت ودەکرێت بە پردێك بۆ گوێزانەوەی هزرێن تازەو سەردەمیانە..بە حوکمی زۆری لاپەرەکانی هەموو جۆرە وتارێکی زاتی وبابەتی لە خۆدەگرێت،وتەماحێکی فرە دەخاتە بەردەم هەندێ نووسەر کە هزروبۆچوونەکانی خۆیان لە قاڵبی وتاری چڕو سفتدا بخەنە روو و وتارنووسی بکەن بە پیشەی خۆ..وخەڵکانی بە توانای ئەوتۆ هەڵکەوتوون کە توانیویانە هاوسەنگی هەردوو لایەنی بابەتی زانستیانە وزاتی هونەریانە لە وتارەکانیاندا بپارێزن وهەم لایەنی ئەقڵی و هەم لایەنی زەوق وسەلیقەی خوێنەر پاراوبکەن ونەیەڵن بێزارو تەوەللا ببێت.کە تەها حسەینی عارەب و ئەحمەد ئەمین وزەکی نەجیب مەحموود لەو وتارنووسە دیارو بە توانایانەن.ئیدی وتار لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بووە هۆیەك بۆ دەربڕینی ڕامانە خودی وهزرە بابەتیەکانی نووسەران لە قاڵبێکی جوان و سەرنجراکێش و دوور لە هەر ئاڵۆزی وتەم ومژو چەواشەکاریەك.واتە هاندەرو ئەنگێزەی نووسەر ئارەزوو وخولیایەکی پڕجۆشی گوزارشتە لە شتێك، ئیدی دەشێت ئەو شتە ڕامان و وردبوونەوە شەخسیەکانی خۆی بێت سەبارەت بە ژیان و بە خەڵکی،و وتارێکی زاتی لێدەکەوێتەو یان دەشێت ئەو شتە بابەتێك بێت و وتارێکی بابەتی لێبکەوێتەوە،بەلأم لە هەردوو حاڵەتەکەدا نووسەر بۆ ئەوەی بتوانێت بە روونی و رەوانی گوزارشت لە مەبەست و مەرامی خۆی بکات،پەنا وەبەر گونجاوترین شێواز دەبات..دیارە ئەو مەیدان وبابەتانەی دەشێت وتارنووس قەڵەمڕانی تیابکات وبەرخوردو مامەڵەی لە تەکدا بکات یەجگار بەرین و هەمە جۆرن،وهەر هەموو ئەزموونە جۆراو جۆرە مرۆڤانیەکان دەگرێتەوەو بەپێی کەسایەتی هەر وتارنووسێك دەگۆڕێت و هەر وتارنووسێکیش کەسایەتی و شەقڵ و تایبەتمەندی خۆی هەیە،بۆیە ئەگەر وتار لە هێڵە گشتیەکانیشدا یەك بگرێتەوە،ئەوا لە شێوازدا، لە هونەرکاریدا،لە وردەکاریدا،کە رەنگدانەوەی خودی نووسەری پێوە دیارە جیا دەبنەوە،بۆیە ئەگەر بگوترێ بە ئەندازەی ژمارەی وتارنووسان،شێوازی وتارنووسی هەیە ڕەنگە نەبێت بە زێدەرۆیی..هەڵبەتە سەرباری ئەمەش وتارنووس لە هەر مەیدانێکی وتارنووسیدا کاربکات دەبێت نۆڕین و جیهانبینیەکی رەخنەوانی ساتیر ئامێزی هەبێت. وەکو هاودەمێك خوێنەری خۆی بدوێنێت،یانی خوێنەر واهەست بکات دەگەڵ هاورێیەکی راستگۆی خۆیدا دانیشتووەو

گـوێی لێـدەگرێت کـە راسـتگۆیانەو واقیعیانـە ئـەزموونی خـۆی و ڕاوبۆچـوونی خـۆی بـە دەم وزارێکـی شـیرین و خـۆش بـە دوور لـە هـەر ئاموچـیاری وسـەپاندنێك بـۆ دەگێڕێتـەوە وبـاس دەکات..دیارە وتارنووس بۆ ئـەوەی ئـەم پەیوەندیـە دروسـت بکات پێتڤیـە لـە سـەرنجدا ورد،لـە وەسـفدا سـفت ولـە شـیکردنەوەدا بـە توانـاو لـە حـوکم و داوەریـدا هاوسـەنگ ولـە ڕامانـا قـووڵ وجددی،ولـە سـاتیرو کۆمیکدا داهێنـەر بێت،دەنا وتارەکـەی نـەك پوشکـەیەکیش لـە جێـی خـۆی ناجولێنێت،بـەڵکو لەگـەڵ هـەوەڵ سـاتی بڵاوبوونەوەیـدا مـردار دەبێتـەوەو زەوق وئیشـتیای خوێندنـەوە دەلـەوتێنێت و دەکوژێـت،کـە مـەخابن ئەمـە زۆر بـە زەقـی لـە ڕۆژنامـەوانی ئـەمرۆی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت و وەکو چۆن ئەگەر لە ڕۆژێکدا دە دانە حیزبۆکە مرداربێتـەوە هیچ بۆشاییەك دروست نابێت و ئەگەر دە دانە بە ناو بزووتنـەوەو ڕەوت وریبازی سیاسـەتبازی دروسـت بکرێـت!! پوشـکەیەك ناجولێنێت،بـەو ئاوایـەش دە دانـە ڕۆژنامـە لـە ڕۆژێکـدا دابخرێت،بۆشاییەك دروست نابێت،وەدە دانەش دابمەزرێنرێت پوشکەیەك ناجولێت.

بـە هـەرحاڵ بابـەتی سـەرەکی وتـار ژیـان وگیرگرفتـەکانی ژیـان ودنیـاو سـایکولۆجیاو سۆسیۆلۆجیای مرۆڤە،ئەو بابەتانە لە روانگەو گۆشەنیگاو شرۆڤەو ڕاڤەی تایبەتی نووسەرەوە تـاوتویٚ دەکـرێن وبەرخوردومامەڵـەیان لـە تەکدا دەکرێـت،هەڵبەتـە نووسـەر خـۆی بـە میتـۆدی فەلسـەفەو سیسـتەمی لـۆژیکی فەلسـەفەوە نابەسـتێتەوە.چـونکە دێـت چـرە ئـەزموونێکی ئـەقڵی ویژدانی بە شێوازێکی تایبەتی دەخاتە روو،وشێوازیش لێرەدا چۆنیەتی هـزرین وهەڵبـژاردن و داڕشـتنی ڕسـتەو ریتمـی دەربڕین و نێـوەۆرك لـە خۆدەگرێـت ..دیـارە زۆربـەی زۆری وتـاران،بـە بیرۆکەیـەکی گشـتی دەسـت پێدەکـەن ونووسـەر بابەتەکـەی خـۆی لەسـەر بناخـەی ئـەو بیرۆکەیـە ڕۆدەنێـت،ئەوسـا بـە گـوێرەی مـەودای وتارەکـە تـاوتوێی دەکـات و ئەنجامگیرییـەکی پوخـت و قەناعەتبەخش بە پێی هزرین و ئەزموونی خۆی دەرهەق بە دیاردەو ڕووداوەکان،بە دەستەوە دەدات..دیارە دەستپێك لە وتاردا بۆ خوێنـەر یـەجگار گرینگـە،چونکە وتار بە بیٚ خوێنـەر هیچ دەنگدانەوەیـەکی نابێت،وبـە خوێنـەرەوە ناسـنامەی خـۆی پەیدا دەکات.بۆیـە پێویسـتە وتـار بـە شـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش و دڵگـیرو شـێوازێکی روون و ڕەوان و دیالۆگـامێزی،نێـوەرۆك دەوڵەمەندی پڕشنگدار، خوێنەر گیرۆدەی خوێندنەوەی خۆی بکات و هەم لەزەتی پیٚ ببەخشێت و هـەم ئاسـتی هزرینـی شـیکاریانەی بەرزبکاتەوە،چـونکە بایـەخی وتـار تارادەیـەکی زۆر بـەو بیرۆکانەوەیە کە نووسـەر گوزارشتیان لێدەکات.دەنا لـە جێـی خـۆی دەچـەقێت ونـە ڕای گشـتی دروست دەکات و نـە هیچ بزووتنەوەیـەکی ڕۆشنیری کۆمەڵایـەتی دروسـت دەکات وەکو ئەمـە بـە زەقی لە ڕۆژنامەوانی کوردیی هەرێمی کوردستاندا دیارە...لە کۆتاییدا پێتڤیە ئەوە بگوترێتـەوە کە وتار لە هەر بوارێکی سیاسی،ئابووری، کۆمەلایەتی،هزری،ئەدەبی،فەلسـەفیدا بێت، پێویسـتە بـە شـێوەیەکی بابەتیانـە بخرێتـە ڕوو،پشـت بـە ئامـارو بەڵگـەو بـەراوردکاری،بـە شـیکردنەوەو لێکدانـەوەو..ببەسـتێت و هەنـدێجار پێشـبینیش بکـات،یـانی خوێندنەوەیـەکی بابەتیانـەی قەناعەتبەخش بێت بۆ ئەو بابەتەی مامەڵەو بەرخوردی دەگەڵ دەکات ودەبێت بە شێوازێکی زۆر

روون و ڕەوان و وردو دوور لـە هـەر درێـژدادڕی و چـەنەبازی و پێچـە بـە دەورەیـەك پێشـکەش بکرێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*-فن المقاله/د.محمد یوسف نجم/دار بیروت(١٩٦٠)

*-فن المقاله وفرنسیس بیکۆن/عباس محمود القاد

*-تاریخ الصحافه العراقیه/عبدالرزاق الحسنی/صیدا(١٩٧١)

*- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا/چ١/(٢٠٠٥)حەمەکەریم عارف

# ڕاگەیاندن دەبێ زامنی دیموکراتیەت بێت

"١"

گومانی تیا نییە کە ڕاگەیاندن بە هەموو کەناڵە جۆراوجۆرەکانیەوە ڕۆڵێکی مەزن لە چەسپاندنو ڕیشاژۆکردنی دیموکراتیەت لە هەر سوچو نکالێکی ئەم دنیایەدا دەبینێ. ڕۆڵەکەی هێندە هەستیارو گرینگە کە دەشێت بێ دوودڵی بگوترێ ڕاگەیاندن زامنو پارێزەری یەکەمی دیموکراتیەتە.چونکە ڕاگەیاندن خۆی لە هەموو وردودرشتێکی هەڤبەند بە ژیانی ڕۆڵەکانی گەل دەکات بە خاوەن، ڕەخنە لە هەموو ئەو لایەنە نەرێتیانە دەگرێت کە میناکی خۆرە دەدەنە گیانی ژیانی ئابوریو ڕامیاریو کۆمەڵایەتی...و لە ڕێگەی لە کارکردنی ئەرکە راستەقینەکانی خۆیەوە دەبێت بە پەیڤدارێکی نافەرمی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەرە بێدەنگەکەی خەڵك. دیارە کە ئەمە پەیامی ڕاگەیاندن بێ، هەڵبەتە کادیرانی ئەو مەیدانە بە جیاوازی بیروبۆچوونو ئایدۆلۆژیانەوە لە سەریانە بەوپەڕی بوێریو ڕاستگۆییو ئەمانەتدارییەوە ڕاستییەکان بە بەڵگەو ئامارەوە بگەیەننە جەماوەری خەڵکی،تا زەمینەی بۆ خۆشبکەن کە بەشداری کاراو چالاکانە لە هەموو ئەو بڕیارانەدا بکات کە پەیوەندییان بە ئاستە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەوەوە هەیە،و هەڵوێستگیری دروستی دەربارە بکات..

"٢"

ئەگەر تەمەشای ڕۆژنامەوانی کوردی، وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندن بکەین، دەبینین لە کۆنەوەو تا ئەمڕۆکەش شەقڵی سیاسی – ڕۆشنبیری بەسەردا زاڵ بووەو زاڵە.زیاتر ڕۆژنامەوانی بەرگریو بەرخۆدان، بەرەڤانی لە بوونی بەشەرییو کۆمەڵایەتی گەلەکەمان بووە .واتە بە مانا ڕاستەقینەکەی دەسەڵات (دەسەڵاتی چوارەم) نەبووە کە چاودێری دەسەڵاتەکانی دی (یاسا دانانو جێبەجێکردنو دادڤانی) لە ڕێگەی مومارەسە ڕەخنەیەکی ئەرێتی بوێرانەوە بکاتو لەو هەڵەو کەچڕەویانەیان بگێڕێتەوە کە بەدەم کارکرنەوە تووشی دەبن.ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە نەیهێڵاوە وەکو پێویست ببێ بە دەسەڵاتی چوارەم ئەوە بووبێ کە کورد تا ئەم ساڵانەی دواییش نە خۆی دەسەڵاتەکانی دیکەی بە تەواوەتی هەبووەو نە ئەو وڵاتانەی کە بە تۆبزیو بە نەهەق کوردیان پێوە لکێنراوە وڵاتانی دیموکراتی ڕەخنە پەزێر بوون..بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی گەورەی لەوەدا بینیوە کە نەیەڵێ ڕۆڵەکانی کورد بە ئاسانی بچنە سەنگەری دژمنەوە..

"٣"

کەواتە ڕۆژنامەوانی لە هەموو وەزعو حاڵو بارێکدا کە بوێرو ڕاستگۆو هەقبێژو دروست هەڵوێست بێ دەکاتە جۆرە دەسەڵاتێك، با دەسەڵاتێکی ناراستەوخۆو کەم دەسەڵاتیش بێ.جا لەم پێودانگەوە لەسەرێتی زەمینە بۆ زۆرترین ژمارەی جەماوەری گەل خۆش بکات تا بەشداری ئەو بڕیارە چارەنووسسازانە بکات کە پەیوەندی بە ژیانی خۆیو ڕۆڵەکانیەوە هەس..چونکە

تەنیا بەم بەشدارییە هەستیارە پرۆسەی دیموکراتیزەکردن بەردەوام دەبێت، ریشە دادەکوتیٚو گەشە دەکاتو دەبیٚ بە زامنی پەرەسەندنو گەشەکردنی لایەنەکانی دیکەی ژیان..

"٤"

هەڵبەتە پەیوەندییەکی بتەوو ڕاسەوخۆ لە نێوان دیمکراتیەتی راگەیاندنو یموکراتیەتی کۆمەڵگەدا هەیە، کۆسپی گەورە لە سەر ڕێگەی کاروانی دیموکراتیەتی راگەیاندن، چۆنیەتی بونیادی خودی دەزگاکانی راگەیاندە. ئەگەر راگەیاندن لە سەرێرا بۆ خواریٚ ئاراستە بکریٚ ئەوا جۆرە سەنگەلاییەك دەکەوێتە نێوان دوو تاکی تەرازووی هەڤبەندی دیموکراتیەتی راگەیاندنو دیموکراتیەی کۆمەڵگەوە. کار دەگاتە ئەوەی کە کەمینە بە ناهەق خۆی بکات بە پەیڤداری زۆرینەو لە جیاتی زۆرینە بڕیار بداتو قەرار دروست بکات..ئەمە لە حالێکدایە کە چاك دەزانن راگەیاندن لە سەرێتی هاووڵاتیان بکات بە ئەندامی چالاكو چەلەنگو کاراو کاریگەری کۆمەڵو هەر گوێگری چاك نەبن، بەڵکو گەنکەشەکاری ئەقلانی چاکیش بن و لایەنێکی کاریگەری چەلەنگی دیالۆگەکان پێك بهێنن..

"٥"

دیارە دەزگاو کەناڵەکانی راگەیاندن هەرگیز لە سەرووی دەسەڵاتەکانی دیکەوە نین..بەڵکو کەناڵن بۆ گەیاندنی راوبۆچوونی گەلو نوێنەرانی گەل بە دەسەڵاتەکانی دی، هەر ئەمەش وادەخوازیٚ کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو لقو پۆپەکانیانەوە سوور بن لەسەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشداری بڕیارە سیاسیەکان بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بەچارەنووسی وڵاتو نەتەوەوە هەیە، چونکە پاراستنی تەناییو ئاسایشی نەتەوەیی لە هەموو بوارە رامیارییو ئابورییو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانەوە، ئەرکی دامو دەزگای راگەیاندنیشە.بۆ ئەمەش دەبیٚ ڕای لۆژیکیو دروستی گشتی بکا بە چەکی دەستی بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتەکانی دی و پێگەی خۆی لە ناو دەسەڵاتەکانی دیدا بپارێزێتو بە ئەمانەتەوە رەخنە بگریٚو ریٚزی ڕاو ڕای پێچەوانە بگریٚ...تا بۆی دەکرێت لە کۆنترۆڵو سانسۆری دەسەڵاتو حکومەت دوور بیٚو سازش لەسەر ئازادی خۆیو کۆمەڵ نەکات.چونکە ئازادی راگەیاندن خۆی لە خۆیدا پێوەرە بۆ گشت ئازادییەکانی دی..بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بەرژەوەندی تایبەتیو بازرگانی زاڵ بیٚ بەسەر ڕاگەیاندنداو بە قازانجی خۆی ئاراستەی بکات..ئازادیش بە بیٚ مەسئولیەت دەکاتە پاشاگەردانی..

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

• یەکەم بەرهەمی شیعریکە بەناوی ( هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو ) کە لە ژمارە ( ١٧٠ ) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێیاری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم، ١٩٨٨، چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- له خۆ بێگانه بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢- بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دووره وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف، چ١،دەزگای موکریانی
٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك
٢٢-دیدارو دەق و رەخنە، چ٢٠٠٥،١
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك
٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- له مه‌هابادی خوێناوییه‌وه بۆ كه‌نارێن ئاراس، نه‌جه‌ف قولی پسییان، چاپی یه‌كه‌م ٢٠٠٦
٣٠- كورد له سه‌ده‌ی نۆزده‌وبیسته‌مدا،كریس كۆچرا،چاپی چواره‌م ٢٠٠٧
٣١ –كورد له ئینسكلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یه‌كه‌م ١٩٩٨
٣٢- چینی كۆن، چ١(          )ده‌زگای موكریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئه‌شره‌فی ده‌هقانی
٣٤- خه‌باتی چه‌كداری هه‌م تاكتیكه هه‌م ستراتیژ، مه‌سعودی ئه‌حمه‌د زاده

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامه، باول ئایز له‌ر
٣٦- به دوعا شاعیره‌كان، شانۆنامه، جه‌لیل قه‌یسی (گزنگ ژ:١٢)
٣٧- جوله‌كه‌كه‌ی مالتا، شانۆنامه،كریستۆفه‌ر مالرۆ.
٣٨- داد په‌روه‌ران، شانۆنامه، ئه‌لبیر كامۆ
٣٩- به‌د حالی بوون، شانۆنامه، ئه‌لبیر كامۆ.
٤٠- چاو به چاو، شانۆنامه، گه‌وهه‌ر مراد (غولام حسه‌ینی ساعیدی)
٤١- ریچاردی سێیه‌م، شانۆنامه، شه‌كسپیر.چاپی یه‌كه‌م ٢٠٠٩، بلاوه‌خانه‌ی سایه، سلێمانی
٤٢- گه‌مه‌ی پاشا و وه‌زیر، شانۆنامه، عه‌بدوللائه‌لبوسێری..

---

٤٣- منداله دارینه، چیرۆكی درێژ بۆ مندالان.
٤٤- فاشیزم چییه؟ كۆمه‌له چیرۆك بۆ مندالان، یه‌لماز گونای
٤٥- شوانه بچكۆله‌كه، چیرۆكێكی درێژی چینی یه بۆ مندالان
٤٦- زارۆكستان (چوار شانۆنامه بۆ منالان)
٤٧- چه‌ند چیرۆكێك له ئه‌فسانه‌ی یونانی كۆنه‌وه (٢٣ئه‌فسانه)

---

٤٨- له گه نجینه‌ی حیكایه‌تی توركمانییه‌وه. (ئه‌فسانه‌ی ئه‌سپی ئاشق)چاپی یه‌كه‌م٢٠٠٨
٤٩- ئه‌فسانه‌ێن گریكی و رۆمانی، چاپی یه‌كه‌م (٢٠٠٤) كتێبخانه‌ی سۆران، هه‌ولێر
٥٠- ئیلیاده، هۆمیرۆس، چ١،ده‌زگای سه‌رده‌م ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤه‌ند و زنار (فه‌رهه‌نگی فارسی – كوردی) حه‌مه كه‌ریم عارف، چ١( ٢٠٠٦-٢٠٠٨ )ده‌زگای موكریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست
٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان
٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف، چ(١)، ٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨
٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا، سیروس پرهام، چ٢٠٠٤،١، دەزگای سپیرێز
٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦، ١دەزگای موکریانی
٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ، چ٢، ٢٠٠٦
٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١( ٢٠٠٥ )دەزگای موکریانی
٧١- گوزارشتی مۆسیقا، د. فواد زکریا، چ١، یانەی قەڵەم ٢٠٠٦
٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦
٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧، ١
٧٥- دەربارەی رۆمان و چیرۆك، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك
٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩
٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم( )
٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٤
٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
٨٣-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
٨٤-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، **حەمە کەریم عارف**
٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
٨٨-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال **زنگابادی**
٨٩-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
٩٠-بۆ کوێ دەرۆیت؟
٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف
٩٢-باڵندەکەی من   رۆمان، فریبا وفی
* لە را پەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...